رووداو
RÛDAW
ژمارە (542) دووشەممە 2019/2/11 - 22ی ڕێبەندان 2718 (750) دینار

# مەلایەک سکاڵا لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا تۆمار دەکات

**رووداو – هەولێر**

مەلایەک کە دەرچووی کۆلێژی ئیمام ئەعزەمە، بەهۆی پەسەندنەکردنی بڕوانامەکەی سکاڵا لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی تۆمار دەکات و دەڵێت جیاوازی لە نێوان پەسەندکردنی بڕوانامەی قوتابیاندا دەکەن.

مەلا محەممەد سەباح خەیات کە پێشنوێژ و وتارخوێنە، بە (رووداو)ی گوت: "چوار ساڵ لە زانکۆی ئیمام ئەعزەم خوێندم، وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیانگوت زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان دانی پێدانانرێت. زانکۆمان تەواو کرد و بڕوانامەمان وەرگرت، بەڵام ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا بەبیانووی ئەوەی کە زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان دانی پێدانانرێ بڕوانامەکانمان پەسەند ناکات".

مەلا محەممەد سەباح باس لەوەش دەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵا جیاوازی لەنێوان قوتابییەکان دەکات و دەڵێ: "هاوپۆلی من کە لەگەڵ من بڕوانامەی وەرگرتووە، بڕوانامەکەی پەسەند کراوە و مووچەکەشی پێ زیاد کراوە، بەڵام ئەوانەی ئێمە دانی پێدانانرێت و پەسەندی ناکەن. بۆیە سکاڵام لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا تۆمار کرد".

وەزارەتی خوێندنی باڵا کێشەکەی بەستووەتەوە بە تەنیا قوتابییەک و ڕەتیدەکاتەوە وەزیری خوێندنی باڵا دەسەڵاتەکانی بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکارهێنابێ، وەزارەتەکە لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێ: "ئەو زانیارییانە چەواشەکارین و دوورن لە ڕاستی

5 «



## مستەفا سەید قادر.. کەس قەڵەمی سوور بەژێر ناوەکەیدا ناهێنێ

3

**محەممەد ڕەئوف:**

## بەرهەم ساڵح شل بوو بگەڕێتەوە ناو یەکێتی

4

**هیڤیدار ئەحمەد**

## 18ی مانگ پارتی ئامادەیە، ئەی یەکێتی؟



18

### 80%ی تەواو بووە

# ڕێککەوتنە نوێیەکەی پارتی و یەکێتی لە 18 خاڵ پێکدێت

**رووداو – هەولێر**

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕێککەوتننامەکەی نێوان پارتی و یەکێتی لە 18 مادده پێکهاتووە، ئەگەری زیادبوون و کەمبوونەوەی ماددەکانیش هەیە".

بە گوتەی پیرە، ڕێککەوتننامەکە پێناسەی شێوەی پێکەوەکردن و شەراکەتی ڕاستەقینە دەکات لەنێوان یەکێتی و پارتیدا "ئەو شەراکەتە دەبێت ڕەنگبداتەوە لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانی، سیاسەتی دارایی و شەقافیەت، هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت، هەروەها لە گۆڕینی هێزی پێشمەرگە لە هێزێکی حیزبی بۆ هێزێکی نیشتمانی، بە پرۆسەیەک کە پێیدەگوترێت ڕیفۆرمی وەزارەتی پێشمەرگە".

ڕۆژی پێنجی شوباتی 2019، مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ نووسینی ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی سیاسی.

سەعدی پیرە گوتی: "من و مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاسپێردراوین بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە، گەیشتووینەتە سیغەیەک کە تاوەکو ئێستا 80%ی کۆتایی هاتووە، تەنیا لە هەندێک خاڵدا جیاوازییەکی کەممان هەیە".

وا بڕیارە پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان لە 18ی ئەم مانگەدا، جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی باڵا کۆببنەوە،

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداوی) ڕاگەیاند "ئەو ڕەشنووسە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهاتووی مەکتەبی سیاسی هەردوولا واژۆ بکرێت و لەگەڵ ئەو داخوازی و تێبینییانەی گۆڕان دەدیداتە پارتی، دەکرێتە کارنامەی حکومەت".

دوای ئەوەی لیژنەکان ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەیان دایە مەکتەبی سیاسی



هەردوولا، بۆ واژۆکردنی کۆدەبنەوە و دواتر هەرلەو کۆبوونەوەیەدا یەکێتی ناوی بربژێری سەرۆکی پەرلەمان دەداتە پارتی و پاشان کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکرێ.

عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی بە (رووداو)ی هەردوولا هەنگاوی باشیان ناوە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە ئامادەکراوە "بۆ بەغدا و دەرەوە و ناوەوە حکومەت سیاسەتێکی ڕۆشنی دەبێت و یەکهەڵوێستییەکی وا دروستدەکرێ بۆ پرسەکان کە ئیدی ئەوە نەمێنێ هەریەک لە ئاوازێک بخوێنێ و دەستی حکومەت ببەسترێ".

### ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:

# سەرۆکی پەرلەمان بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە

**رووداو– سلێمانی**

هەردوو باڵەکەی یەکێتی نەیانتوانیوە لە نێوان بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەقدا، ئەو ناوە یەکلایی بکەنەوە کە دەبێتە بەربژێری یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت زۆرینەی سەرکردایەتی پشتگیری ڕێواس فایەق دەکەن.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند سێ میکانیزمیان لەبەردەستە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە نێوان بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەقدا "میکانیزمی یەکەم گفتوگۆی سەرکردەکانی یەکێتییە. ئەگەر گفتوگۆ ئەو گرێیەی پێنەکرایەوە، میکانیزمی دووەم ئەوەیە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە".

میکانیزمی سێیەمیش ئەوەیە هەردوو کاندیدەکە بچنە نێو پەرلەمان و پەرلەمانتاران یەکێکیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەسەسەرد دەڵێت :"بیر لەو میکانیزمە ناکەینەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نزیکە لە باڵی کۆسرەت ڕەسوڵەوە، دەڵێ ماڵی مام جەلال کار بۆ ئەوە دەکەن بێگەرد تاڵەبانی ئەو پۆستە وەربگرێ و قوباد تاڵەبانی لە ململانێی باڵەکان دوور دەخەنەوە "چونکە پێیانوایە قوباد تاڵەبانی بە توانا و شارەزایی خۆی ئەو پۆستە وەردەگرێ، بەڵام ئەوان بە وەرگرتنی جێگری سەرۆکی حکومەت پشکی خۆیان وەرگرتووە و تەنیا دوو پۆستی سیادی هەیە، جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتەکان پۆستی سیادی نین. ئەگەر قسە بێتە سەر دەنگدانی فراکسیۆنیش ئەوان 5 کەسیان هەیە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ :"کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح و لاهور تاڵەبانی و ڕەفعەت عەبدوڵڵا پشتیوانی لە ڕێواس فایەق دەکەن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، لەو 50 کەسەی سەرکردایەتیش، 28 کەسیان پشتیوانی ڕێواس فایەق دەکەن، هەر بۆیە ئێستا کارتە بەهێزەکە زۆرتر لای ڕێواسە".

3

# پرۆژەی فلۆریا ستی دەدرێتە وەبەرهێنەرێکی دیکە

**رووداو– هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر ڕاگەیاند پرۆژەی فلۆریا ستی لە وەبەرهێنەرەکەی وەرگیراوەتەوە و دراوەتە وەبەرهێنەرێکی دیکە، وەبەرهێنەرە نوێیەکە بەڵێنی داوە بە هەشت مانگ پرۆژەکە تەواو بکات.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند :"پرۆژەی فلۆریا ستی دوو جار مۆڵەتی وەبەرهێنانی پێدرا، بەڵام وەبەرهێنەرەکە نەیتوانی پرۆژەکە تەواو بکات، بۆیە لە 2018/1/9 بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت، مۆڵەتەکەی هەڵوەشایەوە". سامان عارەب گوتیشی :"پرۆژەکە دراوەتە کۆمپانیای ساوس کوردستان، بڕیارە لە ماوەی 8 مانگدا تەواوی بکات".

بەڵام محەممەد نەورۆزی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای راد کە پرۆژەی فلۆریا ستی وەرگرتبوو دەڵێت: "70%ی ئەو زانیاریانەی لەبارەی پرۆژەکە بە سەرۆکی حکومەت دراون هەڵەن، بەو هۆیەوە 730 کەس کە گرێبەستیان لەگەڵ ئێمە کردووە تووشی کێشە بوون و مافیان دەفەوتێ".

سامان عارەب گوتی: "ئەو 730 کەسە گرێبەستیان لەگەڵ وەبەرهێنەرەکە کردووە، پارەی کاشیان داوە. ئەو کەسانە دەتوانن لە ڕێگەی دادگاوە مافی خۆیان لە وەبەرهێنەر وەربگرنەوە".

5

# نەوتی کێڵگەکانی نەینەوا بە قاچاخ دەفرۆشرێ

**رووداو– هەولێر**

نەوتی پارێزگای نەینەوا بە قاچاخ دەفرۆشرێ، پەنجەی تۆمەتیش بۆ لای بەرپرسانی حکومەت، گروپە چەکدارەکان و لایەنە بەهێزەکانی دیکەی عێراق درێژ دەکرێ.

شێروان دووبەردانی، نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "هێزێکی چەکدار دەستیان بەسەر بەشێک لە کێڵگە نەوتییەکانی گەیارەدا گرتووە، بەتایبەتیش بیرە نەوتەکانی ژمارە 30، 31، 32". پەرلەمانتارە کوردەکە ئاشکرای کرد: "ڕۆژانە نزیکەی 100 تانکەر نەوت بە قاچاخ لەو بیرانە دەبردرێن".

پێشتر ئەندام پەرلەمانی دیکەی نەینەواش باسیان لەو کێشەیە کردبوو، لەوانەش ئەحمەد جبووری کە لە دیمانەیەکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دا گوتی پەرلەمان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی هەموو ئەو هەواڵانەی لەبارەی قاچاخی نەوتی پارێزگای نەینەوا هەن، کە خۆیشی سەرپەرشتی دەکات.

لیژنەی پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونێکی کردووە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو گروپانە کێن کە دەستیان بەسەر بیرە نەوتییەکاندا گرتووە. شێروان دووبەردانی گوتی "تەحسین ئەبو روقییە سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات (کە دەستیان بەسەر بیرەکاندا گرتووە) و سەر بە کەتایبی ئیمام عەلین کە میلیشیایەکی شیعەن. لیژنەکە بەدواداچوونی زیاتری لەگەڵ حەشد کردووە، بەڵام حەشدی شەعبی لەلای خۆیەوە ڕەتیکردووەتەوە ئەو هێزە سەر بە ئەوان بن".

پەرلەمانتارە کوردەکە وردەکاری زیاتر دەدرکێنێ و دەڵێ: "نەوتەکە بە دوو ڕێگا بە قاچاخ دەبردرێ، ڕێگایەکیان لە گەیارەوە بۆ مەخموور و لەوێوە بۆ کەرکووک و سلێمانی و لەوێشەوە بۆ ئێران دەڕوات". ڕێگەکەی دیکەشیان نەوتەکە بەرەو بەسرە دەچێ و لەوێشەوە بۆ دەرەوە دەگوازرێتەوە.

4

ڕاپۆرت 14

### کوردێک سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەمدواییەی داعشی دەکرد



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### قوتابییە لە زانکۆوە دەگەڕێندرێتەوە ئامادەیی

ژنان 12

### ڕۆژێک پاش خۆکوشتنی کچەکەی بە جەڵتەی دڵ دەمرێ



کۆمەڵایەتی 13

### دوو برا دەستدرێژی دەکەنە سەر زڕبراکەیان






## وەزارەتی ناوخۆ: دەستبەسەر چەکی بێ مۆڵەتی قورس و مامناوەندا دەگرین

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت دەرکرد و ڕایگەیاند، جگە لە کلاشینکۆف و دەمانچە هەر چەکێکی قورس و مامناوەند دەستبەسەردا دەگیرێ. بەپێی ئەو نووسراوە کە ڕۆژی 10-2-2019 دەرچووە. ئاماژە بەوەدراوە "دەستبەسەر هەموو جۆرە چەکێکی بێ مۆڵەتی قورس و مامناوەندا دەگیرێ و لەناو سەنتەری پارێزگا، قەزا و شارۆچکانیشدا ئەو چەکانەی ڕادەستدەکرێن یاخود دەستیان بەسەردا دەگیرێت لە بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش کۆدەکرێنەوە دواتر بەپێی یاسا لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێن".

### دوای 5 ساڵ زانراوە لە پێنجی ئامادەیی کەوتووە

# قوتابییەک لە زانکۆوە دەگەڕێندرێتەوە ئامادەیی




**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دوای زیاتر لە 5 ساڵ دەردەکەوێ کچە قوتابییەک لە پۆلی پێنجی ئامادەیی دەرنەچووە و چووەتە زانکۆش. دواتر لە زانکۆوە دەگەڕێندرێتەوە قۆناغی ئامادەیی. پەروەردەی سلێمانی لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانەکە پێکهێناوە.

سۆزیار فاتیح محەممەد، خەڵکی دەربەندیخانە و ئەمساڵ لە کۆلێژی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە، سۆزیار مانگێکیش دەوام دەکات، بەڵام دەیگەڕێننەوە بۆ ئامادەیی. سۆزیار بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی 2012-2013 پۆلی 10ی ئامادەیی بووم، لە وانەی بیرکاری پەڕینەوەم هەبوو، لە پۆلی 11 تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمم دا، بەڵام بۆ تاقیکردنەوەی دووەم ئاگادار نەکرام، پۆلی 11 و 12م تەواو کرد و لە کۆلێژی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرام، هەموو شتێکیش بەئاسایی دەڕۆیشت، بەڵام بڕوانامەکەیان هەڵوەشاندمەوە".

سۆزیار دەشڵێ: "لە مانگی 11ی 2018 بە ڕێکەوتی ساڵی 2017 بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەڵێننامەیەکی بە باوکم واژۆ کردووە کە گوایە کاتی خۆی منیان ئاگادار کردووەتەوە لەوەی هەردوو وەرزەکە تاقیکردنەوە بکەم و ژێربەژێریش کێشەکە چارەسەر دەکەن، ئینجا بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردمەوە بڕوانامەکەم لە کۆلێژ وەربگرمەوە و بگەڕێمەوە دەربەندیخان، هەڕەشەی ئەوەشیان کرد ئەگەر وانەکەم پەیوەندی بە کۆلێژەکەوە دەکەن و کۆتایی بە خوێندنەکەم دێنن".

سۆزیار پێیوایە بووەتە قوربانی هەڵەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەی: "من هەموو کاتێک ئامادەبووم بۆ تاقیکردنەوە و چاوەڕێ بووم، بەڵام دوو پۆلی دیکەشم بەبێ پەڕینەوە بڕی و ئاگاداریان نەکردمەوە، ئێستاش دوای 5 ساڵ کە لە زانکۆ وەرگیراوم و دەوامم کردووە، ئینجا دەمگەڕێننەوە بۆ پۆلی 10".

بەڕێوەبەری قوتابخانەی خاک ڕۆژی 2018/11/15 بە نووسراوێک داوای لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەربەندیخان کردووە، بڕوانامەی سۆزیار هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەوانیش لە 2018/11/18 داوا لە زانکۆی سەلاحەدین دەکەن بڕوانامەی قوتابییەکە بگەڕێننەوە، بۆیە زانکۆی سەلاحەدین سێ ڕۆژ دواتر بڕیاری هەڵوەشانەوەی فەرمانی وەرگرتنی سۆزیار لە زانکۆکەیان دەردەکات.

ئەو قوتابییە نزیکەی سێ مانگە گەڕاوەتەوە ماڵەوە و دەڵێت: "بەهۆی هەڵەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەم خوێندنی ئەمساڵی زانکۆم لەدەستچوو، داوای پێکهێنانی لیژنەم کرد، ئەگەر لیژنەکە کێشەکەم بۆ چارەسەر نەکات، لە دادگای کارگێڕیی هەولێر سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەم".

مامۆستا عەدنان عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئامادەیی خاک لە دەربەندیخان، سەبارەت بە کێشەی ئەو قوتابییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سۆزیار فێڵی لە ئێمە و کەسوکارەکەشی کردووە، بەڵام نەمانهێشت بەسەریاندا تێپەڕێ، ئەو زانیویەتی وانەی پەڕینەوەی هەیە و تاقیکردنەوەی نەکردووە، بەڵام قسەی نەکردووە".

ئەی چۆن ئەوان بڕوانامەکەیان داوەتە قوتابییەکە؟ مامۆستا عەدنان گوتی: "یاریدەدەرەکەم لەبیری چووە کە پەڕینەوەی هەیە و بڕوانامەکەی داوەتەوە، دوای هەفتەیەک هات و گوتی بڕوانامەی قوتابییەکم داوەتەوە کە وانەی پەڕینەوەی هەبووە، بۆیە دەستبەجێ سەرووی خۆمان ئاگادارکردەوە".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەشڵێ: "هەر ئەوکاتە کەسوکاری قوتابییەکەمان ئاگادار کردەوە کە بەهۆی کەمتەرخەمی خۆیەوە تاقیکردنەوەکەی نەکردووە، بەڵام ئەوان بڕوانامەکەیان نەهێنایەوە، بۆیە خۆم چوومە هەولێر و بڕوانامەکەم لە زانکۆ هێنایەوە، تەنانەت مافی ئەوەشم پێدا ساڵێکی دیکە لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێ".

بۆچی پێشتر تاقیکردنەوەیان بە سۆزیار نەکردووە، مامۆستا عەدنان گوتی: "ئەم تۆمارە کە وانەی پەڕینەوەی هەبووە هی سەردەمی من نییە، بەڵکو هی دوو ساڵ و دوو بەڕێوەبەری پێش من بووە، بۆیە ئاگادار نەبووم، من دەمتوانی ویژدان و ئەخلاقی پیشەیی خۆم وەلابنێم و نمرەی بۆ دابنێم بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ، بەڵام ئەمەم نەکرد، نمرە و تۆمار و بڕوانامە موڵکی گشتییە و دەرچوواندنی قوتابییەکی کەوتوو بە هەدەردانی موڵکی گشتییە، من لەسەر موڵکی گشتی هاتوومە دەنگ و سەرووی خۆم لێ ئاگادار کردەوە".

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی لیژنەیەکی لەسەر ئەم کەیسە پێکهێناوە، بەرپرسێکی پەروەردەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "لیژنەکە لەسەر بەڕێوەبەر و کارگێڕی قوتابخانە پێکهاتووە، چونکە ئەو داتابەیسەی تۆماری بڕوانامە کە هەیە هەمووی کۆدی خۆی هەیە و تەنیا لەلای بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەیە، بۆیە دەبێت هۆکاری ئەم هەڵەیە بزانرێت و ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە هۆکاری دروستبوونی کێشەی خوێندکارەکەن".

مامۆستا شاهۆ ئەحمەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەربەندیخان لەبارەی لیژنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لیژنەکە لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانە و کارگێڕی قوتابخانەکە پێکهێنراوە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە، دواتر ڕاپۆرتی خۆیان بۆ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی بەرز دەکەنەوە و ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێ کە کەمتەرخەم بوون".

لیژنەکە دەستبەکار بووە و هەمووان چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی لیژنەکەن، مامۆستا عەدنان عەلی گوتی: "لیژنەکە لەسەر ئێمە پێکهاتووە، هەموو بەڵگەکانمان داوە بە لیژنەکە، ئەوانیش داویانە بە داواکاری گشتی، ڕۆژی یەکشەممە 2019/2/10 داواکاری گشتی من و یاریدەدەرەکەمی بانگ کرد و هەموو ڕوونکردنەوەیەکمان داوە پێیان، چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی ئەوانین".

### فیلیان لێدەکەن

# وەرگێڕەکانی تاران نەخۆشی کورد دەڕووتێننەوە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

هونەر عەبدوڵڵا لەگەڵ براکەی بۆ نەشتەرگەری چاوەکانی لە کەرکووکەوە دەچێتە تاران، بەڵام لەوێ فێڵیان لێدەکرێ. ئەوان دەڵێن ئەوانەی کاری وەرگێڕان بۆ نەخۆشە کوردەکان دەکەن، لەگەڵ پزیشک و نەخۆشخانە و خاوەن هۆتێلەکان ڕێکدەکەون و پارەی زیادیان لە زۆر کەسی وەکو هونەر وەرگرتووە.

هەردی عەبدوڵڵا، کە برای هونەرە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2019/2/3 چووین بۆ تاران. لەوێ وەرگێڕێکی کورد کە خەڵکی بۆکان بوو، ئێمەی برد بۆ ماڵەکەی خۆی. ئەو گوتی من پزیشکێکی باش دەناسم، جانتاکانتان دەبەینە ماڵی خۆمان و دەچینە لای پزیشکەکە، بەڵام شەو دەرمانی دابنێ تا خەومان لێ بکەوێ".

هەردی دەڵێت: "ئێمە سێ کەس بووین، سەعات 10ی شەو چایان هێنا، دوای کاژێرێک هەرسێکمان خەومان لێکەوت، من شەوانە سێ چوار جار بەخەبەر دەهاتم، بەڵام ئەو شەوە تاوەکو کاژێر شەشی بەیانی بەخەبەر نەهاتم، دوای نەشتەرگەری براکەم ئینجا زانیم دەرمانخوارد کراوین و پارەیان لێدزیوین و فێڵیشیان لێکردووین".

> **ئەو جۆرە کەیسانە زۆرن، با بێن لەلای ئێمە سکاڵا تۆمار بکەن**
> نازم دەباغ

هەردی دڵنیایە کە وەرگێڕەکە پارەکەی دزیوە و گوتی: "چونکە بێجگە لەو ماڵە نەچووین بۆ هیچ شوێنێکی دیکە، من 3200 دۆلار و 800 هەزار دینارم پێبوو، لەگەڵ دوو ملیۆن و 500 هەزار تمەن، گیرفانێکی بچووکم لە دیوی ناوەوەی پانتۆڵەکەم دروستکردبوو، هەموو پارەکەم لەوێ شاردبوووەوە. کە جانتاکانمان بردە ماڵەوە و چووینە لای پزیشکەکە، دیاربوو لە جانتاکان گەڕابوون و پارەکەیان نەدۆزیبووەوە، بۆیە ئێمەیان بردە ماڵەوە و دەرمانخواردیان کردین، زۆر بە زیرەکیش پارەکەی دزیبوو، 300 دۆلار و 100 هەزار دینار و 500 هەزار تمەنی بردبوو، بۆ ئەوەی هەستی پێنەکەین".

هەردی پێیوایە وەرگێڕەکە لەگەڵ پزیشکەکەش ڕێککەوتووە و لە پارەی نەشتەرگەرییەکەش پشکی هەبووە، هەردی دەڵێ: "فێڵ و دزیەکە ئەوەندە بە زیرەکانە دەکرێ، دوای چەند ڕۆژێک بەخۆت دەزانی کە تێکەوتووی، پزیشکەکە کورد نەبوو، نەشتەرگەرییەکەی بە 2300 دۆلار بۆ کردین، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت 500 دۆلاریشی لە پزیشکەکە وەرگرتووە".

بەگوتەی هەردی، وەرگێڕەکە هەڕەشەی لێکردوون، ئەو دەڵێ: "بڕیار بوو ڕۆژی دواتر نەشتەرگەری بۆ چاوەکەی دیکەی براکەم بکرێ و بە فرۆکە بگەڕێینەوە هەولێر، بلیتی فرۆکەشمان بڕیبوو، بەڵام کە زانیمان فێڵمان لێکراوە بە وەرگێڕەکەم گوت فێڵتان لێکردووین، بۆیە ئەو دەستی بە هەڕەشەکردن کرد و گوتی هەرچییەک بکەن گەشتەکەتان تێکدەدەم، بە پزیشکەکە دەڵێم نەشتەرگەری چاوەکەی دیکەی بۆ نەکات و کێشەشتان بۆ دروست دەکەم، بۆیە نەماندەوێرا هیچ بکەین".

دوای نەشتەرگەرییەکە هەردی و براکەی دەگەڕێنەوە کەرکووک و دەیانەوێت سکاڵای لەسەر تۆماربکەن. بەڵام ناتوانن، هەردی، کە خۆشی پارێزەرە دەڵێ: "دواتر زانیمان وەرگێڕەکە لە ماوەیەکی کەمدا چەند جارێک ماڵی گواستووەتەوە، چونکە فێڵی لە زۆر کەسی دیکەش کردووە، چوومە دادگای سلێمانی، بەڵام گوتیان ناتوانین سکاڵاکەتان وەربگرین، چونکە ڕووداوەکە لە ئێران بووە، دەبێ لە دادگا یان پۆلیسی تاران سکاڵای لەسەر تۆماربکەن".

بەپێی قسەی هەردی سەدان کەسی دیکەش هەن کە وەرگێڕە کوردەکان ڕووتاندوویاننەوە و بە فێڵ پارەیان لێ خواردوون، ئەو دەڵێ: "هەر لەو نەخۆشخانەیە دوو خێزانی دیکەی کوردی باشووری کوردستانی لێبوو کە وەرگێڕ فێڵی لێکردبوون و پارەی خواردبوون. ئەوان لەگەڵ خاوەن هۆتێل، شوفێری تەکسی، پزیشک و نەخۆشخانەکانیش ڕێککەوتوون، دەست بۆ هەر شتێک دەبەی لەگەڵیان شەریکە، پارە لە خەڵک دەدزن بەبێ ئەوەی هەستیشی پێبکەن، ئەو دزی و ڕووتکردنەوەی خەڵکەی وەرگێڕەکان دەیکەن لە حاڵەت دەرچووە و بووە بە دیاردە".



نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران قسەکانی هەردی پشتڕاست دەکاتەوە. نازم عومەر دەباغ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەدڵنیاییەوە خەڵکانێک بەناوی وەرگێڕ کاریان بووەتە ڕووتاندنەوە و فێڵکردن لەو کەسانەی بۆ چارەسەر و گەشتیاریش دێنە ئێران".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەشڵێ "ئێمە هەمیشە دەرگامان کراوەیە بۆ ئەوانەی نەخۆشیان هەیە و بۆ چارەسەر دێنە ئێران، سەردانمان بکەن، بە هەموو شێوەیەک ئاسانکاری و هاوکارییان دەکەین، کەس و وەرگێڕی خۆمان هەیە، لەگەڵیان دەنێرین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کێشانە نەبنەوە و فێڵیان لێنەکرێ".

سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە. نازم دەباغ گوتی "ئەو کەسانەی کە دێنە لای ئێمە، ئەگەر بەڵگەی تەواویان لەسەر فێڵکردنەکە هەبێ، ئێمە لەڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کاریان بۆ دەکەین، بەڵام ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوانە هەیە کە خۆیان وەرگێڕ دەدۆزنەوە، دواتر وەرگێڕەکە فێڵیان لێدەکات، بۆیە ئەگەر تووشی کێشە بوون، پێویستە بێن لەلای ئێمە سکاڵا بکەن، ئەگەرنا هیچمان پێناکرێ".

### عەقید لەمیعە محەممەد:

# بە میزاجی شەخسی تەرحیل کرام بۆ هەولێر

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پێشووی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان دەڵێت "بەهۆی میزاجی شەخسیی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان" بۆ هەولێر تەرحیل کراوە، بۆ ئەمەش چەند تۆمەتێکیان خستووەتە پاڵی، بەڵام بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان هۆکاری گواستنەوەکەی بۆ نەگونجان و چەند کێشەیەکی دیکە دەگەڕێنێتەوە.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری پێشووی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان، هەوڵی زۆری دا بۆ مانەوەی لە پۆستەکەی، بەڵام بڕیاری گواستنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم لە هەولێر دەرچوو، ئەو نیگەرانە لە بڕیارەکە و بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆین، زۆر ئاساییە ئەگەر بەپێی پێداویستی ئیداری و داواکاری بەڕێوەبەرایەتییەک بگوازرێینەوە، بەڵام گواستنەوەی من بەهیچ شێوەیەک کارێکی ئیداری نەبوو، بەڵکو بەهۆی میزاجی شەخسی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بەهەمان مامەڵەی ڕژێمی بەعس ڕاگوێزراوم نەک گواسترابمەوە. تەنانەت ڕێگەیان نەدا لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانیش بمێنمەوە".




لەبارەی هۆکاری گواستنەوەکەشی، لەمیعە محەممەد دەڵێ: "من لەگەڵ چەند کەسێک لە مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی مامەڵەم دەکرد کە بەدڵی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان نەبوون، ئەو پێشیوابوو من خانەقینچێتی دەکەم، بۆیە گوتبووی نامەوێت لە گەرمیان بیبینم، زۆر هەوڵمدا لە گەرمیان بمێنمەوە و لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان دەوام بکەم، بەڵام لەڕێگەی هەندێک کەسی دەستڕۆیشتوو لە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریان دا بگوازرێمەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم لە هەولێر".

لەمیعە محەممەد ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکاتەوە کە بەهۆی گەندەڵی و دیارنەمانی پارە بڕیاری گواستنەوەیان دابێت، ئەو دەڵێ: "پێشتر ملیۆنێک و 250 هەزار دینار لەلایەن ڕێکخراوێکەوە بۆ کڕینی بەنزین و هاتوچۆمان دابین کرا، بەڵام لەوکاتەدا نەتوانرا بۆ ئەو مەبەستە خەرج بکرێت، بۆیە بە ئاگاداری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، پارەکەمان بۆ پێداویستی بەڕێوەبەرایەتییەکە خەرج کرد، بەڵام ئەم بابەتەیان بەمەبەست گەورە کرد و لە دەستەی دەستپاکی گەرمیان لیژنەیان لەسەر پێکهێنام، دواتر بەهۆی نەبوونی ڕەگەزی سزایی لە دۆسیەکە، بڕیاری داخستنی هەمیشەیی درا، بۆیە لەمەودوا هەر کەسێک بەوە تۆمەتبارم بکات سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەم".

دوای هاتنیشی بۆ هەولێر ئەو دەنگۆیە بڵاوکرایەوە کە لەمیعە محەممەد چووەتە نێو پارتی، بەڵام ئەوەش ڕەتدەکاتەوە "پێنج ساڵ بەڕێوەبەر بووم، چەند ساڵێکیش پێشمەرگەی یەکێتی بووم، من یەکێتیم و تامردن خۆم بە قەرزاری مام جەلال دەزانم، قەتیش نابم بە پارتی".

لەمیعە محەممەد باس لەوەش دەکات کە لەلایەن یەکێتی بەڵێنی پۆستیان پێداوە، بەڵام دەیەوێ بگەڕێتەوە گەرمیان: "یەکێتی بەڵێنی چەند پۆستێکی پێدام، بەڵام ڕەتمکردەوە، تەنیا داواکارم بمگەڕێننەوە بۆ گەرمیان، لە چەند ڕۆژی داهاتووش پلەکەم بۆ عەمید بەرزدەکرێتەوە، بەمەش دەبمە یەکەم ژنی کورد ئەو پلەیە وەربگرم".

ئاری ڕەفیق، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لەبارەی گواستنەوەی ئەو بەڕێوەبەرە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئاگاداری وردەکاری گواستنەوەی ئەو بەڕێوەبەرە نیم، بەڵام ئەمە ڕاستییە کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی حیزب بڕیار لەسەر دانان یان لابردنی کەسەکان دەدات".

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان هۆکاری گواستنەوەی لەمیعە محەممەد بۆ نەگونجان و هەندێ کێشە دەگێڕێتەوە، سەڵاح کوێخا بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم ئافرەتە پێشتر کێشەی زۆر بوو، لەگەڵ کارمەندەکانی نەدەگونجا و مافی هاووڵاتیشی خواردووە، بۆیە دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی کە خۆی چاک بکات، لەسەر داواکاری دوو هاووڵاتی کە ئەم ئافرەتە پارەی خواردوون، کەیسەکەیمان دایە دەستەی دەستپاکی و خۆشی دانی بەوەدا نا کە پارەکەی وەرگرتووە، بۆیە ئێمە کە دەسەڵاتی پارێزگارمان هەیە لە گەرمیان، پێمانوابوو ئەو ژنە شیاوی پۆستەکە نییە و داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کرد بیگوازنەوە، بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ گواستراوەتەوە نەک ئێمە".

گوتیشی "ئەو کەسەی لە شوێنەکەی دانراوە کەسێکی شیاوە، بۆیە ئێمە پێشنیازمان کرد بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بە بڕیاری ئەوان دانراوە، هەرچەندە بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان پێیان باش بوو ژنێک دابنرێت، بەڵام ژنێکی وا نەبوو ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت".

## ڕوونکردنەوەیەک لە کۆمپانیای سەربەخۆوە

من (عەباس فازڵ عەبدولڕەحمان)، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای (سەربەخۆ)، دەمەوێت بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم کەوا بەگوێرەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کە لەنێوان من و ڕۆژنامەی (ڕووداو) کرا. دیارە بەهۆی لەیەکتر تێنەگەیشتنی نێوان من و پەیامنێرەکە. کە گوایە من ناوی پارێزەرانم هێناوە و باسم لەوە کردووە ئەو توێژە ساختەکاری دەکەن لە کارەکانیان بەشێوەیەکی نایاسایی، بەڵام بەپێچەوانەوە دیارە بەڕێزیشتان دەزانن و ئاگادارن، من خودی خۆم گشت مامەڵە و ئیشوکارەکانم وەکو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە لەڕێگای پارێزەرە بەڕێز و خۆشەویستەکان دەکەم. کە ماندوونەناسانە کارەکانیان ڕایی دەکەن، ئەوان هەڵگری یاسا و ڕێسان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و گشت جیهان. بۆیە لێرەدا بەپێویستم زانی ڕوونکردنەوەیەک بدەم و داوای لێبوردن لە پارێزەرە بەڕێزەکان بکەم و پێیانڕابگەیەنم کارە پیرۆزەکەیان هەردەم لەبەرچاوی منن و خودی خۆم دیارە سەرکەوتنی گشت ئیشوکارەکانم بە هەوڵ و ماندووبوونی پارێزەرانی بەڕێز دەزانم.

عەباس فازڵ عەبدولڕەحمان
بەڕێوەبەری کۆمپانیای سەربەخۆ

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 542 ) - دووشەممە 2019/2/11



## رزگار عەلی بەربژێری یەکێتییە بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک

**رووداو- کەرکووک**

رزگار عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەربژێری حیزبەکەیەتی بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک و، لە کۆبوونەوەیەی ئەم هەفتەیەدا یەکێتی ناوەکەی بە پارتیی دیموکراتی کوردستان دەدات. ڕێبوار تەها، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "پارێزگاری کەرکووک پشتیوانی یەکێتی دەوێ بۆ ئەوەی پارێزگارێکی باش و سەرکەوتوو بێت. ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی تورکمان و عەرەب لە پەرلەمانیش قسەمان کردووە، ئەوانیش پێیانوایە ئایندەی کەرکووک لەلایەن هەموومان و پێکەوە بە ئیدارەیەکی هاوبەش بەڕێوەببرێت".

## کامیان دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان؟

# ڕێواس پشتی بە سەرکردایەتی یەکێتی قایمە و بێگەردیش بە پاشناوەکەی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

هێشتا هەردوو باڵەکەی یەکێتی نەیانتوانیوە لە نێوان بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەقدا، ئەو ناوە یەکلایی بکەنەوە کە دەبێتە بەربژێری یەکێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "ئەگەر بە گفتوگۆ نەگەیشتینە ئەنجام، ناچارین لە ڕێگای دەنگدانی سەرکردایەتییەوە یەکێکیان هەڵبژێرین". بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێت: "لەو حاڵەتەدا دەبێ پۆستەکەی قوباد تاڵەبانیش بخرێتە دەنگدانەوە، ناکرێ دوو تاڵەبانی هەردوو پۆستەکە وەربگرن".

لە دوای ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی 18ی ئەم مانگە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێ و پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بدرێتە یەکێتی، هەردوو باڵەکەی یەکێتی (ماڵی تاڵەبانی و باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ) لە گفتوگۆی چڕوپڕدان بۆ ئەوەی یەکێک لەو دوو ژنە بکەنە سەرۆکی پەرلەمان. بەڵام سێ میکانیزم هەن بۆ ئەوەی بێگەرد تاڵەبانی یان ڕێواس فایەق ئەو پۆستە وەربگرێ.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، باس لە میکانیزمی یەکەم دەکات کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، ئەویش گفتوگۆی سەرکردەکانی یەکێتییە. وەک ئەسەسەرد باسی دەکات، دەبێ لەو چەند ڕۆژە کەمەی لەپێشیانە، بە گفتوگۆ ڕێکبکەون لەسەر یەکێک لە ناوەکان: "ئەگەر لە حاڵێکدا گفتوگۆ ئەو گرێیەی پێنەکرایەوە، لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، بۆ رابردوویەکی نزیک دەگەڕێتەوە کاتێک حیزبەکەی کەوتە بەردەم هەمان ململانێ و ڕکابەری لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، ئەوکاتیش دانوستاندنە نێوخۆییەکانیان بە ئەنجامێکی نەگەیاندن و ناچاربوون فایلەکە ببەنە نێو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی "بە دەنگدان ئەوە چارەسەر کرا و کەسیش گلەیی نەبوو". میکانیزمی سێیەمیش ئەوەیە کە هەردوو کاندیدەکە بچنە نێو پەرلەمان و پەرلەمانتاران یەکێکیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەسەسەرد دەڵێت: "بیر لەوە ناکەینەوە هەردوو ناوەکە بدەینە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکان بڕیاری لەسەر بدەن".


بێگەرد تاڵەبانی


ڕێواس فایەق

کاندیدکردنی بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەق، بۆ ئەوەی یەکێتی یەکێکیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان دیاری بکات، ئاماژەیەکی روونی بەردەوامیی دەستشکاندنەوە و گرەوی باڵەکانە لەسەر ئەوەی کێ زۆرترین بەربژێری لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و پەرلەماندا هەبێت. هەربۆیە لە سەرەتای پرۆسەکەشەوە کاتێک دەرکەوت ماڵی تاڵەبانی ژنێک بەربژێر دەکەن بۆ ئەو پۆستە، باڵی کۆسرەت ڕەسوڵیش ژنێکیان هێناوەتە بەرامبەری، ئەگەر لەو بەهێزتر نەبێت، لاوازتر نییە. هەردوولاش دڵنیان لەوەی سەرۆکی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ژنێکە.

فەرید ئەسەسەرد، پێیوایە مادام توانیویانە لەڕێگەی دەنگدانەوە مەسەلەی سەرۆک کۆمار یەکلایی بکەنەوە، دەتوانن لەهەمان ڕێگاوە ئەو پرسەش چارەسەر بکەن "ئەگەر بە گفتوگۆ یەکلا نەبووەوە، کەواتە دەبێت بە دەنگدانی سەرکردایەتی بێت. شتێک لای ئێمە بەناوی هاوکێشە نەماوە و هاوکێشە نییە، مەرج نییە بگوترێ مادام خولی پێشوو وابووە دەبێت ئەمجارەش وابێت. یان بە گفتوگۆ یان هەڵبژاردن".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نزیکە لە باڵی کۆسرەت ڕەسوڵەوە، دەڵێ ماڵی مام جەلال کار بۆ ئەوە دەکەن بێگەرد تاڵەبانی ئەو پۆستە وەربگرێ و قوباد تاڵەبانی لە ململانێی باڵەکان دوور دەخەنەوە "چونکە پێیانوایە قوباد تاڵەبانی بە توانا و شارەزایی خۆی ئەو پۆستە وەردەگرێ، بەڵام ئەوان بە وەرگرتنی جێگری سەرۆکی حکومەت پشکی خۆیان وەرگرتووە و تەنیا دوو پۆستی سیادی هەیە، جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتەکان پۆستی سیادی نین. ئەگەر قسە بێتە سەر دەنگدانی فراکسیۆنیش ئەوان 5 کەسیان هەیە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ "کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح و لاهور تاڵەبانی و ڕەفعەت عەبدوڵڵا پشتیوانی لە ڕێواس فایەق دەکەن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، لەو 50 کەسەی سەرکردایەتیش، 28 کەسیان پشتیوانی ڕێواس فایەق دەکەن، هەر بۆیە ئێستا کارتە بەهێزەکە زۆرتر لای ڕێواسە".

بەڵام هێشتا ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کە ماڵی تاڵەبانی هەروا بەئاسانی دەستبەرداری پۆستە سیادییەکانی ناو حیزب و پشکەکەی بن لە دەسەڵاتەکانی دیکە. بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) دەستیکەوتوون، کۆسرەت ڕەسوڵ سوورە لەسەر ئەوەی ئەمجارە یەکێک لە پۆستە باڵاکانی هەرێمی کوردستان بە دەست بەربژێرێکی خۆیەوە بێت. هەرچەندە ماڵی تاڵەبانی، پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەسەر ئەو حیساب دەکەن.

بەپێی قسەی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی لە پیرمام چاوی بە مەسعود بارزانی کەوتووە و باسی ڕێککەوتننامە نوێیەکەی پارتی و یەکێتییان کردووە: "کاک کۆسرەت داوای لە بارزانی کردووە پشتگیریی ڕێواس فایەق بکەن، بەڵام بارزانی پێیگوتووە ئەوان وەک پارتی پشتیوانی هیچ لایەکیان ناکەن و تەنیا پشتیوانی ئەو کەسە دەکەن کە یەکێتی یەکلایی دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان".

(رووداو) پەیوەندی بە چەند پەرلەمانتارێکی پارتییەوە کرد لەبارەی ئەوەی ئەگەر یەکێتی ئەو کێشەیە بخاتە کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە، ئەوان چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. وەڵامێکی هاوبەش لە نێوان پەرلەمانتارانی پارتیدا هەیە لەوبارەیەوە: "نامانەوێ یەکێتی ئێمە ئیحراج بکات و باشترە خۆی یەکێکیان یەکلا بکاتەوە".

(رووداو) لە ڕێگای چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتییەوە زانیویەتی، کۆسرەت ڕەسوڵ لە پێناوی ئەوەی بتوانێ بەهێزتر پێداگیریی لەسەر ڕێواس فایەق بکات، دەربازی کوڕی لە ڕکابەرێتی وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت کشاندووەتەوە "دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ پۆستی وەزارەت وەرناگرێت و ئەو ناخرێتە نێو هاوکێشەکانی بەربژێری پۆستە سیادییەکانەوە". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی وایگوت.

لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلولی ڕابردوو، یەکێتی بە بردنەوەی 21 کورسی پەرلەمانی کوردستان، بووە هێزی دووەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. بەوەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بووەتە بەرکەوتەی ئەو حیزبە.

هەریەک لە بێگەرد تاڵەبانی و ڕێواس فایەق، بە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆیانەوە چوونەتە نێو ڕکابەرێتییەوە و تاوەکو یارییەکە دەکەوێتە کاتی زیادکراو کە ئەویش کۆبوونەوەی یەکلاکەرەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتییە، لە لۆبیکردنی خۆیان بەردەوام دەبن. بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی کە لە باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی نزیکە، پێیوایە بێگەرد تاڵەبانی، زۆرتر پابەندی بڕیارەکانی حیزبە و ئەوەش وایکرد لە چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕۆڵی زۆرتر بگێڕێ: "لە بەشێک لە شاندەکانی دانوستاندنی یەکێتی لەگەڵ حیزبەکان ئەو ئەندام بووە و تەنانەت گۆڕانیش لە زۆر پرسدا ڕایان ئەرێنی بووە لەسەری. لەو دواییانەشدا ڕۆڵی چالاکی هەبوو لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، بۆیە چانسەکە زۆرتر ڕووی لەوە و دوور نییە ببێتە یەکەمین ژن کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ".

**فەرید ئەسەسەرد:**

> ئەگەر بە گفتوگۆ نەگەیشتە ئەنجام بە دەنگدان کاندیدی سەرۆکی پەرلەمان یەکلایی دەکەینەوە

**پارتی:**

> نامانەوێ یەکێتی ئیحراجمان بکات و باشترە خۆیان یەکێک هەڵبژێرن

# مستەفا سەید قادر.. کەس قەڵەمی سوور بەژێر ناوەکەیدا ناهێنێ

## نەوشیروان مستەفا لە زیندانی ئەبووغرێب نەیدۆزییەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

شوفێری تاکسییەکە کە گەیاندمییە شوێنی کارەکەم، سەرسەختانە یەکێتی خۆشدەوێ. خۆی گوتەنی پێشمەرگەی شاخ بووە. ئەوەی زۆر پەستی کردووە، جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا بووە لە یەکێتی. شوفێرەکە حەزی لەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان بەشداریی حکومەت بکات و پۆستی باشیشیان پێبدرێ "چونکە خەڵکانی پاک و باشیان تێدایە". گریمانەیەک دەخەمە بەردەمی کە گۆڕان بە وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم رازی دەبێت. ئەو بێ سێ و دوو دەڵێ: "کاک مستەفای سەید قادر، ئەو پۆستە وەردەگرێ. حەقی خۆشیەتی".

ئەگەرچی بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان رەتیدەکەنەوە هێشتا هیچ ناوێک لای ئەوانەوە یەکلابووبێتەوە بۆ ئەوەی بیدەنە پارتی، بەڵام هەرکاتێک باسی مەیلی چوونە نێو حکومەت بکرێت لەلایەن گۆڕانەوە، ناوی مستەفای سەید قادر دێتە پێشەوە. ئەندامێکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "لەو کابینەیە کاتێک گۆڕان داوای جێگری سەرۆکی حکومەتی دەکرد، دەیویست کاک مستەفا بکاتە جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڵام یەکێتی ئەو پۆستەی برد و کاک نەوشیروان داوای کرد کاک مستەفا ببێتە وەزیری پێشمەرگە". گوتیشی "ڕاستە ئێستا چەند کەسێک دەیانەوێ بەربژێری گۆڕان بن بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، بەڵام ناوی کاک مستەفا زۆر دەهێنرێ".

بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی تاوەکو ئێستا بەڕێوەچوون، بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕان بەستراوە بە پۆستەکانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سێ وەزارەتەوە. هەریەکە لە مستەفا سەید قادر، جەلال جەوهەر، شۆڕش حاجی، ئەو ناوانەن کە لەنێو بزووتنەوەکەدا هێشتا یەکێکیان ساخ نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی ئەو بزووتنەوەیە دەڵێ: "هەر کاتێک لەسەر هێڵە گشتییەکان لەگەڵ پارتی ڕێککەوتین، قورس نییە لیستی بەربژێرەکانمان ببەینە کۆبوونەوەی گۆڕان و پارتی".



بەڵام ئەم بەدواداچوونە زۆرتر بەدوای پرسیارێکدا دەگەڕێ: مستەفای سەید قادر کێیە کە تەنانەت نەوشیروان مستەفاش بەهۆی عومەر مەحموود ئیسماعیلەوە، نەیتوانی لە زیندانی ئەبوو غرێب بیدۆزێتەوە؟

### درەنگ گەیشت و زوو دەرکەوت

مستەفا سەید قادر مستەفا، ساڵی 1958 لە قەڵادزێ لەدایکبووە. پەیمانگای کشتوکاڵی لە ئەبووغرێب تەواو کردووە. لەو شارۆچکەیەی نزیک بەغدا کە دوای نزیکەی 10 ساڵ جارێکی دیکە بۆی گەڕایەوە، بەڵام بە دەستبەستراوی. لە تەمەنی 14 ساڵیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە، 8 ساڵ دواتر بووەتە پێشمەرگە.

بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی، مستەفای سەید قادر درەنگ چووە شاخ، بەڵام زوو دەرکەوت.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، هاوڕێی شاخ و شاری ئەوە. لەبارەی ڕۆژانی سەرەتای پێشمەرگایەتی مستەفاوە دەڵێ: "کاتێک ئەو هاتە دەرەوە من لە ناوچەی مەرگە بووم. من لێپرسراوی هێزەکانی ئەو ناوچەیە بووم. بۆ ماوەیەک لە مەڵبەندی ڕاپەڕین بووە جێگری من و دواتر بووە بەرپرسی مەڵبەند، بەماندووبوونی خۆی پێگەیشتووە و یەکێک بوو لە کادیرە باشەکان".

ساڵی 1995 بووە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و شەش ساڵ دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. بەپێی گێڕانەوەی بەرپرسانی یەکێتی و گۆڕان، خاڵی هاوبەشی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بووە و چەکی بەهێزی دەستی ئەو، لەسەرخۆییەکەیەتی. بۆیە هەر کاتێک ناوی ئەو دەهات بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتییەکی نوێ، مقۆمقۆی نێوخۆیی بەدوای خۆیدا نەدەهێنا.

### عومەری ئەبووغرێب و مستەفای شاخ

سەرەتای ساڵی 1990 نەوشیروان مستەفا دەیەوێت بۆ هەندێک کاری ڕێکخستن دابەزێتە نێو شارەوە، بەڵام دواتر پێشنیازەکە دەگۆڕێ بۆ ناردنی مستەفای سەیدقادر. بەپێی گێڕانەوەی کارزان ئیسماعیل، کە دەڵێ هاوڕێی ڕێکخستنی نهێنی و پێشمەرگایەتی و زیندانی مستەفا سەید قادر بووم، کاتێک ئەوان دەگەڕێنەوە، ناسنامەیەکی ساختەیان پێبووە و لەو ناسنامەیەدا ئەو ناوی عومەر مەحموود ئیسماعیل بووە.

مستەفا سەید قادر، دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی ئەبوو غرێب دەکرێت "ئەو زۆر ئەشکەنجە درا، بەڵام ناوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا نەکرد و بەرگەی گرت، ئیدی گفتوگۆی نێوان یەکێتی بە سەرۆکایەتی کاک نەوشیروان و ڕژێمی بەعس دەستپێکرد، کاک نەوشیروان یەکێک لە مەرجەکانی ئەوە بوو مستەفا سەید قادر ئازاد بکرێت، سەددام حوسێن بە داواکە ڕازی بوو، بەڵام کاتێک هاتنە پرسگەکە و بە بڵندگۆیەک گوتیان مستەفا سەید قادر بێتە دەرەوە، ئەو نەڕۆشت، پێمانگوت بڕوات بەڵام ئەو پێیوابوو ئەوە بۆ ئاشکراکردنیەتی و نەچوو، لەکاتێکدا کاک نەوشیروان داوای دەکرد".

> کاک مستەفا لە دوای جیابوونەوەشی پەیوەندی لەگەڵ ئێمە هەر ماوە
>
> مستەفا چاوڕەش

کارزان ئیسماعیل، هەروەها دەڵێ: "دواتر کاک نەوشیروان نائومێد دەبێت و بە بەرپرسانی حیزبی بەعس دەڵێ کەواتە ئێوە لە سێدارەتان داوە، بەڵام دواتر هەرچۆن بوو ئەو لەزیندان برایە دەرەوە و ئازاد کرا".

مستەفا سەید قادر لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لە ساڵی 2001، زۆرترین دەنگی کۆنگرەی بەدەستهێنا. هەربۆیە مام جەلال کردییە جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە. ئەوە جگە لەوەی کە لە ساڵی 1998 وە تاوەکو 2001 وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی بووە.

وەک هەندێک لە کادر و بەرپرسانی یەکێتی باسی دەکەن، کاتێک ئەو لە یەکێتی جیابووەوە، مام جەلال زۆر نیگەران بوو بە ڕۆشتنی، چونکە مستەفا سەید قادر، یەکێک بوو لەوانەی لە بەشێک لە کۆبوونەوەکانی یەکێتیدا، باڵبالێنی بە کارێکی دروست نەدەزانی "تەنانەت دەشیگوت ئەگەر باڵباڵێن هەبێت، با بەئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی کەس لە نێوان باڵەکاندا یاری نەکات."

### پۆستی نییە و دانوستاندنکاری گۆڕانە

دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفا، مستەفا سەید قادر، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی یەکێتی کە دەستبەرداری پۆستەکەی خۆی بوو چووە گردی زەرگەتە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پشتیوانییە بەردەوامەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ مستەفای سەید قادر، دەڵێ: "ئەوەندە متمانەی پێبوو کردییە ڕێکخەری ژووری کارگێڕی و دارایی گۆڕان، دواتر بەربژێری کاک نەوشیروان بوو بۆ وەرگرتنی وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە کاک نەوشیروان دەیزانی ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە هەموو حیزبەکانی ناو حکومەت بتوانن لەگەڵی هەڵبکەن".

> کاک مستەفا بە پاکی هاتە نێو گۆڕان
>
> کوێستان محەممەد

گوتیشی: "ئێستاش ناوی ئەو دەبرێ بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە ئێستا کاک نەوشیروان نەماوە".

کوێستان محەممەد، بەو شێوەیە پێناسەی دەکات: "کەسێکی دەستپاک و لەسەرخۆ و ئازا و چالاکە. یەکێکە لەو سەرکردانەی یەکێتی کە هاتووەتە ناو گۆڕان و هیچ گەندەڵییەکی لەسەر نەبووە، هەربۆیە کرایە ڕێکخەری ژووری کارگێڕی و دارایی بزووتنەوەی گۆڕان".

بەڵام هێشتا ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو پۆستە وەرگرێ، چونکە ئەوانەی ڕکابەرێتی دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستەکە، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنن.

ئێستا مستەفای سەید قادر، هیچ پۆستێکی لەنێو گۆڕاندا نییە، بەڵام ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری گۆڕانە بۆ پێکهێنانی حکومەت و تەنانەت ئەو شاندە سیاسییانەش کە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەکە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە تاوتوێ دەکەن. هەر بەهۆی پەیوەندییە باشەکانییەوە، بووەتە ئەو بەربژێرەی هیچ حیزبێک قەڵەمی سوور بە ژێر ناوەکەیدا ناهێنێ. مستەفا چاوڕەش دەڵێ: "یەکێک بوو لەو سەرکردانەی گۆڕان، کاتێک بەجێیشیهێشتین، پەیوەندی دۆستانە و برایانەی لەگەڵ ئێمە تێکنەدا و وەک هاوڕێ ماوەتەوە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 542 ) - دووشەممە 2019/2/11

## عامری هەڕەشە لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات



**رووداو- هەولێر**

فەرماندەی حەشدی شەعبی لە عێراق هادی عامری هێرشی توندی کردە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ڕایگەیاند ئەوەی دەگوترێ سەبارەت بە جووڵەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکانی عێراق درۆن. هادی عامری کە سەرۆکی هاوپەیمانی فەتحە و یەکێکە لە گەورەترین هاوپەیمانییە سیاسییە شیعەکانی عێراق ڕایگەیاند: "هێزەکانی ئەمریکا زۆر لەوە ترسنۆکترن لە شارەکانی عێراق جووڵە بکەن". عامری کە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی بەدریشە و بە هاوپەیمانی دێرینی ئێران ناسراوە گوتیشی: "هەموو ئەوەی سەبارەت بەم پرسە باس دەکرێن درۆ و پڕۆپاگەندەن".

# نەوتی کێڵگەکانی نەینەوا بە قاچاخ دەفرۆشرێ

**رووداو- هەولێر**

زیاتر لە ساڵێک بەسەر ڕزگارکردنی پارێزگای نەینەوادا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتاش نەوتی ئەو پارێزگایە بە قاچاخ دەفرۆشرێ، پەنجەی تۆمەتیش بۆ لای بەرپرسانی حکومەت، گرووپە چەکدارەکان و لایەنە بەهێزەکانی دیکەی عێراق درێژ دەکرێ.

سەرەتای ئەم مانگە ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی هاوپەیمانێتیی قەرار، بە میدیایەکی عێراقی ڕاگەیاند "هێزە ئەمنییەکان ئۆتۆمبێلی سەربازییان ڕەوانە کردووە بۆ ئەوەی ڕێ لە بە قاچاخ فرۆشتنی نەوت بگرن، بەڵام ئەو هێزە چەکدارانەی کۆنترۆڵی بیرە نەوتەکانیان دەکرد ڕێگەیان لێگرتن".

شێروان دووبەردانی، نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "هێزێکی چەکدار دەستیان بەسەر بەشێک لە کێڵگە نەوتییەکانی گەیارەدا گرتووە، بەتایبەتیش بیرە نەوتەکانی ژمارە 30، 31، 32". پەرلەمانتارە کوردەکە ئاشکرای کرد: "ڕۆژانە نزیکەی 100 تانکەر نەوت بە قاچاخ لەو بیرانە دەبردرێن".

پێشتر ئەندام پەرلەمانی دیکەی نەینەواش باسیان لەو کێشەیە کردبوو، لەوانەش ئەحمەد جبووری کە لە دیمانەیەکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) دا گوتی پەرلەمان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی هەموو ئەو هەواڵانەی لەبارەی قاچاخی نەوتی پارێزگای نەینەوا هەن، کە خۆیشی سەرپەرشتی دەکات.

محەممەد ئیبراهیم، سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە بەیاننامەیەکی سەرەتای ئەم مانگەیدا ڕایگەیاند کە چاودێرانی بیرە نەوتەکان بە لێکۆڵەرانی کەیسەکەیان ڕاگەیاندووە "هیچ کارێکی قاچاخی نەوت لەو ناوچەیە ناکرێ".



لیژنەی پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونێکی کردووە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو گرووپانە کێن کە دەستیان بەسەر بیرە نەوتییەکاندا گرتووە

عەلی سنەید، ئەندامی هاوپەیمانێتیی فەتح، پێی سەیر نییە هەندێک لایەن ئەو ڕاپۆرتانە ڕەتدەکەنەوە. ئەو لە لێدوانێکدا بۆ (ئەلمۆنیتەر) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "گەورەترین کێشە ڕووبەڕووی هەوڵەکانی وەستاندنی ئەم قاچاخی نەوتە بووەتەوە، ئەوەیە گرووپی چەکدار و حیزبە تێوەگلاوەکان تۆمەتەکان ڕەتدەکەنەوە".

سنەید کوتلە سیاسییەکان، کۆمەڵێک خێزان و گرووپی چەکداریی سەر بە پارتە سیاسییەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی "نەوت دەدزن".

لیژنەی پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونێکی کردووە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو گرووپانە کێن کە دەستیان بەسەر بیرە نەوتییەکاندا گرتووە. شێروان دووبەردانی لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت: "تەحسین ئەبو ڕوقییە سەرپەرشتی ئەو هێزە دەکات (کە دەستیان بەسەر بیرەکاندا گرتووە) و سەر بە کەتایبی ئیمام عەلین کە میلیشیایەکی شیعەن. لیژنەکە بەدواداچوونی زیاتری لەگەڵ حەشد کردووە، بەڵام حەشدی شەعبی لەلای خۆیەوە ڕەتیکردووەتەوە ئەو هێزە سەر بە ئەوان بن".

سەرچاوەیەکی باڵا لە حەشدی شەعبی بە (ئەلمۆنیتەر)ی گوت: "ئەم یەکدی تۆمەتبارکردنە مێژووەکەی بۆ سەرەتای ململانێ سیاسییەکانی نێوان پارێزگاری نەینەوا و پەرلەمانتارەکانی ئەو پارێزگایە دەگەڕێتەوە". هۆکاری سەرەکیی ململانێکەشی بۆ "خواستی دەسەڵات و نفووز بەسەر پارێزگاکە" گەڕاندەوە.

سنەید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نەوتەکە بۆ تورکیا و ئێران ڕەوانە دەکرێ، بۆ ئەمەش ڕێگای جیاواز هەن، هەرێمی کوردستانیش یەکێک لە ڕێگاکانە، نەوتەکەش بە تانکەر و بە بۆڕی دەگوازرێتەوە. بەڵام پەرلەمانتارە کوردەکە وردەکاری زیاتر دەدرکێنێ و دەڵێ: "نەوتەکە بە دوو ڕێگا بە قاچاخ دەبردرێ، ڕێگایەکیان لە گەیارەوە بۆ مەخموور و لەوێوە بۆ کەرکووک و سلێمانی و لەوێشەوە بۆ ئێران دەڕوات". ڕێگەکەی دیکەشیان نەوتەکە بەرەو بەسرە دەچێ و لەوێشەوە بۆ دەرەوە دەگوازرێتەوە.

نەبوونی شەفافییەت یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کەرتی نەوتی عێراق بووە و بە قاچاخبردنی نەوتەکەشی تەنیا لایەنێکی ئەو کێشەیەیە. هەفتەی ڕابردوو فەرمانگەی بەریتانیی بەرەنگاربوونەوەی ساختەکاری ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرانی پێشووی کۆمپانیای پێترۆفاک تاوانبارن بە بەرتیل و کاری گەندەڵی لە عێراق و سعودیە. بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگە بەریتانییەکە، دەیڤید لوفکین، بەڕێوەبەری پێشووی بەشی فرۆشی کۆمپانیاکە چەندین ملیۆن دۆلاری بە دارودەستەکەی داوە بۆ ئەوەی گرێبەستی پڕۆژەی کێڵگەی بەدرە بە بەهای 330 ملیۆن دۆلار و گرێبەستی کارکردن لە تێرمیناڵی فاو بە بەهای 400 ملیۆن دۆلار لە عێراق مسۆگەر بکەن. هەردوو گرێبەستەکەش بۆ ساڵی 2012 دەگەڕێنەوە.

**نەوتی گەیارە بە ڕێگای کەرکووک و سلێمانی دەبرێتە ئێران**

**ڕۆژانە 100 تانکەر نەوت لە سێ بیری گەیارە بە قاچاخ دەبرێت**

پەرلەمانتارێکی کورد

حاکم زاملی، سەرۆکی پێشووی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە قاچاخی نەوت لەوە دەرچووە بە چەند گرووپێکی تاک و تەراوە ببەسترێتەوە. زاملی لە لێدوانێکدا بۆ ئەلمۆنیتەر ڕایگەیاند "بەشێوەیەکی سیستەماتیک قاچاخی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان لە نێوان پارێزگاکانی عێراق خۆیان و ئەو پارێزگایانە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەیە". حیزب و لایەنە سیاسییەکان و هێزە پاسەوانەکانی کێڵگەکانیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە کێشەکە دادەپۆشن، چونکە "قازانجی لێدەکەن".

یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانە دۆزینەوەی میکانیزمێکە کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایفی عێراقی بەسەرەوە نەبێ، بۆ نموونە لیژنەیەک کە بتوانێ بەشێوەیەکی بابەتی و لە دەرەوەی ململانێ تایفییەکان لە کێشەکە بڕوانێ و لایەنی تێوەگلاو دەستنیشان بکات، هەر بۆیەش هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە لەو کەس و لایەنانەی تێوەگلاون شکست دەهێنێ.

شێروان دووبەردانی لەبارەی هەوڵەکانی خۆیانەوە گوتی: "سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیران، سەرۆکی پەرلەمان و مەرجەعیەتمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بێدەنگن و هیچ ڕێوشوێنێکیان نەگرتووەتەبەر".

دووبەردانی ئەندامی ئەو لیژنەیەیە کە بۆ بەدواداچوونی باردۆخی شنگال پێکهاتووە، لیژنەکەی تایبەت بە بارودۆخی شنگال بەشێکە لە لیژنەیەکی فراوانتر کە بۆ بەدواداچوونی کاروباری مووسڵ پێکهێنراوە. پەرلەمانتارە کوردەکە ڕایگەیاند "نەک هەر نەوتی گەیارە، بەڵکو لە کێڵگەی نەوتی عەین زالەش نەوت بە قاچاخ دەبردرێ".

## محەممەد ڕەئوف، یەکێک لە دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بۆ (رووداو):

# بەرهەم ساڵح شل بوو بگەڕێتەوە ناو یەکێتی



حیزبەکەی پێشووی حەز دەکات بگەڕێتەوە لایان، بەڵام ئەو قەناعەتەی وای لێکرد یەکگرتوو جێبهێڵێ هەروەک خۆیەتی. محەممەد ڕەئوف لە کۆنگرەکانی یەکگرتوودا چاوی لەوە بوو ببێتە ئەمیندار، بەڵام ئێستا لە حیزبێکدا کار دەکات کە ئایندەی دیار نییە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئایندەی هاوپەیمانی و هۆکاری وازهێنانی د.بەرهەم ساڵح لە هاوپەیمانی دەکات.

هەڤپەیڤین: زانا کایانی
رووداو - هەولێر

## زۆربەی یەکێتییەکان لەگەڵ هاوپەیمانی ماونەتەوە

**ڕووداو: دوای بەستنی کۆنگرە چیتان کردووە بۆ خۆڕێکخستنەوە؟**

**محەممەد ڕەئوف:** ئەگەر دکتۆر بەرهەم بمایەتەوە، باوەڕی هەبووایە بەوەی هاوپەیمانی بەردەوام بێت بۆ ئامانجەکانی، پێویستمان بەو کۆنگرەیە نەدەبوو، بەڵام کە سەرۆک ڕۆیشت،

**زۆربەی دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی لەگەڵ بەرهەم ساڵح ڕۆیشتوون**

نیزامی کارەکەش لەسەر نیزامی سەرۆکایەتییە، ئێمە ناچار بووین کۆنگرە بکەین، چەند کەسێکیش لە دەستەی دامەزرێنەری پێشوو لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح ڕۆیشتن. کۆنگرەمان کرد و سەرۆکێکی نوێمان هەڵبژارد. بە ماوەیەکی کەم دوای کۆنگرە توانیمان دەزگاکان ڕێکبخەینەوە. نزیکەی 90%ی پەیڕەومان جێبەجێ کردووە. دوا ئیشمان بریتی بوو لەوەی کە لە سەرەتای ئەم مانگە لە سلێمانی کۆنفرانسێکمان بەست بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سیاسی، لە هەڵبژاردنێکی شەفافدا لەبەرچاوی هەموو هاودیدان کە زیاد لە 230 کەس بوون، ئەنجوومەنەکەمان هەڵبژارد؟

**ڕووداو: زۆرینەی دەستەی دامەزرێنەران ڕۆیشتوون یان ماونەتەوە؟**

**محەممەد ڕەئوف:** تەقریبەن ڕۆیشتوون، هەندێکیان نەچوون لەگەڵ د.بەرهەم و نەشماونەتەوە، لەو نێوانەدان جارێ. ئێمەش تا ئێستا ئەوەی خۆی نەهاتبێتەوە، زۆر گوشارمان نەخستووەتە سەریان و ڕووگیرمان نەکردوون. زۆربەی ئەوانەش کە لەگەڵمان نین بە کردار، بەڵام بە قەناعەت و بە دڵ لەگەڵ پڕۆژەکەدان.

**ڕووداو: لە دوای جێهێشتنی یەکێتییەکان پرسیار لەسەر شوناسی هاوپەیمانی دروستبووە کە ئایا دەبێتە حیزبێکی ئیسلامی؟**

**محەممەد ڕەئوف:** هەموویان نەڕۆیشتوون، ئێستاش زۆر لە یەکێتییەکەمان لەگەڵدان. کوڕە شەهیدی یەکێتیمان لەگەڵدایە. هاوپەیمانی یەکێتی تێدایە، پارتی تێدایە، گۆڕانمان لەگەڵە، یەکگرتوو و کۆمەڵمان لەگەڵە. خەڵکێکی زۆری بێلایەن کە هەرگیز سیاسەتی نەکردووە، بەڵام باوەڕی بە پرۆگرامی هاوپەیمانی هەیە و بەردەوامن.

**ڕووداو: ئێستاش کاروبارەکان لە نێو بارەگاکانی پێشووی بەرهەم ساڵحدا دەکەن؟**

**محەممەد ڕەئوف:** نەخێر هیچ بارەگایەکی پێشوومان لا نەماوە. کە د.بەرهەم گەڕایەوە ناو یەکێتی تەنیا بارەگای هەولێر مابوو، هەموو بارەگاکانیان گێڕابووەوە لای خۆیان. بڕیاریان دابوو، کەلوپەلی بارەگاکانیش بە کورسی و تەپڵەکانەوە بگەڕێننەوە.

**ڕووداو: د.بەرهەم پێش ئەوەی بگەڕێتەوە نێو یەکێتی ئێوەی ئاگادار کردەوە؟**

**محەممەد ڕەئوف:** ئێمە تازە هاوپەیمانیمان دامەزراندبوو د.بەرهەم گوشارێکی زۆری لەسەر بوو لەلایەن یەکێتییەوە. خۆم ئەو یەکێتیانەم دەبینی لە ئاستی باڵادا لە ماڵی مام جەلال لە مەکتەب سیاسی کە دەهاتن بۆ لای گوشاریان لێدەکرد ئەو ئیشە نەکات و داخوازی چییە بۆی جێبەجێ بکەن. ئەویش پڕۆژەیەکی هەشت خاڵی بۆ نووسیبوون. پڕۆژەکە زۆر گونجاو بوو بۆ یەکێتی و دۆخی کوردستان.

د.بەرهەم پڕۆژەکەی پێشانی من دا و گوتی: تۆ یەکەم کەسی دەیبینی، ڕات چییە لەسەری؟ گوتم ئەگەر یەکێتی جێبەجێی بکات، هەموو ڕێککەوتنێک لەگەڵ یەکێتی بە نیسبەت ئێمەوە ئاسانە و دەتوانین بیکەین، بەڵام دواجار گوتم یەکێتی موستەحیلە پڕۆژەکە جێبەجێ بکات. پڕۆژەکەی نارد، بەڵام هیچیان نەکرد. ئەوەندەی من بزانم درێژەی کێشا و وای لێهات هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. ئێمە هاوپەیمانیمان دروستکرد لە دواییشدا چووینە هەڵبژاردن، پێش هەڵبژاردنی عێراق چەند جارێک هاتبوونە سەر خەت لەگەڵی، ئەمە قسەی خۆیەتی، 24 کاژێر پێش هەڵبژاردنی عێراق جارێکی دیکە هاتوونەتەوە سەرخەت

**هیچ بارەگایەکی بەرهەم ساڵحمان لەلا نەماوە**

لەگەڵی، ئەگەر هاوپەیمانی هەڵبوەشێنێتەوە لە ئایندەدا دەیکەن بە سەرۆک کۆمار. ئەویش پێیگوتبوون من بە تەنیا نیم، شەریک و هاوکارم هەن، بەبێ ئەوان ناتوانم بڕیار بدەم. مەبەستی من و کاک ئارام بوو. ئێمەش لەو 24 کاژێرە بەبێ بەرنامەیەکی پێشوەخت و پڕۆژەیەکی ستراتیژی قووڵ ناتوانین بڕیاری ئاوا بدەین.

دوای هەڵبژاردن خۆی بێ ئومێد بوو، دیار بوو ئەوانیش حەزیان دەکرد، ئەمیش شل بوو، جارێکی دی گفتوگۆ دەستیپێکردەوە، نێوەندگیریش هەبوون، گەیشتە ئەو قەناعەتەی

**یەکگرتوو و کۆمەڵ حەز دەکەن بگەڕێینەوە**

کە باشترین ڕێگە گەڕانەوەیە بۆ نێو یەکێتی، بەڵکو لەوێوە بگات بە کورسی سەرۆک کۆمار.

**ڕووداو: داوای لە ئێوە کرد بچنە ناو یەکێتی؟**

**محەممەد ڕەئوف:** گوتی مادام من دەڕۆم حەز دەکەم ئێوەش بێن، هەرچەندە دڵنیاشم نایەن. شوێنی شایستەتان دەدرێتێ، بەڵام دڵنیام کە ئێوە نایەن، بەتایبەتی مەبەستی من و کاک ئارام بوو. بەڵام گوتی دەتوانین شتێکی دیکە بکەین، ئەویش ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی. ئێمەش گوتمان زووە بۆ ڕێککەوتن.

**ڕووداو: بۆچی لە دوای کۆنگرە هیچ چالاکیەکتان نییە و کۆنابنەوە؟**

**محەممەد ڕەئوف:** لەبەر دوو هۆکار، یەکەم هاوپەیمانی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخرێتەوە، ئەوەش پێویستی بە کات هەبوو. دووەم، باوەڕمان بە هەندێ شتی حیزبی نەماوە، وەک سەردانی زۆر و کۆبوونەوەی بێ بەرنامە، بێ بڕیار و ستراتیژ. هاتوچۆی ئەحزاب زۆر کرا، ئەوە شتێکی تەقلیدییە. کاتی خۆی کە حیزب دروست دەبوو، بە هەموو دنیادا دەگەڕا خۆی بناسێنێ. هاوپەیمانی پێویستی بە خۆناساندن نییە.

**ڕووداو: دوو پەرلەمانتارتان لە بەغدا وەک کەسانی نزیک لە د.بەرهەم قسە دەکەن، ئایا هاوپەیمانی ڕێگە بەوە دەدات؟**

**محەممەد ڕەئوف:** دوای ڕۆیشتنی د.بەرهەم، یەکێک لە پەرلەمانتارەکانم بینی، گوتی ئێمە بێلایەن دەبین تا ئەم ئیشە بە لایەکدا دەکەوێت. ئەگەر هاوپەیمانی هەڵوەشایەوە ئێمە ئازاد دەبین. پروپاگەندەیەک کرابوو گوایە پارتی هاوپەیمانی دادەمەزرێنێتەوە، یان ئەگەر جائیز بێ بڵێم ئەو درۆیە کرابوو، ئەوانیش قەناعەتیان وابوو، چونکە لە سلێمانی هەرایەک دروست کرابوو کە هاوپەیمانی هەڵدەوەشێتەوە یاخود دەبێتە دووان. پەرلەمانتارەکە گوتی ئەگەر دوو بێت، تەرەفگیری هیچ لایەک نابین. ئەوان ناتوانن هاوپەیمانی نەبن، بۆچی؟ چونکە بەدەنگی هاوپەیمانی چوونەتە بەغدا، بەڵام ئەگەر نەیەنەوە نێو هاوپەیمانی، ئەوا دەبنە دوو پەرلەمانتاری یەکێتی.

**ڕووداو: حیزبەکانی پێشووتان داوایان لێنەکردوون بگەڕێنەوە نێویان؟**

**محەممەد ڕەئوف:** بە فەرمی نەخێر، بەڵام پێیانخۆشبووە بگەڕێینەوە، بەڵام قەناعەتی ئێمە بەرامبەر شێوازی کارکردنی یەکگرتوو و کۆمەڵ نەگۆڕاوە. ئینجا کە د.بەرهەم ڕۆیشتووە خەڵکی دیکە ماوە. پڕۆژەکەش هێشتا دەستپێنەکردووە لەسەر چ ئەساسێک ئاشبەتاڵی لێبکەین.

ڕووداو: هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی ئارام قادر دەتوانێت ببێتە حیزبێکی کاریگەر لە کوردستان؟

محەممەد ڕەئوف: من قەناعەتم وایە کاک ئارام خۆی شەخسیەتێکە جۆرێک لە کاریزمای تەنزیمی هەیە و لەناو گەنجەکاندا خۆشەویستە، تا ئێستاش زۆر لە گەنجانی ئیسلامی خۆشیان دەوێت، بەتایبەت کۆمەڵ و ئەوانی کە زوو ناسیویانە. لای سەرکردەکانی کوردستانیش جۆرێک لە متمانەی هەیە بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ ئەوان بووە لە کاری سیاسی. بە توانایە و مەجالی هەبێ قەڵەمی هەیە، توانای قسەکردنی

**بەرهەم ساڵح داوای لێکردین ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی بکەین**

هەیە، ناترسێ لە سیاسەت، ئینجا لەوەش گرنگتر ئەوەیە کاک ئارام تەنیا نییە و بەتەنیاش نامێنێتەوە. خەڵکێکی زۆر باشی لەگەڵە. من ئومێدی زۆرم پێی هەیە، هەتا تاقەتم مابێت هاوکاری دەکەم.

بڕیارە بە هەشت مانگ تەواوی بکات

# پرۆژەی فلۆریا ستی دەدرێتە وەبەرهێنەرێکی دیکە




پرۆژەی فلۆریا ستی دووجار مۆڵەتی وەبەرهێنانی وەرگرت، بەڵام وەبەرهێنەرەکەی پێی تەواو نەکرا

(فۆتۆ: ڕووداو)

شکار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

لە هەولێر چەند پرۆژەیەکی شکستخواردووی وەبەرهێنان لە وەبەرهێنەر وەردەگیرێنەوە، هەندێکیان ڕادەستی وەبەرهێنەری دیکە دەکرێن و چارەنووسی چەند پرۆژەیەکیش هێشتا دیار نییە.

نزیکەی 8000 یەکەی نیشتەجێبوون لە پێنج پرۆژەی وەبەرهێنان کێشەیان هەیە، بەهۆی ئەم پرۆژە شکستخواردووانەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شەش وەبەرهێنەر دەرچووە. یەکێ لە پرۆژە فاشیلەکانی وەبەرهێنان پرۆژەی فلۆریا ستی-یە کە لە محەممەد نەورۆزی وەرگیراوەتەوە و دراوە بە کۆمپانیای ساوس کوردستان، بەڵام سەدان کەس کە شوققە و ڤێلایان لە فلۆریا ستی کڕیوە، پارەکانیان دەفەوتێ.

ئەبوبەکر یاسین، دوو ڤێلای لە فلۆریا ستی بە 420 هەزار دۆلار کڕیوە، لەبەرئەوەی پارەکەی بە کاش داوە، هەموو پارەکانی دەفەوتێ، ئەبوبەکر بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی 2015 گرێبەستم لەگەڵ کۆمپانیای ڕاد کردووە، دوو ڤێلام لە فلۆریا ستی کڕیوە، ئێستا پرۆژەکە لەو کۆمپانیایە وەرگیراوەتەوە، دەستەی وەبەرهێنانیش دەڵێ ئەو گرێبەستانە بەتاڵن و هیچ مافێکتان لە فلۆریا ستی نییە".

بە گوتەی ئەبوبەکر، 700 کەس کە گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای ڕاد کردووە لە فلۆریا ستی و پارەکەیان بە کاش داوە، گرێبەستەکەیان ڕەتکراوەتەوە. تەنیا ئەوانە کێشەیان نییە کە پارەیان لە بانک داناوە.

ئەبوبەکر دەڵێت: "لە دەستەی وەبەرهێنان پێیانگوتین قسەکردن لەگەڵ ئێمە وەک کوتانی ئاسنی ساردە، بچن یەخەی کۆمپانیاکە بگرن کە گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ کردوون، چونکە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونتان لە فلۆریا ستی نییە".

بەهۆی پابەندنەبوونی کۆمپانیاکە بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت، مۆڵەتی کۆمپانیای ڕاد هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام محەممەد نەورۆزی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ڕاد دەڵێت: "70%ی ئەو زانیاریانەی لەبارەی پرۆژەکە بە سەرۆکی حکومەت دراون هەڵەن، بەو هۆیەوە 730 کەس کە گرێبەستیان لەگەڵ ئێمە کردووە تووشی کێشە بوون و مافیان دەفەوتێ".

> گرێبەستی 730 کەس لە فلۆریا ستی هەڵدەوەشێنرێتەوە

نەورۆزی دەڵێت، لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان دانیشتووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە هیچ چارەسەرێک، چونکە پێیوایە سەرۆکی دەستەکە "کێشەی شەخسی" لەگەڵ ئەودا هەیە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی، دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە کۆمپانیای ساوس کوردستان داوە پرۆژەکە تەواو بکات. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر دەڵێت: "فلۆریا ستی دوو جار مۆڵەتی وەبەرهێنانی پێدرا، مۆڵەتێک لە ساڵی 2010، بەڵام وەبەرهێنەرەکە پابەند نەبوو، بۆیە ساڵی 2012 مۆڵەتەکەی هەڵوەشایەوە. دواتر مانگی 12ی 2015 مۆڵەتی پێدرایەوە و دەبوو لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا پرۆژەکە تەواو بکات، بەڵام داری لەسەر بەرد دانەنا، بۆیە لە 2018/1/9 بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان کە سەرۆکی حکومەتیشە، مۆڵەتەکەی هەڵوەشایەوە".

سامان عارەب گوتیشی: "بڕیارە کۆمپانیای ساوس کوردستان لە ماوەی 8 مانگدا پرۆژەکە تەواو بکات و ڕادەستی خاوەن یەکەکان بکرێت، پرۆژەکە 1730 ڤیلا و شوقە بووە، بەڵام بەپێی ئەو داتایانەی هاتوونەتە لای ئێمە، تەنیا 1552 کەس مامەڵەکەیان دروستە و دەتوانن لە پرۆژەکە سوودمەند بن".

سەبارەت بەو کەسانەشی کە ڕاستەوخۆ گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای ڕاد کردووە، سامان عارەب گوتی: "بەشێکیان ڕاستەوخۆ گرێبەستیان لەگەڵ وەبەرهێنەرەکە کردووە، پارەی کاشیان داوە، ئەوانە لەلای ئێمە پەسەند نین، چونکە پێچەوانەی هەردوو ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنانە کە نابێت کڕیار بەشێوەی کاش پارە بداتە وەبەرهێنەر. ئەو کەسانە دەتوانن لە ڕێگەی دادگاوە مافی خۆیان لە وەبەرهێنەر وەربگرنەوە".

بەڵام محەممەد نەورۆزی لە دادگا سەدان سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە. سامان عارەب دەڵێت: "ئەو وەبەرهێنەرە کێشەی دیکەشی هەیە، تەسفیەی قەرزی دەرەوەی پرۆژەکەی لەسەر حیسابی پرۆژەکە کردووە، هەندێک گرێبەستیشی پێش پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە کردووە، بۆیە ئێستا بە دەیان ملیۆن دۆلاری ئەو کەسانەی لەلایە کە گرێبەستیان لەگەڵ کردووە".

لە هەولێر چوار پرۆژەی دیکەش ماون کە کێشەیان هەیە، سامان عارەب دەڵێ: "هێشتا لە هەولێر چوار پرۆژە ماون کە کێشەی زۆر گەورەیان تێدایە و بە هەموویان نزیکەی 8 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرن، ئەوانیش بریتین لە پرۆژەکانی (دەشتی بەهەشت، مەم و زین، زێڕین و کۆیە ستی)، ئەمانە بەدەیان ملیۆن دۆلاری خەڵکیان لەلایە".

دەشتی بەهەشت یەکێکە لە پڕکێشەترین پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان کە هیچ وەبەرهێنەرێک ناوێرێ خۆی لەقەرە بدات، سامان عارەب دەڵێ: "ساڵی 2015 سەرۆکی حکومەت بڕیاری دا هەر وەبەرهێنەرێک پرۆژەکە تەواو بکات، پرۆژەیەکی هاوشێوەی دەشتی بەهەشتی پێدەدرێت، 5 وەبەرهێنەر بە توانایەکی زۆر باشەوە هاتنەپێش و هەندێکیان وەبەرهێنەری بیانی بوون، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە دڵنیا نەبوون لە وەرگرتنی پرۆژەکە، ئێستا دۆخەکە بەرەو باشی دەچێت، لە پەیوەندیداین لەگەڵیان، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەوەی گرێبەست بکەین". بە گوتەی سامان عارەب، تەواوکردنی پرۆژەی دەشتی بەهەشت پێویستی بە 81 ملیۆن دۆلارە.

سامان عارەب دەڵێ: "لە سنووری هەولێر زیاتر لە 6 وەبەرهێنەر فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە، یەکێکیان ڕوشدی سەعیدە".

> ئەو 730 کەسە دەتوانن لە دادگا داوای مافی خۆیان بکەنەوە
>
> سامان عارەب

پرۆژەی مەم و زینیش یەکێک بوو لەو پرۆژانەی کێشەی زۆری تێدابوو، سامان عارەب گوتی: "مۆڵەتی مەم و زین هەڵنەوەشاوەتەوە، وەبەرهێنەرەکە بەڵێنی داوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا کار لە پرۆژەکەدا بکات، قەرەبووی خەڵکەکەش بکاتەوە".

شاری زێڕین یەکێکی دیکەیە لەو پرۆژانەی کێشەی زۆری تێدایە. سامان عارەب دەڵێ: "خاوەنەکەی هەڵاتووە بۆ دەرەوەی عێراق، بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە. خاوەنەکەی مامەڵەی بە هەندێک یەکەی نیشتەجێبوون کردووە کە وجودیان نەبووە، شوقەی لە نهۆمی 12ی باڵەخانەکە فرۆشتووە، لەکاتێکدا خۆی 8 نهۆمە".

ئێستا پرۆژەی شاری زێڕین لەلایەن کۆمپانیای سادیار تەواو دەکرێ.

سەبارەت بە چارەنووسی پرۆژەکانی کۆیەستی و چاودێر ستی کە وەبەرهێنەرەکەیان خۆی کوشت. سامان عارەب گوتی: "کێشەی چاودێر ستی چارەسەر کراوە، تەنیا 83 کەس کێشەیان ماوە، ئەویش بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت شوقەیان بۆ دروستدەکرێ، بەڵام کێشەی کۆیەستی هێشتا چارەسەر نەکراوە".

# مەلایەک سکاڵا لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا تۆمار دەکات

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

مەلایەک کە دەرچووی کۆلێژی ئیمام ئەعزەمە، بەهۆی پەسەندنەکردنی بڕوانامەکەی سکاڵا لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی تۆمار دەکات و دەڵێت جیاوازی لە نێوان پەسەندکردنی بڕوانامەی قوتابیاندا دەکەن.

مەلا محەممەد سەباح خەیات کە پێشنوێژ و وتارخوێنە، بە (ڕووداو)ی گوت: "چوار ساڵ لە زانکۆی ئیمام ئەعزەم خوێندم، وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیانگوت زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان دانی پێدانانرێت. زانکۆمان تەواو کرد و بڕوانامەمان وەرگرت، بەڵام ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا بەبیانووی ئەوەی کە زانکۆکە لە هەرێمی کوردستان دانی پێدانانرێ بڕوانامەکانمان پەسەند ناکات".

مەلا محەممەد سەباح باس لەوەش دەکات کە وەزارەتی خوێندنی باڵا جیاوازی لەنێوان قوتابییەکان دەکات و دەڵێ: "هاوپۆلی من کە لەگەڵ من بڕوانامەی وەرگرتووە، بڕوانامەکەی پەسەند کراوە و مووچەکەشی پێ زیاد کراوە، بەڵام ئەوانەی ئێمە دانی پێدانانرێت و پەسەندی ناکەن. لەو ڕۆژانەش خەڵک هەبووە بڕوانامەکەیان پەسەند کردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە ڕەتدەکەنەوە. لە ڕۆژی 2019/1/13 لەسەر ئەو فەزاحەتەی لە وەزارەتەکە هەیە، لە دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەران لە ئەنجوومەنی شوورا سکاڵام لەسەر وەزیری خوێندنی باڵا تۆمار کرد".

ئەو مامۆستایە بەتۆمەتی ناوزڕاندن سەرپەرشتیاری گشتی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکانیشی داوەتە دادگا. مەلا محەممەد دەڵێ: "سەردانم کرد و پرسیاری هۆکاری پەسەندنەکردنی بڕوانامەی ئەو مەلایانەم لێکرد، ئەویش گوتی ئەو زانکۆیە باوەڕپێکراو نییە و مامەڵەی لەگەڵ ناکەم. ئەو پەنجەیەشم دەبڕم پەسەندی بڕوانامەی دەرچووەکانی بکات، بەڵام کە پێمگوت بڕوانامەی فڵان کەستان پەسەند کردووە تووڕە بوو، پاشان لە پەیجی خۆی منی بە ساختەچی و خاوەن بڕوانامەی بێ ناوەڕۆک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان تۆمەتبار کرد، بۆیە سکاڵام لەسەر تۆمار کرد".

وەزارەتی خوێندنی باڵا کێشەکەی بەستووەتەوە بە تەنیا قوتابییەک و ڕەتیدەکاتەوە وەزیری خوێندنی باڵا دەسەڵاتەکانی بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکارهێنابێ، وەزارەتەکە لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێ: "ئەو زانیارییانە چەواشەکارین و دوورن لە ڕاستی. کێشەی خوێندکارێک بەناوی محەممەد سەباح، کە یەکێکە لە دەرچووانی زانکۆی ئیمام ئەعزەم / کەرکووک و داوای پەسندکردنی بڕوانامەکەی دەکات، بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران لە 2015 وە مامەڵە لەگەڵ کۆلێژەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناکەین".

بەڵام بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) ئەمە تەنیا کێشەی یەک قوتابی نییە، بەڵکو زۆربەی قوتابیانی کۆلێژەکە هەمان کێشەیان هەیە.

مەلا محەممەد هەروتی کە ئەویش پێشنوێژ و وتارخوێنە و یەکێکە لەو کەسانەی بڕوانامەکەی پەسەند نەکراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕوانامەکەم بردە وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام گوتیان نابەسترێت، چونکە زانکۆکە دانپێدانراو نییە، دەبێت بچنە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەوێش پێیان گوتم ئێمە دان بەو زانکۆیەدا نانێین، بەڵام لەدوای من هاوپۆلێکم چووبووە وەزارەتی خوێندنی باڵا و بڕوانامەکەیان پەسەندکردبوو".

مەلا محەممەد پێیوایە هۆکاری ئەو جیاکارییەی نێوان دەرچووەکان ئەوەیە کە ئەوان سەر بە هیچ لایەنێک نین، ئەو دەڵێ: "من کەسێکی بێلایەنم و لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نیم، بۆیە هیچمان بۆ ناکرێت".

مەلا حەسەن هادی عەبدولکەریم، پێشنوێژ و وتارخوێن کە هاوپۆلی مەلا محەممەد هەروتی بووە و بڕوانامەکەی پەسەند کراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو بڕوانامەکەم نارد بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق و پەسەند کرا، بڕوانامەکەم هێنایە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش پەسەندیان کرد و ناردیان بۆ وەزارەتی ئەوقاف".

یەکێکی دیکە لەو دەرچووانە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە 7 کەسین کە بڕوانامەکانمان پەسەند کراوە لەلایەن وەزارەتی خوێندی باڵا، بەڵام پێم سەیرە هاوپۆلەکانم بڕوانامەکانیان پەسەند ناکرێ".

نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف لەبارەی کێشەی ئەو قوتابیانە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم بابەتە پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە، ئەوان ساڵانە لیستی ناوی ئەو زانکۆیانەمان بۆ دەنێرن کە بڕواپێکراو نین لەلایان، ئێستا نووسراویان بۆ ئێمە ناردووە کە بڕوانامەی ئەو زانکۆیە بڕواپێکراو نییە و ئێمە لەسەر قسەی ئەوان ناتوانین دان بە بڕوانامەکانیاندابنێین".

# بەنزینخانە لەسەر زەوییەکەی دروست دەکرێ و قەرەبووش ناکرێتەوە

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر



کازم و نازم 8 ساڵە چاوەڕێن قەرەبوو بکرێنەوە

کازم جەبار و نازمی برای، چوار دۆنم زەوی کشتوکاڵییان لە باوکیانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، زەوییەکە دەکەوێتە سەر جادەی مەلا فەندی لەناو شاری هەولێر و ئێستا بەنزینخانەیەکی لەسەر دروستکراوە. ئەوان دەڵێن هەشت ساڵە چاوەڕێن قەرەبوو بکرێنەوە.

کازم بە (ڕووداو)ی گوت: "پێشتر زەوییەکە کشتوکاڵی بوو، بەڵام 2011 حکومەت بڕیاری کوژانەوەی بۆ دەرکرد، بۆیە ئێمە هیچمان لێنەکرد و چاوەڕێی قەرەبووی حکومەت بووین".

هەشت ساڵ بەسەر بڕیارەکەی حکومەتدا تێپەڕیوە و کازم و نازم قەرەبوو نەکراونەتەوە. کازم دەڵێ "زەوییەکە بەشێکی بەر شەقام کەوتووە، بەشێکی گۆڕستانە و بەشێکیشی کراوەتە بەنزینخانە، نیوەی زەوییەکەش بە بەتاڵی ماوەتەوە. سەرجەم زەوییەکانی دەوروبەری ئێمە پێشتر لەسەردەمی ڕژێمی بەعس کوژاونەتەوە و خاوەنەکانیشیان قەرەبوویان وەرگرتووە. تەنیا ئەو زەویەی ئێمە کێشەیان بۆ دروستکردووە".

محەممەد ڕەحمان کە پارێزەری کازم و نازمە بە (ڕووداو)ی گوت: "خاوەنی زەوییەکە سەنەدیان هەیە، ئەم موڵکە لە ساڵی 2011 کوژاوەتەوە و بووەتە موڵکی حکومەت. بڕیاری قەرەبووکردنەوەی خاوەن مافەکەش دراوە. بەپێی یاسا خاوەن موڵک دەبێت 12%ی قەرەبووەکەی لە شوێنی خۆی وەربگرێتەوە، ئەگەرنا پێویستە خەمڵاندنی بۆ بکرێت و لە شوێنێکی دیکە قەرەبوو بکرێنەوە. هۆکاری قەرەبوونەکردنەوەیان بەهۆی بەنزینخانەیەکە کە پێشتر بە ڕەزامەندی پارێزگای هەولێر دروستکراوە".

کازم جەبار لەبارەی ئەو بەنزینخانەیەی لەسەر زەوییەکە دروستکراوە گوتی: "ساڵی 2009 بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ئێمە، بەنزینخانەیەکی مۆبایل لەسەر زەوییەکە دروستکرا، لەبەرئەوەی پارێزگا ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی دابوو، نەمویست بیکەمە کێشە، بەڵام هەر ئەو بەنزینخانەیە بووەتە لەمپەر لەبەردەم قەرەبووکردنەوەمان، بۆیە ئێستا لەڕێگەی پارێزەرەکەمەوە سکاڵام لەسەر خاوەنی بەنزینخانەکە تۆمارکردووە".

سیروان قادر، خاوەنی بەنزینخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە مۆڵەتمان لە پارێزگای هەولێر و شارەوانی وەرگرتووە، ئەوکاتەی بەنزینخانەکەم دروستکرد کازم و نازمم هەر نەدەناسی، بەڵام ئەوان سکاڵایان لەسەر تۆمارکردین و لە دادگا کەیسەکەمان بردەوە".

بەبڕوای پارێزەر محەممەد ڕەحمان، بەنزینخانەکە هیچ کێشەیەکی یاسایی لەبەردەم قەرەبووکردنەوەکە دروستنەکردووە. ئەو دەڵێ: "شارەوانی هەولێر و لیژنەی 222 کە تایبەتە بە قەربووکردنەوە و کوژاندنەوەی زەوی، پارێزگای هەولێریش هیچ کێشەیەکیان لەسەر قەرەبووکردنەوەی خاوەنی زەوییەکە نییە".

بەپێی نووسراوی ژمارە 13724 لە سەرۆکاتی شارەوانی هەولێر کە لە ڕۆژی 2016/11/28 دەرچووە و بۆ پارێزگای هەولێر نێردراوە، داواکراوە کە ڕای خۆیان لەسەر مانەوە یان هەڵگرتنی بەنزنخانەکە بدەن. پارێزگای هەولێریش بە نووسراوی ژمارە 1563 کە لە ڕۆژی 2016/12/19 دەرچووە، وەڵامی شارەوانی هەولێری داوەتەوە و دەڵێ: "لاریمان نییە لە مانەوەی بەنزینخانەکە. هەروەها قەرەبووکردنەوەی خاوەن ماف لە شوێنێکی دیکە لە سنووری شارەوانیی هەولێر".

محەممەد ڕەحمان دەڵێ: "بەپێی یاسای قەرەبوو، ئەگەر لەبەر نەبوونی زەوی نەکرا لە شوێنی خۆی خاوەن ماف قەرەبوو بکرێتەوە، ئەوکاتە بەشێوەی خەمڵاندن خاوەن ماف لەلایەن لیژنەی 222ی کشتوکاڵی هەولێر کرداری خەمڵاندنی بۆ دەکرێت، ئەوان ئەوەشیان قبوڵە، بەڵام ئەو قەرەبووەش نەکراونەتەوە".

محەممەد ڕەحمان پێیوایە وەزارەتی شارەوانی بەبێ هیچ هۆکار و بیانوویەک مامەڵەکەی ڕاگرتووە.

هونەر شوانی، سەرۆکی لیژنەی قەرەبوو لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەبارەی قەرەبووکردنەوەی خاوەن زەویەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "قەرەبووکردنەوەی خاوەن مافەکە پەیوەندی بە وەزارەتەوە نییە، ئەوە ئیشی لیژنەی 222ە".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەری کاروباری شارەوانییەکان لە وەزارەتی شارەوانی، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لەسەر ئەم کێشەیە بکات.

بەرپرسی بەشی یاسایی لە وەزارەتی شارەوانی دەڵێت هەرچەندە مامەڵەکە نەچووەتە لای ئەوان، بەڵام بەدواداچوونی بۆ دەکەن.

زەویەکەی کازم و نازم ئەسعەد زەویەکی بازرگانییە و بەپێی قسەی پارێزەرەکەیان نرخەکەی بە زیاتر لە چوار ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ. محەممەد ڕەحمان دەڵێ: "ئەو زەویە لەسەر شەقامێکی بازرگانییە، نرخی مەترێک زەوی لەو شوێنە 400 — 1000 دۆلارە".

## پرۆفیسۆر د.موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامیی عێراق بۆ (ڕووداو):

# نەماندەتوانی دژایەتی بەعس بکەین

**● نیوەی سەرکردایەتی بەعس لە دژی شەڕی ئێران و عێراق بوون**

**● چەند شیعەیەک لە دامەزراندنی حیزبی ئیسلامیی عێراقدا بەشدار بوون**



(فۆتۆ: ڕووداو)

پرۆفیسۆر د.موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشـــووی حیزبی ئیسلامی عێراق لە بەشی سێیەمی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە ســـەعات 22:05ی شەوی هەینیی داهاتوو لە کەناڵی ڕووداو بڵاودەبێتەوە، باسی تێڕوانینی ئیخوان بۆ حیزبی بەعس دەکات. هەروەها باسی میسری دوای جەمال عەبدولناسر، شۆڕشی ئەیلول و بەیاننامەی 11ی ئادار دەکات، سەرەڕای تێڕوانینی ئیخوانەکانی عێراق بۆ مافەکانی کورد.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو- سلێمانی**

**● مورشیدی ئیخوان لە عێراق لەگەڵ ئەوە بوو کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان**

### بەشی سێیەم

**ڕووداو: کەسـایەتی عەبدولسـەلام عـارف چـۆن بوو؟ بە تایبەتـی ئەو زۆر نزیک بوو لە ناسرییەکان..**

**د.موحسین:** لە خێزانێکی دیندار بوو، باوکی مەلا بوو. کەسێکی هاوسەنگ نەبوو. ناسری و قەومی بوو، بۆیە نەیتوانی خۆی رابگرێ، هەر لەسـەرەتاوە کەوت. عەبدولکەریم قاسـم زۆر لەو بەهێزتر و رۆشنبیرتر بوو، کەسایەتییەکی بەهێزیشـی هەبوو. لە ئیخوانەکان پەیوەندی لەگـەڵ عەدنان رانیە هەبـوو، ئاوەڵزاوا بوون. پێـش ئینقیلابـی 14ی تەمموز بـە عەدنانی گوتبـوو کە بە ئیخوانەکان بڵێ بەشـداری لە شۆڕشدا بکەن، بەڵام عەدنان پێینەگوتبوون، بۆیە عەبدولسەلام زۆر لێی تووڕە بوو.

**ڕووداو: تۆ زۆر سـەردانی میسرت کردووە، هەڵوێستی عەبدولناسر لەسەر کورد چۆن بوو؟**

**د.موحسـین:** لـە قاهیرە لەگـەڵ د.فوئاد مەعسـووم بەیەکەوە بووین. ئـەو رەزامەندی لە عەبدولناسر وەرگرت کە ئێزگەیەک دابنێن. دوای ئەوەی مەلا مستەفا لە سۆڤیەت هاتەوە، سەردانی کرد، وا دیارە سۆز و پەیوەندییەکی لەگەڵ کورد هەبوو.

**ڕووداو: تۆ لە سـووریاوە سـەفەری تورکیا دەکەی، ئەمە تەنیا بۆ گەشت بوو یان لەسەر داوای حیزب بوو؟**

**د.موحسین:** سەرکردایەتی ئیخوان لە بەغدا داوایـان لە من و ئەندازیـار ئۆرهان محەممەد عەلـی کـرد بچیـن بـۆ ئیسـتانبوڵ. لـەوێ نووسـەرێک و شـاعیرێکی زۆر گەورە هەبوو. ناوی نەجیب فازڵ بوو، نەجیب لەگەڵ مستەفا کەمـاڵ ئەتاتـورک وەکو بـرا وابـوون، بەبێ پرسکردن دەچووە لای. دواتر بوو بە ئیسلامی و خرایە زیندان. گوتمان ئەو کەسـە دەتوانێ کتێبێک لەسـەر ئەتاتورک بنووسێ. چووینە لای و پێمانگـوت جیهانـی عەرەبـی وادەزانن ئەتاتورک پاڵەوانێکی گەورە بووە، بەڵام دژی ئیسلام بووە، ئیسلامێتی لە تورکیا رووخاند. دەمانەوێ کتێبێک لەسەر ئەتاتورک بنووسی. دواتر کتێبەکەی نووسی.

**ڕووداو: لـە کتێبەکـەدا هیـچ نهێنییەکـی ئەتاتورکی ئاشکرا کردووە؟**

**د.موحسـین:** بەڵێ. هەمـوو نهێنییەکانی ئەتاتورکی لەلا بوو. دوای چوار ساڵ ئاگاداری کردینەوە کە دێت بۆ بەغدا، ساڵی 1972 هات بۆ بەغدا، لە فڕۆکەخانە پێشـوازیمان لێکرد. کتێبەکە بە تورکی ناوی بوت ئادەم بوو، واتە (مرۆڤی بت). لە جیهانی عەرەبیدا بڵاوبووەوە، وابزانم تا ئێستا 10 جار چاپکراوە.

**ڕووداو: لـە تورکیـا کێشـەی بۆ دروسـت نەبوو؟**

**د.موحسـین:** نەخێـر، چونکـە بەنـاوی ئەفسـەرێکی کۆنی تـورک بڵاوکرایـەوە. من ئەو باسـەم لەلای هەندێک بـرادەر لە تورکیا باسکرد. گۆڤارێکی زۆر گەورەی مێژوویی هەیە لە تورکیا، هاتنە لام، گوتیان بیستوومانە ئەو کتێبـە هی نەجیب فازڵ بـووە. ئیدی منیش هەموو شتێکم بۆ باسکردن، چونکە وەرگێڕی کتێبەکـە گوتـی لـەدوای من هەموو شـتێک ئاشکرا بکە.

**ڕووداو: تۆ خۆت کتێبەکەت خوێندووەتەوە؟**

**د.موحسین: بەڵێ سێ جار خوێندوومەتەوە.**

**ڕووداو: هەڵوێستی ئەتاتورکی لەسەر کورد تێدایە؟**

**د.موحسین:** تەنیا باسی کودەتاکانی تورکیا دەکات. کتێبێکی زۆر گرنگە، کەسـێکی وەکو د.عەلـی وەردی کە ئەو کتێبـەی خوێندەوە، گوتی بۆچوونم بەرامبەر ئەتاتورک 100% گۆڕا، پێشتر خۆشمدەویست و وەکو قارەمان سەیرم دەکرد. سەبارەت بە کوردیش هەڵوێستی دیار بوو، هەتـا مابوو قەدەغەی کردبوو لە تورکیا بڵێن کورد هەیە.

**ڕووداو: باسی ئەوە دەکەی کە ماسۆنییەکان لـە مزگەوتـی مەولانـا جەلالەدینـی رۆمی لە دیمەشق کۆدەبوونەوە..**

**د.موحسـین:** نەخێر ئـەوە لـە قۆنیا بوو لـە تورکیا، لە سـاڵی 1968 بـوو، من بینیم کۆبوونەتـەوە، پرسـیم ئەوە چییـە؟ گوتیان ماسۆنییەکانی جیهان ساڵانە لێرە کۆدەبنەوە. چونکە بە مەولانا جەلالەدین دەگوترێ ئەسحاب وەحدەتی وجـوودە. ئـەم وەحدەتی وجوودە ئەوەی تێنەگات وادەزانێ رەتکردنەوەی هەموو ئاینێکە. خۆی وا نییە، بەڵام ئەوان ئیستغلالی دەکەن. من ئەمەم لە سـاڵی 1968 بە چاوی خۆم بینی، بەڵام نازانم ئێستا ماون یان نا.

**ڕووداو: باشـە ئـەوە مانای ئـەوە نییە کە ماسـۆنییەکان دەیانـەوێ پەیوەنـدی لەگەڵ ئیسلامییەکان دروست بکەن؟**

**د.موحسین:** ئەوە سەلمێنراوە کە ماسۆنیەت یەکێکە لە کۆمەڵە نهێنییەکانی سەرکردایەتی یەهودی لەجیهـان. ئەوان کەس قبوڵ ناکەن،

**سەرەتا بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران زۆر خۆشحاڵ بووین**

تەنیـا سـەرۆکی وڵات، نووسـەرێکی گەورە، رۆژنامەنووسێکی زۆر گەورە، دانەرێکی گەورە کە سـوودی لێوەربگرن، هەر لەو رێگەیەوەش کۆنترۆڵی جیهانیان کردووە.

**ڕووداو: ئـەو کاتەی تۆ چوویت بۆ تورکیا، ئیخوان لە تورکیا هەبوو؟**

**د.موحسـین:** نەخێر، ئێستاش باوەڕ ناکەم هەبێ. بەڵام لەژێـر کاریگەری ئیخواندا بوون، ئەوکات بەشێک لە کتێبەکانی ئیخوان کرابوون بە تورکی.

**ڕووداو: ئەی حیزبی دادوگەشەپێدان؟**

**د.موحسـین:** رەنگە هەندێک سـەرچاوەی ئیخوان بخوێننەوە، بەڵام ئیخوان نین نەخێر. چونکە لەوێ دەستوور دەڵێت نابێ رێکخراوێک دابنرێ بە ناوی ئیسلام و شەریعەت.

**ڕووداو: تۆ لە باسـی بەعسـییەکان دەڵێی کـە ئەوانەی بەعسـیان دروسـتکرد دروزی و مەسیحی و نوسەیری بوون. نوسەیرییەکان ئەو شیعانە بوون کە لە ئیسلام لایاندابوو؟**

**د.موحسـین:** ئـەوان دەیانویسـت حوکـم بکـەن، بـەڵام ژمارەیان کەم بـوو، بۆ نموونە نوسـەیرییەکان 6% بوون. چوونە پاڵ بەعس، وردە وردە دەسـتیان بەسـەردا گرت. تەبعەن فەرەنسییەکانیش زۆر یارمەتییان دان.

**ڕووداو: ئەی مەسیحییەکان؟**

**د.موحسین:** مەسیحییەکان بە تەنیا میشێل عەفلەق و ئیلیاس فەرەح بوون.

**ڕووداو: بـەڵام حیزبی بەعس لەگەڵ ئەوەی باسـی سۆشـیالیزمی دەکرد، لە هەمان کاتدا سوودیشی لە ئیسلام دەبینی..**

**ساداتی لەسەر داوای هاوژینەکەی، ئیخوانەکانی لە زیندان ئازادکردن**

**د.موحسین:** ئیسلامێکی لادەر بەمدواییانە. سـەدام کە زانی ئێران لە شـەڕدا زۆر باسـی قورئان دەکات، گوتی با منیش باسی بکەم.

**ڕووداو: سـاڵی 1971 ئیخوانـەکان چالاکییەکانیان لە عێراق دەوەستێنن، بۆچی؟**

**د.موحسـین:** چونکە سەرکردایەتی ئیخوان دەسـتگیرکران و ئەشـکەنجەیەکی زۆر دران. ئەحمـەد حەسـەن بەکـر لەگـەڵ یەکێک لە سـەرکردەکانی ئیخـوان لە تکریـت ئاوەڵزاوا بـوو. چـووە لای و ئـازادی کـرد. ئـەوکات عەبدولکەریم زێدان مورشـیدی ئیخـوان بوو، زانایەکـی گەورە بـوو، گوتی: بەعسـییەکان دوژمنـی گـەورەی ئێمـەن. رەنگـە گورزێکی گەورەمـان لێ بدەن، بۆیـە تەنزیمی راگرت و گوتی: ئەوەی موسـوڵمانە با بۆ خۆی بچێتە مزگـەوت و بانگەواز بۆ ئیسـلام بکات. بەڵام پەیوەندی نێوانیان مابوو. دواتر کە لە سـاڵی 1996 دەستمان بە رێکخستن کردەوە، لە 13 شوێن رێکخستنمان هەبوو.

**ڕووداو: هەڵوێسـتی ئیخـوان بـە تایبەتی کوردەکان لەسـەر بەیاننامـەی 11 ئادار چی بوو؟**

**د.موحسـین:** ئیخوانەکان لەگەڵـی بوون، سەردانی مەلا مسـتەفایان کرد و پشتگیریان کـرد، چونکە بەیاننامەکە بـووە هۆی ئەوەی شەڕ رابوەستێ.

**ڕووداو: تۆ جارێکی دیکە سـەردانی میسـر دەکەیتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەگیرێی، بۆچی کەوتنە زیندان؟**

**د.موحسین:** ساڵی 1970 ئەحمەد حەسەن بەکر لە لوتکەی عەرەبی لە تەرابلوس چاوی بە جەمال عەبدولناسر کەوت. عەبدولناسر گوتی با پرۆژەی وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا بەناوی "پـرۆژەی رۆجەرز" پەسـەند بکەین. ئەحمەد حەسـەن بەکر هەسـتایەوە و جنێـوی پێدا و پێیگوت تۆ بەکرێگیـراوی جووی. راگەیاندنی میسـر هەواڵێکیان بڵاوکـردەوە کە عێراق 60 میسـری دەرکردووە، لە سەفوان و هەموویان لە برسان مردوون. لە بەرامبەردا ویستیان 60 قوتابی عێراقی لە قاهیرە دەستگیر بکەن. 58 کەسیان دەستکەوت کە قوتابیی بەعسی بوون. دوو کـەس مابوون، ئیخوانەکانیان بە دوژمنی خۆیـان دەزانـی، بۆیە من و دکتـۆر حازمیان گرت. کە حەسەن ئەبوو باشا هات بۆ زیندان، یەکێکیان پرسـی ئێمەتان بۆ هێناوەتە ئێرە؟ گوتی: ئێوە بەعسین. منیش گوتم: من بەعسی نیـم، من کـوردم، ناکـرێ کوردێک بەعسـی بـێ. دواتریش من بنەماکانـی حیزبی بەعس رەتدەکەمەوە. بەڵام ئەوە دادی نەدا و 46 رۆژ لـە زیندان ماینەوە. دواتر قوتابییەکان مانیان لە خواردن گرت، دوای سـێ رۆژ ئێمەیان هێنا بۆ فڕۆکەخانە و بەڕێیان کردینەوە بۆ عێراق.

**ڕووداو: رەوشـی زیندانەکانـی ئەوێ چۆن بوو، ئیخوانەکانت دەبینین؟**

**د.موحسین:** زۆر خراپ بوو، شەوێک بەهۆی خواردنە خراپەکەیانەوە تووشی سکئێشە بووم، هەرچەنـد هاوارمان کـرد دەرگایان نەکردەوە. یەکێکمـان لەگەڵ بوو نـاوی عەزیز قازی بوو، بەڕێوەبـەری پۆلیس بـوو لە بەغـدا. هاتبوو دکتۆرا لە تاوان وەربگرێ. گوتی کورسییەکان هەڵبگـرن، هەمووتـان بـە جارێک لـە دەرگا بـدەن، بـووە فەرتەنە. لە هەموو قاوشـەکان بوو بە هەرا، ئیدی ناچار بوون پەیوەندیان بە وەزیری ناوخۆوە کرد، ئەویش عەبدولناسری لە خەو بەئاگا هێنابوو، گوتبووی دەرگاکەیان بۆ بکەنەوە. بەیانی ئەفسەرێکم بینی، گوتی لێرە هـەزار کەس بمرێ دەرگا ناکرێتەوە، چونکە ئەو زیندانە سێ دەرگای هەیە، هەر یەکێکیان کـە دادەخرێ دەبێ 5 ئەفسـەر واژۆی بکات. کلیلەکان لە ماڵی مودیری سجن لە قاسەیەک دادەنرێ. ترسـاین کە تۆ بمری و بەهۆی تۆوە پەیوەنـدی نێوان عێراق و میسـر لـەوە زیاتر خراپ بێ.

**ڕووداو: تـۆ جارێکـی دیکـە بـۆ خوێندن دەگەڕێیتەوە میسر، ئەوە لە سەردەمی ئەنوەر سادات بوو؟**

**د.موحسـین:** شـەوێکیان گوێـم لـە رادیۆ گرتبوو، سـادات قسـەی دەکرد، ئەوە سـاڵی 1971 بـوو. گوتـی: "من هاتووم بـۆ ئەوەی ماف بۆ خاوەن مـاف وەربگرمەوە". بڕیارم دا نامەیەکی بۆ بنووسم، لە نامەکەدا بۆم نووسی: ئەگەر تۆ راستگۆی، من کەسێکم مافم خوراوە. یەک سـاڵم ماوە دکتۆراکەم تەواو بکەم. جگە لـەوەش رێگەم پێنادرێ لەگەڵ یەک میسـری قسـە بکەم. ئێسـتاش دەمـەوێ بگەڕێمەوە میسر". برادەرێکم دەچوو بۆ قاهیرە، نامەکەم پێدا نارد و پێمگوت بیبە بۆ پۆستەی عەقەبە، لەوێ دەچێت بۆ کۆشـکی کۆماری. دوای 25 رۆژ لە باڵیۆزخانەی میسر لە بەغدا تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان سەرۆک کۆمار بڕیاری داوە ئەم ئابلوقەیەت لەسـەر هەڵبگـرن و دەتوانی بگەڕێیتەوە میسر و خوێندنەکەت تەواو بکەی.

**ڕووداو: ئەنـوەر سـادات نێوانـی لەگـەڵ ئیخوانـەکان خۆش دەبێ و لە زیندان ئازادیان دەکات، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

**د.موحسین:** هاوژینەکەی بوو. هاوژینەکەی لـە بەرنامەی (شـاهد علـی العصـر) لەگەڵ ئەحمـەد مەنسـوور گوتی: من لە سـەردەمی گەنجیمدا ئیخوانم زۆر خۆشدەویست. پارەم بۆ کۆدەکردنەوە. سادات پێشتر پەیوەندی لەگەڵ ئیخوانەکان هەبوو، بەڵام لە رێکخستن نەبوو. ساڵی 1974 سـەرجەم ئیخوانەکان لە زیندان

**بە ئەنوەر ساداتم گوت من کەسێکی مافخوراوم**

ئازاد کران بە حەسەن بەنناشەوە. پێیگوتن من ئازادتتـان دەکەم بۆ خۆتان بانگەوازی خۆتان بکەن، بەڵام بەلای سیاسەتدا بچن لێتان دەدەم. سـادات لە ئیخوانەکان دەترسـا، بە دوو سێ هەفتە پێش ئەوەی بکوژرێ، ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیرکردن بە مورشیدی ئیخوانیشەوە.

ڕووداو: لە نێو ئیخوان باڵباڵێن هەبوو؟

**د.موحسـین: نەخێـر، نەدەمـان، چونکە دەردەکران.**

**ڕووداو:** بەڵام دەڵێن لە نێو ئیخوانی عێراق، باڵی زێدانی و سەوافی هەبووە؟

د.موحسـین: نەخێـر، پێـش ئـەوەی عەبدولکەریم زێدان ببێتە مورشـیدی ئیخوان، هەندێکیان پشتگیری سەوافیان دەکرد، بەڵام کە سـەواف نەگەڕایـەوە، زێـدان هەڵبژێردرا. سـەواف کەسـێکی جەمـاوەری بـوو، زێدان حیزبییەکـی زۆر بێدەنگ بوو، تەنانەت حەزی نەدەکرد کەس بڵێت ئەو ئیخوانە.

**ڕووداو: بۆچوونـی ئیخـوان لەسـەر بەرەی نیشتیمانی نێوان شیوعییەکان و بەعسییەکان چی بوو؟**

**د.موحسـین:** سـەرکردایەتی ئیخوان هیچ کاتێـک هـاوکاری شـیوعی و بەعسـییەکانی نەکـردووە. ئامانجـی ئـەوان جیـاواز بوو لە ئامانجی ئێمە، بۆیە نە لەدژیان دەوەستاینەوە، نە پشتگیریشمان دەکردن.

**ڕووداو: سـاڵی 1974 دیسان نێوانی کورد و رژێم تێکدەچێ و شۆڕش دەستپێدەکاتەوە. ژمارەیەکـی زۆر مـەلا و قوتابـی و خەڵـک چوونە نێو شـۆڕش، هیچکام لـە ئیخوانەکان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد؟**

**د.موحسین:** بەڵێ هەندێک کورد و عەرەبی ئیخوان چوونە نێو شۆڕشەوە.

**ڕووداو: کە ئیخوان لە عێراق سـڕکرا، تۆ چ پلەیەکت هەبوو؟**

**د.موحسـین:** یـەک پلـەم مابـوو بگەمـە سەرکردایەتی.

**ڕووداو: بۆچوونی ئیخوان لەسەر مافی کورد چییە؟**

**د.موحسین:** ئیخوانەکان لەگەڵ فیدراڵیەت کێشـەیان نییـە. تەنانـەت ئوسـامە تکریتی مورشیدی ئیخوان چەند جارێک لە دانیشتەکاندا گوتوویەتـی بـا کەرکـووک بگەڕێتەوە سـەر کوردستان، هیچ کێشە نییە. هەڵوێستی خۆشم لە کۆنگرەی سەلاحەددین روونە کە خۆم داوای فیدراڵیەتم کرد.

**ڕووداو: تۆ لە نێوان ساڵانی 1975 — 1980 خەریکی چی بوویت؟**

**د.موحسـین:** زۆرتـر خەریکـی خوێندن و نووسـینی کتێـب بووم، لـە زانکـۆش وانەم دەگوتەوە.

**ڕووداو: بەڵام کاری سیاسی و رێکخراوەییتان نەدەکرد؟**

**د.موحسـین:** نەخێـر، چونکـە ئـەوکات سەربەخۆ بووم.

**ڕووداو: لـەدوای 1975 بەعسـییەکان دەیانویسـت هەموو خەڵکێک ببێ بە بەعسی، ئێـوە چـۆن خۆتـان پاراسـت و نەبـوون بە بەعسی؟**

**د.موحسـین:** هیـچ کەسـێک توخنـی من نەکـەوت پێـم بڵێ ببـە بە بەعسـی. چونکە دەیانزانـی من چیـم. دەیانزانی مـن بەردەوام خەریکی وتار و سەمینارم، دەشیانزانی کە من کوردم.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە هیچ دژایەتی ئاشـکرای حیزبی بەعسیشتان نەدەکرد؟**

**د.موحسین:** نەماندەتوانی. کێ دەیتوانی؟ مامۆسـتایەکمان تەنیا پرسـیارێکیان لێکرد، ناوی عەفلەقی هێنا، لە زانکۆ دەرکرا.

**ڕووداو: ساڵی 1979 شۆڕشی گەلانی ئێران سەریهەڵدا، ئیخوانەکان چ تێڕوانینێکیان هەبوو لەسەر ئەو شۆڕشە؟**

**د.موحسـین:** یەکەمجـار کە شـۆڕش کرا، جیهانی ئیسـلامی زۆر خۆشـحاڵ بوون. بەڵام دواتر دەرکەوت مەسەلەکە ئیسلام نییە، بەڵکو تائیفییەتە. کە دەشـڵێن هەناردنی شۆڕشـی ئیسلامی، واتە بە شیعەکردنی خەڵکی دیکە. ئیسلامییەکان وردە وردە لێی دوورکەوتنەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە سـەرەتا پشـتگیریتان کرد؟**

**د.موحسین:** بەڵێ وایە. وەفدێک لە هەموو رێکخراوە ئیسـلامییەکانی جیهان دروسـتکرا و چـوون پیرۆزبایی لـە خومەینی بکەن. ئەو وایزانی هاتوون بەیعەتی پێ بدەن. کە زانی بۆ ئەوە نەچوون، هەڵوێستی تەواو گۆڕا.

**ڕووداو: هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئیخوان و رێکخراوە ئیسلامییە شیعەکاندا هەبوو؟**

**د.موحسـین:** بەڵێ هەبوو. ئیخوان هەر لە سەرەتاوە ویستی لەو رێکخراوانە نزیک ببێتەوە و بەرامبـەر رۆژئاوا یەک هەڵوێسـت بن، بەڵام دواتـر وردە وردە دەرکەوت ئەوە سـەرکەوتوو نابێ. لە عێراق لە ساڵی 1959 کە شیوعییەکان باڵادەسـت بـوون، شـێخ ئەحمـەد زەهاوی و سەواف زۆر دەچوون بۆ لای مەرجەعی دینی شیعەکان، لەوانەش موحسین عەبدولحەکیم. ئەمەش لە پێناو یەکگرتنی موسـوڵمانەکانی عێراق، چونکـە ئەوکات لەبـەردەم خەتەری شـیوعییەکان و یەکێتـی سـۆڤیەتدا بووین. ئەوکات جۆرێک لە هاوکاری هەبوو، تەنانەت حیزبی ئیسلامی کە دامەزرا، چەند شیعەیەکی تێدابوو.

**ڕووداو: بـەڵام ئێوە شۆڕشـی ئیسـلامی ئێرانیش بە دەستی رۆژئاوا و زایۆنیزم دەزانن؟**

**د.موحسـین:** نـەک هـەر ئێمـە. خەڵکی دەرەوەی ئیخوانیش هەمان بۆچوونیان هەیە. ئیخوانـەکان لەبـەر ئـەوەی موسـوڵمانن بۆ ئەوەی نەڵێن قەومی و دەمارگیرن، زۆر قسەیان لەسەر ئەو بابەتە نەکرد.

**ڕووداو: ئەی بۆچوونی تۆ چییە؟**

**د.موحسین:** دیراسەم نەکردووە.

ڕووداو: شەڕی ئێران و عێراق بۆ هەڵگیرسا؟

د.موحسـین: ئەحمـەد حەسـەن بەکـر رەتیکـردەوە هێرش بکاتە سـەر ئێران. گوتی ئەوان لەسـەر سنوور لە ئێمە دەدەن، ئێمەش لێیان دەدەین. بەڵام سەدام و بەعسییەکان وا بیریان نەدەکـردەوە و دەیانگوت: ئەگەر ئێمە نیـوەڕۆ نەیانخۆیـن، ئەوان شـەو دەمانخۆن. ئەوان زۆر دەترسـان، بە تایبەتی دوای ئەوەی خومەینی لە کاتی گەڕانـەوەی لەنێو فڕۆکەدا

**لە ترسی گورزی بەعسییەکان، رێکخستنەکانی ئیخوان لە عێراق سڕکران**

گوتی: دەبێ ئەو سـەرکردە زاڵمانەی عەرەب لابچن. من لە پێنج قیادەی فیرقەم پرسـیوە، ئایا هێرش بۆ سەر ئێران پێویست بوو، گوتیان هیچ پێویست نەبوو. هەندێکیان گوتیان ئێمە 160 کیلۆمەتر چووینە نێو ئێران، سەربازێکمان نەبینی. چونکە سـوپای کۆنیـان لەنێوبرد و خەریک بوون سوپایەکی تازە دروست بکەنەوە.

**ڕووداو: کەواتە هۆکاری سـەرەکی شەڕەکە چی بوو؟**

**د.موحسـین:** حوکمێـک لە عێـراق هەیە، قەومییـە، خومەینـی 13 سـاڵ لـە نەجەف ژیاوە. دەزانن چییان بە شـیعە کردووە، بۆیە پێشبینییان دەکرد هێرش بکاتە سەر عێراق. نیوەی سەرکردایەتی بەعس پشتگیری ئەحمەد حەسـەن بەکریـان کـرد و دژی شـەڕ بوون. سەددام بەوە تۆمەتباری کردن کە لەگەڵ حافز ئەسـەد رێککەوتوون، هەمووی لەسێدارەدان. ئەو شـەڕە خەتای ئێرانیشـی تێدابوو، ئەوان گوتیـان دەبێ بـە رێککەوتننامـەی 1975دا بچینـەوە، بەڵام عێراق رەفزی کـردەوە، بۆیە شەڕ لە سنوورەکان دەستپێکرد. دووەم شت سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر بروسکەیەکیان بۆ خومەینی کرد، ئەو وەڵامی دانەوە و گوتی: والسلام علی من اتبع الهدی. ئەو تەعبیرە واتە ئێوە نەسـرانی و یەهودین. ئـەوە زۆر بێزاری کردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد حەسەن بەکر گوتی: ئەو شەڕە مەکەن.

**عەبدولسەلام عارف کەسێکی ناهاوسەنگ بوو، بۆیە نەیتوانی خۆی رابگرێ**



کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# خۆمان کەڕولاڵ کردبوو بۆ ئەوەی نەکڕێینە کەنیزەک

چیرۆکی نۆیەم (بەشی دووەم)

ئەو ئافرەتانەی دووگیان دەبوون بۆ ماوەیەک رزگاریان دەبوو لە کڕین و فرۆشتن

نەوزاد مەحموود
رووداو – دهۆک

سیمای غەمگینی ئەو کچەی کە تەمەنی لە بیستەکاندایە، پەردە لەسەر زۆر چیرۆک و سەربوردەی ئاینێکی ئاشتیخوازی کوردستان هەڵدەداتەوە. منداڵێکی تەمەن 5 ساڵ، زوو زوو لەیلا ناچار دەکات لە قسەکردن بوەستێ و وڕک دەگرێ، چەند جارێک فرمێسکە گەرمەکان لە چاوی دایکی تکانە سەر روخساری. لەیلا هێواش هێواش، دەستی دەهێنێ بە پشتی منداڵەکەیدا و دەگەڕێتەوە بۆ بەیانییەکی زووی حەی خەزەر، رووداوەکان هێندە خێرابوون، تەنیا دەیتوانی لەنێو دڵی غەمگینی خۆیدا پرسە بۆ لەدەستچوونی هاوڕێنەکەی دابنێ.

"لە حەی خەزەر، ئێمەیان بردە ماڵێک، دیمەنەکە بە رۆژی یەکەمی داگیرکردنی شنگال دەچوو. پرچی هەندێک کچیان بە شێوەیەک بڕی وەکو کوڕیان لێکردبوون".

لەیلا، هەندێکجار ئەوان وەک "تەتاری سەردەم" ناو دەبات. بەڵام ئەوان ئەو چەکدارانە بوون کە شانازییان دەکرد بەوەی توانیویانە دیمەنەکانی 1400 ساڵ لەمەوبەر دووبارە بکەنەوە و گۆڕەپانی شەڕ و مەزادی کەنیزەک شاگەشکەی کردبوون.

هەندێک لە کچەکان خۆیان کەڕولاڵ کردبوو، هەندێکیش خۆیان شێت کردبوو بۆئەوەی نەبنە

بەکارهێنانی دەستەواژەی "داعش" سزاکەی 70 جەلد بوو

خۆراکی حەز و ئارەزووی چەکدارانی داعش "پزیشکێکیان هێنا تاوەکو پشکنین بکات. درۆی هەموو لاڵ و شێتەکانی ئاشکرا کرد، دواتر ژمارەیەک چەکدار کە جلوبەرگ و قژ و ریش و تەنانەت پێکەنین و تووڕەبوونەکانیشیان وەک یەک بوون، هەر یەکێکیان کچێکی هەڵبژارد، ئەگەر ژنێک چڵکن بووایە، شامپۆ و دیتۆڵیان دەدایە و دەیانگوت برۆ جوان خۆت بشۆ".

## موورووە شینەکان قسە دەکەن

مانگی تەمووزی 2015 دیوانی بانگەواز و مزگەوتەکانی رێکخراوی داعش لە ولایەتی (البرکە) بڕیاری دا هەر کەسێک قورئان لەبەر بکات، سێ براوەی یەکەم "کەنیزەک" وەردەگرن. هەموو رێگاکانی خەڵات و بەخشین و پاداشتەکانی داعش دەچوونەوە سەر چارەنووسی کچانی وەک لەیلا.

دوای نوێژی نیوەڕۆ، پاسێک و ئۆتۆمبێلێکی ساردکردەوەیان هێنا و هەموو ژنەکانیان کردە نێوی. لەیلا یەکێک بوو لەوانەی لەنێو ئۆتۆمبیلە ساردکردەوەکەدا بوو. رێگاکە، دوور و درێژ و چەکدارێک وەک پاسەوان لەگەڵیان بووە. ئۆتۆمبیلەکان بەنێو شنگالدا تێدەپەڕن و برینی لەیلا دەکولێننەوە کاتێک بە تەنیشت ماڵی باوکیدا رەتدەبن. ئەو کۆڵانەی بەرچنی هەموو تەمەنی منداڵی و یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانیەتی. ئەو شوێنەی دەیانجار بە جلە تۆزاوییەکانی بەری و بە قژی ئاڵۆسکاویەوە رایکردووە و باوەشی بە باوکیدا کردووە لەکاتی هاتنەوەی. ئێستا دەڵێی خۆڵەمێشی مردوو بەسەریدا کراوە. "لەوکاتەدا، فڕۆکەکان بۆردومانی شنگالیان کرد، داوام لە خودا دەکرد مووشەکێک بە ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە بکەوێ و نەگەینە سووریا".

بەڵام خودا نزاکەی قبوڵ نەکرد "شەو بوو گەشتینە سووریا، بردیانین بۆ ژێرزەمینێک تەنیا گلۆپێکی کزی تێدابوو. لەوێ پاشماوەی زیندانییەکانی دیکە هەبوو، زانیمان کچی دیکەی ئێزدی هەبوون لەوێ. لەوێ هەرکەس کچێکی بۆ خۆی برد، لەناو ژوورەکە مووروی شین هەبوون. داعش زۆر رقیان لە مووروە شینەکانی ئێمە بوو". دواتر لەیلا و ژمارەیەک لە ژنەکانی دیکە دەگوازنەوە بۆ ژوورێکی پیس و بۆگەن "ئاوی تەواڵێتەکان بەسەرماندا دەهاتە خوارەوە، پاشان براینە نێو باخێک کە خزمەتگوزاریی باشی تێدابوو، پێدەچێ پێشتر ماڵی بەرپرسێکی سووری بووبێت. لەوێ شامپۆ و سابوونیان هێنا و گوتیان خۆتان بشۆن و ئامادەبن بۆ کەسێک چاوەڕێتان دەکات".

## لەگەڵ پزیشکێکی جوانکاری

کڕیار و فرۆشیارەکە لەبەردەم نووسەری داد ئامادەبوون، ئەبوو مونعیم مولکی یەمینەکەی بە 1500 دۆلار بە ئەبوو حازم فرۆشت و دەمودەست پارەکەی ژمارد. لە بەرامبەردا ئەبوو مونعیم ژنەکەی رادەستی ئەبوو حازم کرد. هەریەک لە ئەبو تەیب و ئەبوو عیزەدینیش وەکو شاهید ئامادە بوون. لە نووسراوی دادگای شەرعی کەنیزەکەکاندا، دادنووسەکە هەموو وردەکارییەکانی باڵا و رەنگ و روخسار و تەنانەت رەنگی چاوەکانیش تۆمار دەکات. زۆرتر لەسەری رۆیشت و لەبیری نەکرد کە باسی هەڵسوکەوت و راددەی گوێڕایەڵییەکەشی بکات.

مۆبایلی هەر چەکدارێکی داعش، بۆ خۆی بازاڕی گەرمی سەودا و مامەڵەی کچان و ژنانی ئێزدی بوو. لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی واتس ئەپەوە، وێنەی لەیلا و هەردوو منداڵەکەی لەگەڵ نرخی فرۆشتنیان دانرابوو. ئەبوو حازم زۆر کەنیزەکی دیکەی بەو شێوەیە دەکڕی و

داعش بەکارهێنانی مووروی شینی لێ قەدەغە کردین

دەیفرۆشتنەوە. ئەو پیاوە سعودییەی بەهۆی کەنیزەکەکانەوە نەیدەتوانی هەموو مێشکی لەگەڵ خۆی بباتە سەنگەرەکانی شەڕ و هەر بەو هۆیەشەوە دەوڵەمەند ببوو.

پاشان ئەبوو ئەنەس، لەیلا و کچێکی دیکەی کڕییەوە و رۆژی دواتر دیسان فرۆشتنییەوە بە کەسێکی عێراقی خەڵکی مووسڵ بە ناوی سەیف. هەر لەو باڵەخانەیەدا، ئەبوو ئەنەس رۆیشت و سەیف هات "لەبەر ئەوەی من بەڕۆژوو نەدەبووم و نوێژیشم نەدەکرد، زۆر زۆر ئازاری دام، دواتر عەبدوڵڵا هاشمی، ئەو چەکدارە سعودییەی جێگە و پێگەی خۆی هەبوو لە نێو داعشدا، لەرێگای واتسئەپەوە بووە کڕیارم". گەیشتنی عەبدوڵڵا لە سعودیەوە بۆ شام، بۆ خۆی چیرۆکێکی جیاوازە.

عەبدوڵڵا، لە شەقامی پزیشکانی ریازی پایتەختی سعودیە نۆڕینگەی پزیشکی جوانکاری هەبوو. رۆژە بە هەرمێنەکانی ئەو، بەرهەمی کارامەییەکەی بوون لەبوارەکەی خۆیدا. گەنجانی سعودی، لە زۆربەی شارەکانی ئەو وڵاتەوە بە گیرفانی پڕەوە خۆیان دەگەیاندە لای تاوەکو کۆتایی بە هەر ناڕێکییەک بهێنێ کە لە روخساریاندا

## داعشەکان لە رێگەی واتسئەپەوە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکردین

هەبوو. بەڵام پەیوەندی ئەو لەگەڵ سەلەفییە توندئاژۆکان لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بیرکردنەوەی ئەوی بە تەواوی گۆڕی.

عەبدوڵڵا هاشمی، کاتێک هەستی بەخۆی کرد، تەنانەت رقی لە پیشەکەشی دەبووەوە، هەر بۆیە خۆی گەیاندە شام و خزمەتی ئەو خەلافەتەی دەکرد کە یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەبوو هەموو جوانییەکانی روخسار لەژێر جلوبەرگێکی رەشەوە بشاردرێنەوە.

"من تەوبەم کردووە لە تاوانەکان و جارێکی دیکە هەڵەی وا ناکەمەوە" هاشمی وای بە لەیلا دەگوت. ئەو تەنانەت لە لەیلای نەدەشاردەوە "لەپێناوی دەوڵەتی ئیسلامی، دەستم لە زۆر خزم و کەسوکاریشم هەڵگرت". بەڵام مامەڵەی ئەو لەگەڵ لەیلا و کەنیزەکەکانی دیکە، وای نیشان نەدەدا کە ئەو رۆژێک لە رۆژان پزیشک بووە و خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە: "چونکە زۆر شێتانە رەفتاری دەکرد، لەکاتی سێکسدا زۆر توند بوو، هەندێ جاریش بە زۆر قورئانی پێدەخوێندم".

لەیلا، بەدەست پزیشکە تووڕە و بێحەوسەڵەکەی داعشەوە دەیناڵاند. بەڵام هێشتا سوپاسگوزاری ئەوە بوو کە منداڵەکان لە باوەشی هەڵنەکەندراون و دەتوانێ لەو دۆزەخەدا چاوی لێیان بێت.

## کەس ژنی دووگیان ناکڕێ

لەناو کۆمەڵگەی ئێزدیدا پەندێکی پێشینان هەیە کە دەڵێت: "لەسەر خاکی ئێمە، سەرەتا ژن لەخەو هەڵدەستن، دواتر رۆژ هەڵدێت، چونکە ئەوانەی رۆژ هەڵدێنن ژنانن". بەڵام ئێستا ئەو ژنانە لەماڵ نەماون تاوەکو بەیانیانێ خۆر هەڵبێنن. پێش ئەوەی لەیلا ببینم، لەگەڵ پیاوێکی ئێزدی دانیشتووم کە خۆی داوەتە بەر تیشکی هەتاو، رۆژگار چەماندوویەتییەوە و دووکەڵی توتن، سمێڵە پڕ و سپییەکانی زەردباو کردووە. حیتۆ، باسی پێگە و پایەی ژن دەکات لە نێو ئێزدییەکاندا. ئەو خۆرە درەوشاوانەی لە ئامۆژگارییەکانی شێخ ئادی و پێڕەوکارانی ئەو ئاینەدا زۆرتر پرشنگ وەردەگرن. لە حاڵی پەرێشانی حیتۆ وا تێدەگەم، ئەمڕۆ لەسەر ئەو خاکەی ئەوان، بەهۆی ژنان و کچانی لەدەستچووەوە ئەوەندە زام روان، هێزی دەماودەمکردنی پەندەکانیان نەماوە.

عەبدوڵڵا هاشمی، دەیویست چێژی زۆرتر وەربگرێ و کەنیزەکەکەی بگۆڕێ. کارێک کە بووبووە نەریتی نێو داعشان. لەیلای رادەستی چوار چەکداری داعش کرد و ئەوانیش لەگەڵ خۆیان بردیانە ماڵێکەوە. ئارایشتیان پێکرد و جلوبەرگی سەرنجڕاکێشیان لەبەر کرد. چوار چەکدارەکە وەک ئەوەی چاویان لە بووکەڵەیەک بڕیبێ، بەردەوامبوون لە سەیرکردنی تاوەکو دواجار یەکێکیان کڕییەوە و پارەکەی دایە دەستی پزیشکەکە: "ئەویش لەگەڵ خۆی بردمییەوە بۆ ماڵەکەی. لەوێ دەستیگرت بە وێنەگرتنی خۆم و منداڵەکانم و بە واتس ئەپ دەینارد بۆ داعشەکانی دیکە، دوای شەش رۆژ کڕیارێک هات و منی فرۆشت بەو، ئەو پیاوەی کە ناوی ئەبوو حەمزە بوو".

ئەبوو حەمزە بازرگان بوو، بەڵام ئەو کاڵا و کەرەستانەی بازرگانی پێوەدەکردن مرۆڤ بوون. کچان و ژنانێک کە داعش بەهۆی ئاینەکەیانەوە رۆژی 3 ئابی 2014 پەلاماری شارۆچکە و گوندەکانی دان و پیاوەکانی کوشتن و زێڕ و کەلوپەلەکانی بەتاڵان بردن و بۆ خۆشیان وەک دەستکەوتی جەنگ، کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا. کاتێک لەیلا لەگەڵ بازرگانەکە بەڕێدەکەوێ بەرەو ماڵەکەی، وای وێنا دەکرد پیاوێک پەلەیەتی بۆ ئەوەی زووتر بیگەیێنێتە ماڵەوە و لەگەڵی بخەوێ: "بەڵام کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، بینیم ژمارەیەکی زۆر کچ و ژنی دیکەی ئێزدی لێبوون. ماڵێکی دەوڵەمەندانە و ژیانێکی شاهانە، بۆ خۆشی کەسێکی زۆر ناسراو بوو. هیچکام لەو ژن و کچانەم نەناسی، بەڵام تێگەیشتم ماڵەکەی ئەبوو حەمزە، نووسینگەی کڕین و فرۆشتن بوو. هەرلەوێش لەکاتی قسەکردنم لەگەڵ ژنەکان تێگەیشتم، تەنیا رێگایەک بۆ رزگاربوون لە کڕین و فرۆشتن بۆ ماوەی چەند مانگێک، دوو گیانییە".

شەوە بەژانهاتووەکانی لەیلا، دواییان نایەت. ژنێک کە ژیانی لەو سێ ساڵەی بەندەستیدا دابەشبووە بەسەر هەڵهاتن لە چەرمەسەرییەک بۆ چەرمەسەرییەکی تر "چەند رۆژێک فرۆشرامە داعشێکی ئەمریکی، شتێکی سەیرم تێبینی کردبوو، داعشە ئەمریکییەکان زۆر زوو لە کەنیزەک بێزار دەبوون و داوای کەنیزەکێکی دیکەیان دەکرد. ئەوان زۆر تاقەتی بۆڵەبۆڵیان نەبوو، دەیانویست کەنیزەکێک بە عاقڵی لە تەنیشتیانەوە بێت و خزمەتیان بکات و ئارەزووەکانیان بەجێبهێنێ، هەروەها حەزی زۆریشیان لەوە بوو کەنیزەک نوێ بکەنەوە، لێگەڕێ دواتر باسی ئەمریکیەکانت بۆ دەکەم". ئەوەندە کەم لەگەڵ ئەو داعشە ئەمریکییە ماوەتەوە، تەنانەت پێڕانەگەیشتووە بزانێ ناوی چییە.

داعشە ئەمریکییەکان زۆر زوو لە کەنیزەک بێزار دەبوون

## لیستی قەدەغەکراوەکان

ئەو شێوازی پابەندبوونەی کە چەکدارانی داعشی دەبەستەوە بە هەڵسوکەوتە شەرعییەکانی ئیسلامەوە، بۆ خۆی مایەی تێڕامان و دەرخەری ئەوە بوو کە ئەوان شەرعیان لەگەڵ جیهانی خۆیان دەسازاند. چاوپۆشییان لە شەرع دەکرد کاتێک دەستبڵاویی زۆریان دەکرد لە ئەشکەنجەدان و خۆخاڵیکردنەوە و جووتبوونی زۆردارانەدا، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنانی دووگیاندا لە رێگا شەرعییەکان لایاننەدەدا و نزیکیان نەدەبوونەوە.

محەممەد ئەحمەد، یەکێک لەو چەکدارانەی داعش بوو کە دوای ئەوەی تێدەگات تێگەیشتنێکی هەڵە ئەوی گەیاندووەتە سووریا، هەلی هەڵهاتنی

خەڵاتی یەکەمی ئەزبەرکردنی قورئان، کەنیزەک بوو

بۆ هەڵدەکەوێ و بە رۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی دەڵێ، بە تەنیا دەستدرێژی کردووەتە سەر چوار کچی کوردی ئێزدی. سەرباری چەند تاوانێکی کوشتن. ئەو تەمەنی 40 ساڵ بووە و ریشە درێژەکەی لەگەڵ خۆی بردبووەوە بەریتانیا: "داعش لە بری مووچە، کچانی رفێنراوی کوردی ئێزدی پێشکەش دەکردین، ئەوان هەمیشە یان مووچەبوون، یان پاداشتی جەنگ و ئازایەتی بوون، یان ئەو سەبیانە بوون کە دەستکراوە بووین لە مامەڵەکردن لەگەڵیان، تەنانەت ئەگەر کچێک یان ژنێک لە فرمانی چەکدارانی داعش دەربچووایە، سزاکەی دارکاری بوو".

هەموو شتێک لە رەقفە بۆ لەیلا نامۆ بوو. تەنانەت جەستەی تێکشکاوی خۆشی. ئەو رۆژەی دەرفەتی هەبوو بچێتە بازاڕ، خەڵکانێکی دەبینی وەک ئەوە وابوو هەر بە مۆنی لە دایک بووبن. ئەو کەلوپەل و خواردەمەنییانەی لەسەر عەرەبانەکان نمایش کرابوون، پێش کڕیارەکان مێش و مەگەز تێری لێدەخواردن. ئەو باڵاخانە داڕووخاوانەی، جەنگ مۆری وێرانکاریی لێدابوون و وەک ئەوە وابوو شەرکەرەکان گرەویان کردبێ لەسەر ئەوەی وا وێرانی بکەن هەرگیز توانای هەستانەوەیان نەبێت "ئەگەر کەسێک بیویستایە هەڵبێت، یان بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە، وەک ئەوەبوو بەنێو کێڵگەی مینرێژکراودا رابکات، چونکە شارەزای هیچ کوێیەک نەبووین، دوای بڕینی دوو کۆڵان دەستگیر دەکرایەوە".

هەندێک لە کچەکان بەهۆی ئەو سووکایەتییە زۆرەی لەکاتی کڕین و فرۆشتندا رووبەڕووی دەبوونەوە، بە تەواوەتی هەرەسیان هێنابوو. نموونەی زۆر هەن لەبارەی هەوڵەکانی خۆکوشتن . چیرۆکی کچێکی ئێزدی، کاتێک لە رەققە لەدەست چەکدارێک هەڵدێت و خۆی دەگەیێنێتە لای فرۆشیارێک بۆ ئەوەی بیباتە ماڵەوە و پارووەیەک نانی پێبدات و لە کەلەبەرێکی ماڵەکەیدا بۆ دوو رۆژ بیشارێتەوە، بەڵام دوای چەند کاژێرێک دەستگیری دەکەنەوە. ئەو کچە پێشتر لە رێگای خواردنی ژمارەیەک حەبی دژە هەوکردنەوە هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، بەڵام دیارە هێشتا مردن دوور بووە لەوەوە. "کاتێک دیری منداڵەکانم دەکرد، پەشیمان دەبوومەوە لەوەی خۆم بکوژم، لە پێناوی منداڵەکاندا دەبوو بمێنمەوە".

ڕووداو
ژمارە (542) - دووشەممە 2019/2/11



## تا کۆتایی ئەمساڵ هەموو پردەکانی مووسڵ چاکدەکرێنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

بەنگین ڕێکانی، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و شارەوانییەکانی عێراق ڕایگەیاند، تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتوو هەموو پردەکانی شاری مووسڵ چاکدەکرێنەوە. بەنگین ڕێکانی ڕۆژی 2019/2/9 سەردانی شاری مووسڵی کرد، ئەوەش بۆ بەدواداچوونی ئەو پرۆژانەی جێبەجێکردنیان دواکەوتووە، وەک پرۆژەی ئاو و ئاودێری لە مووسڵ. ڕێکانی لە سەردانەکەیدا بۆ مووسڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "بەڵێنمان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجوومەنەکە دا بەوەی دەست بە جێبەجێکردنی هەموو پرۆژە ڕاوەستاوەکان لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و شارەوانییەکان دەکەین".

### ساڵانە یەک ملیار و 136 ملیۆن دینار لە شوفێران وەردەگرێ

# ئەندامبوون لە سەندیکای گواستنەوە دەکرێتە ئیجباری

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی نووسراوێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو پارانەی سەندیکاکانی گواستنەوە بە ناوی نوێکردنەوەی مۆڵەت لە شوفێرانی تاکسی و پاسیان وەرگرتووە، نایاسایی بوونە. سەرۆکایەتی داواکاری گشتیش داوای گەڕاندنەوەی پارەکە بۆ شوفێران دەکات.

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەولێر، لقی هەولێری سەندیکای گواستنەوە، لە ساڵی 2015 وە کابینەیەکی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی دەرهێنانی مۆڵەت داناوە، هەر کەسێک مۆڵەتی گشتی هەبێ، 12 هەزار دیناری لێوەردەگرێ.

وەرگرتنی ئەو 12 هەزار دینارە لە هەولێر و دهۆک لە مانگی ئایاری 2015 تاوەکو نۆڤەمبەری 2018 بەردەوام بووە.

لە نووسراوێکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیراندا بە ژمارە 4302 کە لە 2018/9/2 وەڵامی وەزارەتی ناوخۆیان داوەتەوە، هاتووە: "لەبەر نەبوونی پاڵپشتی یاسایی، ڕەزامەندی نەدرا لەسەر وەرگرتنی 12 هەزار دینار لەکاتی دەرکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری گشتی بۆ یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان".

دوای ئەو نووسراوە وەرگرتنی پارەکە لە نۆڤەمبەری 2018 ڕاگیرا.

عەبدوڵڵا کەریم، سەرۆکی لقی سەندیکای گواستنەوە لە هەولێر دەڵێت: "پاڵپشت بە یاسای ڕێکخستنی سەندیکای کرێکاران، ئێمە لەکاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری لەبری ئەندامبوون لە سەندیکای گواستنەوە، ئەم پارەیەمان لە شوفێران وەرگرتووە".

بەپێی یاسای ڕێکخستنی سەندیکای کرێکاران، لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی سەندیکا پێشکەشی شوفێرانی دەکات، دەبێت ساڵانە 1%ی داهاتەکانیان بدەنە سەندیکا. سەندیکاش داهاتی مانگانەی شوفێری بە 300 هەزار دینار خەمڵاندووە، بەو پێیەش دەبێ ساڵانە 36 هەزار دینار بدەنە سەندیکا، بەڵام عەبدوڵڵا کەریم دەڵێت: "بە لەبەرچاوگرتنی باری دارایی شوفێران، تەنیا 12 هەزار دینارمان وەرگرت".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو 797 هەزار و 673 کەس مۆڵەتی گشتیی شوفێرییان وەرگرتووە (هەولێر 260،783 مۆڵەت، سلێمانی 226،175 مۆڵەت، دهۆک 195،500 مۆڵەت، سۆران 39،486 مۆڵەت، گەرمیان 59،613 مۆڵەت و ڕاپەڕینیش 16،116 مۆڵەت).

ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێریی گشتی 5 ساڵە، ئەگەر ئەو مۆڵەتانەی لە هەولێر و دهۆک دراون بەنموونە وەربگرین، ئەوا ساڵانە سەندیکای گواستنەوەی هەولێر نزیکەی 626 ملیۆن دینار و سەندیکای گواستنەوەی دهۆک 469 ملیۆن دینار داهاتیان هەبووە، لە ماوەی ئەو 3 ساڵ و شەش مانگەدا لە هەولێر 2 ملیار و 191 ملیۆن دینار و لە دهۆک ملیارێک و 641 ملیۆن داهاتیان دەستکەوتووە.

عەبدوڵڵا کەریم، سەرۆکی لقی سەندیکای گواستنەوەی هەولێر، دەڵێت: "ئێمە وەک ڕێزلێنان پارەمان لە کەسوکاری شەهیدان و لێپرسراوی هێڵەکان و شوفێرە کەمدەرامەتەکان وەرنەگرتووە، بۆیە ئەو داهاتەی لە سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا وەرمانگرتووە کەمترە لەوەی باسی لێوە دەکرێت".

بەپێی ڕێنماییەکانی نووسینگەی جێبەجێکردنی سەندیکاکانی گواستنەوە ئەو داهاتانەی دەستیان کەوتووە، 20%ی دراوە بە نووسینگەکە، 20%ی دراوە بە سەرۆکایەتی لق، 10% ی دراوە بەو کەسانەی لەوێ پارەیان وەرگرتووە، 50%یش بووەتە داهات بۆ سەندیکاکانی گواستنەوە.

عەبدوڵڵا کەریم دەڵێت: "ئەو داهاتەی وەک سەندیکای گواستنەوە بەرمانکەوتووە، بەشێکی بۆ خەرجی سەندیکا و مووچەی کارمەندانمان بووە کە 14 کارمەندن و مانگانە 350 تاوەکو 600 هەزار دینارمان پێداون، سێ ئۆتۆمبێلمان بۆ سەندیکا کڕیوە، 500 هەزار دیناریشمان داوە بە سێ لەو شوفێرانەی بەهۆی خراپیی بەنزین ئۆتۆمبێلەکانیان سووتاوە، ئەوەشی ماوەتەوە لە بانکێکی حکومیمان داناوە".

هەرچەندە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ڕازی نەبوو سەندیکای گواستنەوە لەکاتی دەرکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی گشتی، شوفێران ناچار بکات ببنە ئەندام و پارە بدەن، بەڵام سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی لەڕێگەی دروستکردنی لەزگەی تایبەت بۆ شوفێران و کارکردنیان لە هێڵەکان، ساڵانە 15 هەزار دینار لە شۆفێران وەردەگرن.

جەلال ئەبوبەکر، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای گواستنەوە دەڵێت: "وەک سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، جۆرێک لە ڕێکخستنمان بۆ کاری شوفێری کردووە و لۆگۆی تایبەتمان بۆ شوفێرانی تاکسی کردووە، بۆ تاکسیەکانی ناوشار ڕەنگی سەوز و بۆ تاکسی هێڵی نێوان شارەکانیش ڕەنگی سوورمان دیاریکردووە، لەبری ئەو خزمەتگوزارییە و بوون بەئەندام لە سەندیکا، ساڵانە بڕی 15 هەزار دینار بە پسولەی وەزارەتی دارایی لە شوفێران وەردەگرین".



سەندیکای گواستنەوە سێ ساڵ و نیو بە نایاسایی پارەی لە شوفێران وەرگرتووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

جەلال ئەبوبەکر گوتیشی: "مانگ هەیە پارەی 200 ئەندام و مانگ هەیە پارەی 500 ئەندام وەردەگرین، پارەکەش بە پسوولە وەردەگرین و دواتر دەچێتە بانک و بەگوێرەی پێویستییەکان مانگانە خەرجی دەکەین، نزیکەی 390 ملیۆن دیناریشمان پاشەکەوت لە بانک هەیە".

دکتۆر سامی جەلال، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت: "لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرتنی پارەی ئەندامێتی سەندیکای گواستنەوەمان لەکاتی دەرکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری گشتی ڕاگرتووە، چونکە نایاسایی بوو، بەڵام ڕەزامەندیمان داوەتە سەندیکای گواستنەوە لەمەودوا لەکاتی نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبیلی کرێ یان بارهەڵگر شوفێرەکان بکەنە ئەندامی سەندیکا و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان یەکێک لەمەرجەکانی ڕێگەدان بەشوفێرانی تاکسی و بارهەڵگر ئەوەیە کە دەبێت ئەندامی سەندیکای گواستنەوە بن".

گوتیشی: "نابێت هەر کەسێک مۆڵەتی گشتی هەبوو سەندیکا بیکاتە ئەندام و پارەی لێوەربگرێ، ئەگەر سەندیکا لەسەر ئەو بنەمایە پارەی لە شوفێران وەرگرتبێ دەبێ بۆیان بگەڕێنێتەوە".

بەو پێیەی وەرگرتنی پارەکە "نایاسایی" بوو. داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ دەکات. دادوەر دڵشاد فایز عەبدوڵڵا، گوتەبێژ و ئەندامی داواکاری گشتی دەڵێت: "بەپێی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئەو پارەیەی لەلایەن سەندیکاکانی گواستنەوە لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری گشتی لە شوفێران وەرگیراوە نایاساییە، بۆیە خەریکین بەدواداچوونی بۆ دەکەین. پێویستە وەرگرتنی پارەکە ڕابگیرێ، ئەوەشی وەرگیراوە بگەڕێندرێتەوە بۆ شوفێران".

بەپێی نوێترین ڕێنمایی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە، لەمەودوا سەرجەم شوفێری تاکسی و پاسەکان دەبێ ببنە ئەندامی سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە، ساڵانەش 12 هەزار دینار بدەنە سەندیکا، ئەمەش پێچەوانەی یاسای ڕێکخستنی کاری سەندیکاکانە کە ئەندامبوون لە سەندیکا ئارەزوومەندانەیە. بەم جۆرە لەمەودوا سەندیکاکانی گواستنەوە تەنیا لەبری ئەندامێتی شوفێرانی تەکسی و پاسەکان ساڵانە ملیارێک و 136 ملیۆن و 652 هەزار دینار داهاتیان دەستدەکەوێت.

عەبدوڵڵا کەریم، سەرۆکی سەندیکای گوستنەوەی هەولێر دەڵێت: "نووسراوی پشتگیری کارکردن بۆ هیچ شوفێرێکی تاکسی و پاس ناکەین، ئەگەر نەبێت بە ئەندامی سەندیکا و ساڵانەش 12 هەزار دینار نەدات".

# دیزاین... هونەرێکی فەرامۆشکراو لە بیناسازیدا

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەری تەلارسازی لە هەرێمی کوردستان گەشەی کردووە، بەڵام هێشتا قۆناغی سەرەتایی نەبڕیوە و بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی لە بواری تەلارسازی لە جیهاندا هەیە، لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

ئەو گەشە ئابوورییەی لە 10 ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر دیزانی باڵەخانە و خانوودا هێناوە، بەڵام تەلارسازان پێیانوایە هێشتا هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە لەپاشە.



ئەندازیارێکی تەلارساز:

## کوردستان هێشتا قۆناغی سەرەتایی بیناسازی نەبڕیوە

ئەندازیاری ڕاوێژکار سەرکەوت ئیبراهیم کە خاوەنی نووسینگەیەکی ئەندازیاریی تەلارسازییە، دەڵێت: "هونەری تەلارسازی لە کوردستان بەرەو پێش چووە، بەڵام هێشتا قۆناغی سەرەتایی نەبڕیوە، چونکە پێشکەوتنەکانی تەلارسازی لەجیهاندا زۆر خێران و هەنگاوەکانی ئێمەش زۆر لەسەرخۆن".

بەربەستی زۆر هەن کە ڕێگرن لەوەی باڵەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە دیزاینی سەرنجڕاکێشتر لەوەی ئێستا دروست بکرێن، بەشێکیان پەیوەندیان بە ڕێنماییەکانی حکومەت و بەشێکی دیکەیان پەیوەندییان بە کولتوور و ڕۆشنبیریی خەڵکەوە هەیە. بەشێکیشی بەهۆی لاوازیی ئاستی ئەو ئەندازیارانەیە کە نەخشەسازی پرۆژەکانیان پێ دەسپێردرێ.

سەرکەوت ئیبراهیم کە نزیکەی 33 ساڵە نووسینگەی ئەندازیاری هەیە، دەڵێت: "بەهۆی ئەو گەشە ئابوورییەی لە 10 ساڵی ڕابردوودا لەکوردستان ڕوویداوە، تارادەیەک خەڵک گرنگی نەخشەسازییان بۆ دەرکەوتووە و وەک پێشتر خانوو و باڵەخانەکان بە هەڕەمەکیانە دروست ناکەن، شارەوانییەکانیش بەبێ نەخشە و دیزاین، مۆڵەت بە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە نادەن، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خانوو و باڵەخانەکان بەکوالێتی باشتر دروستبکرێن".

هێشتا هەندێک کەس خۆیان یان بەننا دیزانی خانووەکانیان بۆ دەکەن. ئەو ئەندازیارە دەڵێت: "ئەو جۆرە نەخشانە نابێ پەسەند بکرێن، بەڵام هەندێک ئەندازیار لەبەرامبەر دەستکەوتنی بڕە پارەیەک مۆری خۆیان لە دیزاینەکە دەدەن.

سەبارەت بە نرخی دیزاینی خانوو و باڵەخانە، ئەندازیار سەرکەوت دەڵێت: "نرخی دیزاینی خانوویەکی 200 مەتری لە 500 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 3000 دۆلار، بەڵام نرخی دیزاینی باڵەخانە و مۆڵەکان جیاوازە، لە 100 هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 500 هەزار دۆلار".

بۆ پێشکەوتنی تەرلاسازی لە هەرێمی کوردستان ئەندازیارانی تەلارسازی بەپێویستی دەزانن سەندیکایەکی تایبەت بە ئەندازیاری تەلارسازی دابمەزرێت و پێداوچوونەوە بە ڕێنماییەکانی شارەوانی بۆ دروستکردنی خانوو و باڵەخانە بکرێت و بەجۆرێک دابڕێژرێنەوە کە هەم ئەندازیار رابگرێت لەوەی چی دروست دەکات و هەمیش دەرفەتی پێ ببەخشێت کە داهێنان بکات.

سەرکەوت ئیبراهیم دەڵێت: "ئەندازیارانی عێراق بەگشتی خاوەنی بیرۆکەی زۆر جوانی تەلارسازین و تواناشیان بۆ جێبەجێکردنی دیزاین لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام بەداخەوە ڕۆشنبیری خەڵک و کاربەدەستان بۆ گرنگی تەلارسازی لەو ئاستە نییە، بۆیە وەک پێویست زەمینەیان بۆ نەڕەخساوە."

بەهۆی جێبەجێکردنی یەک ڕێنمایی لە سەرجەم گەڕەکەکانی شاری هەولێر جیاوازییەکی ئەوتۆ لە خانووگەڕەکەکاندا بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت دیزاینی خانوو و شەقامەکانی هەندێ گەڕەک ئەوەندە نزیکن لەیەکدی ئەگەر کەسێک زۆر شارەزا نەبێت واهەست دەکات هەمان کۆڵان و گەڕەکە.

سەرکەوت دەڵێت: "خەڵکانێک هەن لەکاتی دروستکردنی خانوودا حەزیان لە دیزاینی جیاوازە، بەڵام ڕێنمایی شارەوانی ئەوەندە وشک و کۆنکریتییە ئەو بوارە بۆ ئەندازیار ناڕەخسێنێ شتێکی ناوازە بکات".

بەشدار ڕەزا گوڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری شارەوانی پێنجی هەولێر، دەڵێت: "جگە لە گەڕەکی 32ی پارک و ناوچەی دەوروبەری قەڵا کە لە ژێر ڕێنمایی یونسکۆدایە، سەرجەم شارەوانییەکانی هەولێر یەک ڕێنمایی جێبەجێ دەکەن، کە ئەویش بریتییە لە بەرزیی دیاریکراو، کشانەوەی خانوو بەگوێرەی جۆری خانووەکە، ڕێنماییەکان هیچ کۆت و بەندێکیان تێدانییە بۆ زەوقی خەڵک، ئازادن لەوەی چی بۆ ڕووپۆشی خانووەکانیان بەکاربهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە نادرێت خەڵک دیزاینی زۆر جیاواز بەکاربهێنن کە نەگونجێ لەگەڵ خانووی کۆڵان یان گەڕەکەکە".

جگە لە دیزاینی ڕووکاری خانوو و باڵەخانەکانی کوردستان لە ناوەوە، کوالێتی کەرەستەکانیشیان بێ گرفت نین.

بەختیار سەدرەدین شەریف، بەڕێوەبەری نەخشەدانان و ئاوەدانی لە شارەوانیی هەولێر، دەڵێت: "بەهۆی بازاڕی ئازاد نەتوانراوە ڕێ لە هاوردەکردنی کەرەستەی خراپ بۆ هەرێمی کوردستان بگیرێ، بەتایبەت لەڕووی کوالیتی ساردی و گەرمی و هاتنەناوەوەی دەنگ".

بەختیار سەدرەدین گوتیشی: "بەنیازین لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان ڕەشنووسێک ئامادە بکەین و بیکەین بە یاسا یان ڕێنمایی بۆ کوالیتی ئەو کەرەستە بیناسازیانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، چونکە هەر وڵاتێک بەگوێرەی کەشوهەواکەی بۆ هاوردەکردنی کەرەستەی بیناسازی کۆدی تایبەت بەخۆی پەیڕەو دەکات، بەڵام لە عێراق تائێستا شتێکی لەم شێوەیە نییە."

جوانیی دیزاینی باڵەخانە تەنیا لەسەر بیرۆکەی ئەندازیاری تەلارسازی ناوەستێ، بەڵکو پێویستە کۆمپانیای جێبەجێکاریش بتوانێ ئەم دیزاینە جێبەجێ بکات.

بەختیار سەدرەددین دەڵێت: "ئەندازیارە تەلارسازەکانمان بیرۆکەی زۆر جوانیان هەیە، بۆیە ئێمە زۆر گرفتمان لەبیرۆکەی دیزاین نییە، بەڵکو زیاتر گرفتمان لەجێبەجێکردن و سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەمە، بەداخەوە کۆمپانیاکان لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتوو نین."

هونەری تەلارسازی لەهەر وڵاتێک لە سێ کۆڵەگە پێکدێ، ئەوانیش بریتین لە کوالیتی، تێچوو، ماوە. ئەم سێ کۆڵەگەیە وادەکات ئاستی تەلارسازی بەرزبێت یان نزم، لە کوردستان گرفت لە هەر سێ کۆڵەگەکەدا هەیە.

د.سەلاحەددین یاسین، سەرۆکی بەشی تەلارسازی لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: "لەڕووی کوالیتی کێشەمان نییە، چونکە ئەندازیارانی تەلارسازی خاوەن بیرۆکەی زۆر جوانن، بەڵام گرفتمان لە تێچوو هەیە، چونکە هێشتا خەڵک وەک پێویست گرنگی بە کوالیتی دیزاین نادەن، فاکتەرێکی دیکە بریتییە لە کات، پەلەپەلی زۆر دەکرێت، بۆ نموونە لەماوەی ڕابردوو بەهۆی گەشەی ئابووری، زۆر بەخێرایی گەڕەکی زۆر لە هەولێر دروستکران بێ ئەوەی بیر لە دیزاینی گەڕەکەکان بکرێتەوە".

دکتۆر سەلاحەددین گوتیشی: "ئێستا لە دروستکردنی خانوو و باڵەخانەدا سێ ئاراستە هەیە: ئاراستەیەکی بازرگانییە کە گرنگی بە کات و کوالیتی و تێچوو نادات، ئامانجەکەی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجە لە کەمترین ماوە. ئاراستەی دووەم حەزی لە دیزاینی جوان و کوالیتی باشە، بەڵام توانای دارایی لاوازە، ئاراستەی سێیەم گرنگی بە هەموو شتێک دەدات، نموونەیەکی زۆر جوان دروست دەکات، بەڵام لێرە کێشەی کۆپیکردن هەیە، بۆیە ئەو شتە جوانانەش دواجار لەنێو کۆپییەکاندا ون دەبن".

له شارەوانی یەک ڕێنمایی جێبەجێ دەکرێ بۆ دیزاینی سەرجەم خانووەکان

(فۆتۆ: ڕووداو)

# ئەگەر هەولێر نەوتی خۆی رادەستی بەغدا بکات

## رادەستکردنی نەوت بە بەغدا متمانەی کۆمپانیاکانی نەوت بە کەرتی وزەی کوردستان ناهێڵێ



عومەر ئەحمەد*

تا پێش رووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەر، رەوتێکی بەهێزی سەربەخۆخوازی لە هەرێمی کوردستان باڵادەست بوو، بەڵام دوای لەدەستدانی کەرکووک، ئەو رەوتە تەواو پێچەوانە بووەتەوە، ئێستا رەوتێکی ناوەندگەرایی دروستبووە کە خەریکە جومگەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی رادەستی بەغدا دەکات.

ئەم رەوتە نوێیە ئەگەر وەک تاکتیکێک بێت بۆ خۆڕاستکردنەوە و دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی دارایی و ئابووری، رەنگە بە تاکتیکێکی گونجاو ئەژمار بکرێت، بەڵام ئەگەر بیر لە ئەنجامە درێژخایەنەکانی نەکرابێتەوە، ئەوا زیانی گەورە بە سەروەری و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

یەکێک لە هێماکانی ئەم رەوتە نوێیە کە کورد ئاگایانە یان بێ ئاگایانە تێیکەوتووە، رادەستکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە کاروباری بازرگانیی دەرەکی. حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی رێککەوتوون لەسەر ئەوەی پێناسە گومرگییەکان یەکبخەن و سیستمێکی گومرگی یەکگرتوو دابمەزرێنن کە لە بەغداوە بەڕێوەدەبرێت و رەنگە تەنانەت هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی کاری بازرگانیش لەدەستبدات.

یەکێکی دیکە لە هێماکانی ئەم رەوتە ناوەندگەراییە، ئەو هاتوهەرا گەورەیە بوو کە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2019ی عێراق دروستبوو. نوێنەرانی کورد هەوڵیان دا زۆرترین پشک بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن. سرووشتی دانوستاندنەکان و کۆبوونەوەکانیش قایلکردنی بەغدا بوو بەوەی وەک برا گەورە پشکێکی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان دابنێت.

دواجار بودجەیەک پەسەند کرا کە کورد خۆیشی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکات. نوێنەرانی کورد لە بەغدا وەک دەستکەوتێکی گەورە بۆ خۆیان تۆماری دەکەن، بەڵام شارەزایانی دارایی و یاسایی شتێکی دیکە دەڵێن. ئەوان دەڵێن بودجەی 2019ی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستانی پابەند کردووە بە رادەستکردنی نەوتەکەی بە ناوەند، بەڵام پەرلەمانتارانی کورد پێچەوانەکەی دەڵێن. کەواتە دەبێت چاوەڕێی بەخشندەیی بەغدا بکەین.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی کردووە لە ناوەڕۆکی پرۆژە یاسای بودجەی 2019ی عێراق، بەبێ ئەوەی بڵێت نوتەکەی رادەستی بەغدا دەکات. گلەییشی کردووە لەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە ئاستی چاوەڕوانیی ئەواندا نییە.

ئێستا دەسەڵاتی کاری بازرگانی و گومرگەکانمان رادەستی بەغدا کراون، تەنیا سامانێکی بە نرخ کە مابێت و بەکاڵایەکی ستراتژی ئەژمار بکرێت، نەوتە. نوێنەرانی کورد لە بەغدا پێش ئەوەی عێراقییەکان داوا بکەن، خۆیان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن رادەستی بەغدای بکات بۆ ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە رەوانە بکرێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ئەزموونی تاڵی هەیە لە رادەستکردنی نەوتەکەی بە بەغدا.

پێش ئەوەی بۆڕی هەناردەکردنی نەوتی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان دامەزرێنێ، تەنیا یەک بۆڕی راکێشرابوو کە نەوتی کێڵگەی تاوکێی دەبەستەوە بە بۆڕی کەرکووک- جەیهانەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی لە ساڵی 2014دا، هەرێمی کوردستان تاوەکو کۆتایی ساڵ رۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت بداتە حکومەتی عێراق ، لەبەرامبەردا عێراق مانگانە 500 ملیۆن دۆلار بداتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەغدا تەنیا دوو وەجبە پارەی دا و سێیەمی نەنارد.

لە کۆتایی ساڵی 2014 حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لەسەر پرسی نەوت و بودجە رێککەوتنێکیان واژۆ کرد. بەپێی رێککەوتنەکە لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی 2015، حکومەتی عێراق خۆی پابەند کرد بە ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بەمەرجێک حکومەتی هەرێم رۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت لە بەندەری جەیهان بداتە کۆمپانیای سۆمۆ، 250 هەزار بەرمیل نەوتی خۆی و 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک. بڕیار بوو حکومەتی عێراق مانگانە یەک ملیار دۆلاری بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێ، بەڵام رێککەوتنە سەرینەگرت، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی 2015 دا حکومەتی عێراق تەنیا دوو ملیار دۆلاری نارد بۆ هەرێمی کوردستان. کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستانیش قووڵبوونەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی مووچەی چوار مانگی فەرمانبەران بدات. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان نوێنەرانی کوردی لە بەغدا بانگهێشت کرد و پێی راگەیاندن کە بەم شێوازە هەرێمی کوردستان بەرەو مایەپووچبوون و قەرزاربوون دەڕوات، قەناعەتی بە نوێنەرانی کورد هێنا کە باشترە هەرێمی کوردستان خۆی نەوتەکەی بفرۆشێ.

ئەم رێککەوتنە کە لە دیسەمبەری 2014 لە نێوان دوو حکومەتدا کرا، بوو بە بڕگەیەکی یاسایی لەناو بودجەی عێراق لە ساڵەکانی 2015 و 2016 و 2017 و 2018، بەڵام هیچکات وەک خۆی جێبەجێ نەکرا. حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی رادەستی بەغدا نەکردووە، بەڵام لە نیسانی 2018 وە، حکومەتی عێراق مانگانە 317 ملیار دیناری بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە وەک بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران. ئێستا نوێنەرانی کورد دەڵێن ئەو بڕە زیاد کراوە بۆ 454 ملیار دینار. دەڵێن پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2019 دەکاتە 10 تریلیۆن و 844 ملیار دینار و بەوپێیەش مانگانە نزیکەی 900 ملیار دینار دەکات کە 454 ملیار دیناری بۆ مووچەی فەرمانبەران و 68 ملیار دیناریشی بۆ مووچەی پێشمەرگە و ئەوەی دیکەش ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتەکەی رادەستی بەغدا بکات، ئەوا بەغدا هەموو پارەکە دەنێرێت.

بەڵام زۆر روونە کە هەرێمی کوردستان نابێت دووجار مار لە کونێکەوە پێوەی بدات.

یەکەم: لەبەرئەوەی نەوت تەنیا سامانێکی بەنرخە لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە و دەتوانێت وەک کارت لە دژی بەغدا بەکاری بهێنێ.

دووەم لەدەستدانی کۆنترۆڵی نەوت و رادەستکردنی بە بەغدا زیانێکی گەورە لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەدات و متمانەی کۆمپانیا نەوتییەکان بە کەرتی نەوتی کوردستان لاواز دەکات کە بە ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان تێدا کردووە.

سێیەم: هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە بە یاریکەرێکی گەورە لە بازاڕی وزەی جیهانیدا. ئەگەر هەرێمی کوردستان تەنیا بەرهەمهێنەر بێت و فرۆشیار نەبێت، پێگەی لە بازاڕی وزەدا بە تەواوی لاواز دەبێ وەک ئەوەی تەنیا ناوچەیەک یان هەرێمێک بێت کە نەوتی لێ بەرهەمدێت.

چوارەم: لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، پارەی پێشەکی نەوتی لە کۆمپانیاکان وەرگرتووە یان قەرزی لەو کۆمپانیایانە کردووە، هەموو ئەو رێککەوتنانە کێشەیان بۆ دروستدەبێت.

پێنجەم: ناردنی سەربەخۆی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا ئامرازێکی ئابووری نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندی سیاسی گەورەشی بۆ هەرێمی کورستان لەگەڵ دەرەوە دروست کردووە. ئەگەر دەسەڵاتی فرۆشتنی نەوتی لەدەست بچێت، ئەو پەیوەندییە سیاسییانە ئاراستەیان لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو بەغدا دەگۆڕێت.

شەشەم: پێدەچێت نرخی نەوت لە ماوەی ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا بەهۆی سیاسەتی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی جێگیر بێت و رێگە نەدەن وەک ساڵی 2016 داڕمێت. کەواتە داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت بەتایبەت بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرووی 400 هەزار بەرمیل، زیاترە لەو پشکەی هەرێمی کوردستان کە بەغدا گرێیداوە بە رادەستکردنی نەوتەوە.

حەوتەم: هیچ گەرەنتییەک نییە حکومەتی فیدراڵی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی بنێرێت، تەنانەت ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتەکەشی رادەست بکات. تاقیکردنەوەکەی زیانێکی گەورە لە ئابووری هەرێمی کوردستان دەدات. واتا ناچارە چەندین مانگ نەوتەکەی رادەست بکات، ئەگەر بەغدا بیانووی پێگرت و پشکی ئەوی بە تەواوەتی نەنارد، ئەوا ئەستەمە بۆ هەرێمی کوردستان دووبارە دەست بە بازاڕکردنی نەوتی خۆی بکاتەوە و زیانێکی گەورەی دارایی پێدەگات. سەقامگیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانیش تێکدەچێت.

هەشتەم: یاسای بودجە بۆ ساڵێکە، بەڵام کۆنترۆڵی سامانی نەوت و گاز بۆ دەیان ساڵە. دیار نییە تا 10 ساڵی دیکە عێراق چی بەسەر دێت، کەواتە باشترە کۆنترۆڵی فرۆشتنی نەوت لە دەستی خۆمان بێت.



هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوت، حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە بە یاریکەرێکی گەورە لە بازاڕی وزەی جیهانیدا (فۆتۆ: رووداو)

* بەڕێوەبەری دیسکی ئابووریی رووداو

# روسنێفت دەیەوێ رووسیا لە رێککەوتنەکەی ئۆپێک دەربچێ

**سێچین بۆ پوتین: رێککەوتنی رووسیا و ئۆپێک تەنیا ئەمریکییەکان قازانجی لێدەکەن**




روسنێفت لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی رووسیا پشکی شێری بەردەکەوێ

رووداو- هەولێر

ئیگۆر سێچین، سەرۆکی کۆمپانیای روسنێفت، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی رووسیا دەڵێت رێککەوتنی وڵاتەکەی لەگەڵ رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هەڕەشەیەکی ستراتیژییە و ئەمریکییەکان قازانجی لێدەکەن.

شارەزایانی پیشەسازیی نەوتی رووسیا پێیانوایە ئەو نامەیە هەڕەشە لە درێژکردنەوەی رێککەوتنەکەی ئێستای دابەزاندنی بەرهەمهێنانی نەوت لە نێوان رووسیا و ئۆپێک دەکات.

لە نامەکەدا کە کۆپییەکی دەست ئاژانسی (رۆیتەرز) کەوتووە، سێچین باسی ئەوە ناکات کە ئاخۆ رێککەوتنەکە درێژ بکرێتەوە یان نا، بەڵام دوو سەرچاوەی ئاگاداری پیشەسازیی نەوتی رووسیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رووی نامەکە لە بنەڕەتدا لە فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا نییە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو بەرپرسە باڵایانە دەنێرێ کە سەروکاریان لەگەڵ سیاسەتی نەوتی مۆسکۆدا هەیە و سێچین دەیەوێ دەوریان هەبێ لە کشانەوە لە رێککەوتنەکەی 2017.

بەڵام نەوت لای رووسەکان تەنیا کاڵایەکی ئابووری نییە، بەڵکو گرێدراوی ژمارەیەکی زۆر کێشە و بەرژەوەندیی جیۆپۆلیتیکیشە، رێککەوتنەکەی کریملین لەگەڵ ئۆپێک بەشێکە لە حساباتی رووسیا لەگەڵ زلهێزەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەبارەت بە داهاتووی سووریا، بۆیەش هیچ گەرەنتییەک نییە پوتین پشتگیری لە لێکدانەوەکەی سێچین بکات. یەکێک لە سەرچاوەکان بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە "راستە نامەکە هەڕەشە لە درێژکردنەوەی رێککەوتنەکە دەکات، بەڵام دواجار پوتین خۆی بڕیاری کۆتایی دەدات".

ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعوودیە لەگەڵ 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی بە سەرکردایەتی رووسیا لە ساڵی 2017 وە لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت رێککەوتوون. رێککەوتنەکە چەندینجار درێژکراوەتەوە و هەموار کراوەتەوە، بەگوێرەی دوایین هەموارکردنەوەی رێککەوتنەکە، رووسیا و ئۆپێک دەبێ هەتا کۆتایی حوزەیرانی ئەمساڵ 1.2 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی رۆژانەیان کەم بکەنەوە.

بڕیارە لە رۆژانی 17 و 18ی نیسان ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لە ڤیەننا کۆببنەوە و تاوتوێی ئاکامی کەمکردنەوەکە بکەن و بڕیاریش لەسەر درێژکردنەوە یان وەستاندنی رێککەوتنەکە بدەن. سێچین کە بە یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی پوتین لە قەڵەم دەدرێ، هەر لە سەرەتاوە دژی رێککەوتنەکەی رووسیا و ئۆپێک بووە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو رێککەوتنە پێشکەوتنی کەرتی نەوتی رووسیا لە نێوخۆ هێواش دەکاتەوە و بەرهەمی نەوتی لیتەی ئەمریکا بەرز دەکاتەوە.

لە بەشێک لە نامەکەی سێچیندا بۆ پوتین جەخت لەسەر ئەو خاڵانە کراوەتەوە و تێیدا هاتووە: "بەشدارانی رێککەوتنی ئۆپێک پڵاس (واتە ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی) لە قازانجی ئەمریکا کاریان کردووە، چونکە رێگەی بۆ ئەوان خۆشکردووە پشکەکانیان لە بازاڕەکاندا بەرز بکەنەوە، ئەمەش هەڕەشەیەکی ستراتیژییە لەسەر پەرەسەندنی پیشەسازیی نەوتی رووسیا".

روسنێفت گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوتی رووسیایە، بۆیەش لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی رووسیا پشکی شێری بەردەکەوێ، ئەو کۆمپانیایە بەهۆی رێککەوتنەکەی ئۆپێکەوە ئاستی بەرهەمهێنانی لە 2019 تەنیا بە رێژەی 3 بۆ 4.5% بەرز دەبێتەوە.

سێچین، تەمەن 58 ساڵ، لە سەرەتای نەوەتەکانەوە لەگەڵ پوتین کار دەکات، واتە ئەو کاتەی سەرۆکی ئێستای رووسیا لە سەرۆکایەتی شارەوانیی سانپیتەرزبورگ بەرپرس بوو، بۆیەش رۆڵی برواپێکراوێکی پوتین لە کەرتی نەوتی رووسیادا دەگێڕێ. سێچین هەمیشە گومانی هەبووە لەوەی ئۆپێک جارێکی دیکە بتوانێ بازاڕەکانی نەوت رێکبخاتەوە، بۆیەش دژی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان بووە.

لە بەشێکی دیکەی نامەکەی سێچیندا بۆ سەرۆکی رووسیا، هاتووە "تەحەدای گەورەی بەردەم پیشەسازیی نێوخۆی رووسیا ئەوەیە پشکەکانی لە بازاڕەکانی جیهان لەوەی ئێستاش کەمتر ببنەوە، هەرچەند یەدەکی نەوتی کواڵیتی بەرزمان هەیە و ژێرخان و ستافی پێویستیشمان لەبەردەستە".

سعوودیە و ئۆپێک لە ساڵی 2014وە لە هەوڵدابوون قەناعەت بە رووسیا بهێنن بە هاوبەشی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکەنەوە. عەلی نعێمی، وەزیری پێشووی وزەی سعوودیە، لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناونیشانی (لە دەرەوەی بیابانەوە) ئاشکرای دەکات کە سێچین لە کۆبوونەوەکەی 2014ی ڤیەننا بە وەزیرانی ئۆپێکی گوتووە رووسیا لەو پێگەیەدا نییە ئاستی بەرهەمهێنان کەمبکاتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، نامەکەی سێچین رەنگدانەوەی ململانێیەکی سەختە لە کریملین لەسەر رێککەوتنەکەی رووسیا و ئۆپێک. یەکێک لەوانەی بە سەختی پشتگیری لە رێککەوتنەکە و پابەندبوونی رووسیا دەکات کریل دیمیتریف، سەرۆکی سندووقی سامانی نیشتمانیی رووسیایە کە بە یەکێک لە داڕێژەرانی بیرۆکەی رێککەوتنی رووسیا و ئۆپێکیش دادەنرێ.

مانگی رابردوو دیمیتریف بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاند کە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی رووسیا پشت لە رێککەوتنەکە بکات، چونکە بۆ ئەوەی نەوتی ئەمریکا بشکێ پێویستە نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ 40 دۆلار دابەزێ، بەڵام ئەمە زیانی گەورە بە ئابووریی رووسیا دەگەیەنێ کە نیوەی بودجەی ساڵانەی لەسەر داهاتی نەوت و غازە.

ئەگەر رووسیا لە مانگی حوزەیران لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، سعوودیە ناچار دەبێ بەشی زۆری باری کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ریاز پێشتریش جەختی لەوە کردووەتەوە کە وڵاتەکەی ئامادە نابێ بە تەنیا ئەمە بکات. شکانی نرخەکانی نەوتیش بە زیانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەی ئەمریکایە، چونکە دەرهێنانی ئەو جۆرە نەوتە خەرجییەکەی زیاترە، بەڵام دابەزینی نرخەکان بەشێوەیەکی گشتی بە قازانجی ئابووریی فرەجۆری ئەمریکایە.



## زنجیرە درامایەک لە هەولێر وێنەدەگیرێت

**ڕووداو- هەولێر**

زنجیرە درامایەکی کوردی بەناوی سەرابیش خەونە، لە هەولێر وێنەدەگیرێت، کە لە دەرهێنانی بەکر مەعرووفە.

بەکر مەعرووف دەرهێنەری زنجیرە دراماکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زنجیرە درامای سەرابیش خەونە دەست بەوێنەگرتنی کراوە، کە لە چیرۆکی نووسەری کورد عەبدولڕەحمان فەرهادییە و لە سیناریۆی محەممەد جانۆ و دارشتنەوەی دیالۆگ خەلیل یابەیە". بەکر مەعرووف دەشڵێت: "کۆمەڵێک لە ئەکتەرانی بەتوانای شاری هەولێر بەشداریان لەم زنجیرە درامایە کردووە، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە مۆنتاژکردنی دەکرێت و دواتر لە چەند کەناڵێک نمایش دەکرێت".

### خانمە گۆرانیبێژی کورد مەلیس پەرچەم دەمیر بۆ (ڕووداو):

# بە ناچاری بە زمانی تورکی قسە دەکەم



(فۆتۆ: ڕووداو)

خانمە گۆرانیبێژی کوردی باکووری کوردستان مەلیس پەرچەم دەمیر، بۆ دروستکردنی بەڵگەفیلمێک لە هەرێمی کوردستان بوو. مەلیس خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستانە، بەڵام زمانی کوردی نازانێ و تەنیا دەتوانێ گۆرانی پێ بڵێ. ئەمەش بۆ ئەو قەدەغەکارییە دەگەڕێنێتەوە کە پێشتر لەسەر زمانی کوردی هەبووە. مەلیس کە تەمەنی 27 ساڵ، بێهیوا بووە و دەڵێت: "تازە تەمەنم گەورە بووە و فێری کوردی نابم".

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: بۆچی تا ئێستا ناتوانی بە زمانی کوردی قسە بکەی؟**

**مەلیس:** ئێمەی نەوەی ساڵانی نەوەتەکان نەمانتوانی فێری زمانی کوردی بین، چونکە ئەو کات گوشاری زۆرمان لەسەر بوو، قسەمان بە زمانی کوردی نەدەکرد، چونکە قەدەغە بوو، بۆیە بەناچاری بە زمانی تورکی قسە دەکەم. بەڕاستی کەمتەرخەمییەکی گەورەیە کە نەمتوانیوە زمانی دایکم فێرببم، بەڵام بەجدی هەوڵدەدەم فێری کوردی ببم.

**ڕووداو: بەڵام بە کوردی گۆرانی دەڵێی، بۆچی ناتوانی بە کوردی قسە بکەی؟**

**مەلیس:** ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ من. ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە، چونکە زمانی کوردی لە تورکیا پێشتر کێشەی هەبووە و قەدەغە کرابوو، من لە ساڵی 1992 لەدایکبووم، ئەوکاتە لەڕووی سیاسییەوە بارودۆخ زۆر خراپ بوو.

**ڕووداو: بۆچی کە گەورە بووی هەوڵت نەدا زمانی کوردی فێربی؟**

**مەلیس:** ئێستا گۆڕانکاریی زۆر ڕوویداوە بەڵام پێموایە درەنگە بۆ من، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەمەوێت فێری زمانی کوردی بم، چونکە ئەوە زمانی دایکی منە و ئەگەر بە کوردی قسە بکەم کارەکانم باشتر دەگەن.

**ڕووداو: دەمێکە لە باشووری کوردستان دەگوترێ هونەرمەند بە هونەرەکەی ناژیت، ئایا لە باکووری کوردستان وایە؟**

**مەلیس:** بارودۆخەکە لە تورکیا جیاوازە، هەڵبەتە ئەگەر بتەوێت هونەرێکی بازاڕی پێشکەش بکەی ئەوە پارەیەکی زۆر قازانج دەکەی، بەڵام هونەرێکی باش پێشکەش ناکەی، ئەگەر هونەرێکی جوان و ئاستبەرزیش پێشکەش بکەی، ئەوە هونەرەکە ناتژیێنێ.

**ڕووداو: چەند ڕۆژێک بوو لە هەولێر بوویت، چ شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشای؟**

**مەلیس:** ئەو گەرموگوڕییەی خەڵکی ئێرە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. هەر کەسێکم دەبینی دەیویست هاوکاریم بکات بەبێ ئەوەی من بناسن، بەتایبەتی لەکاتی وێنەگرتنی بەڵگەفیلمەکە، هەموو خەڵک دەهاتن دەیانگوت ئێمە چۆن خزمەتتان بکەین، ئەمەش زۆر شادی کردم.

**ڕووداو: لە باکووری کوردستان زۆر گرنگی بە لاوک و دەنگبێژی دەدرێت، بۆچی تاوەکو ئێستا هیچ لاوکێکت نییە؟**

**مەلیس:** گوتنی لاوک دەنگێکی بەرز و تۆنێکی تایبەتی دەوێت، من تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە لاوک بڵێم، چونکە ئەگەر لاوک بڵێی دەبێ زۆر شارەزای زمانی کوردی بیت و تۆنی دەنگت بەرز بێت، ئەمەش بۆ من زەحمەتە.

**ڕووداو: هونەری میوزیک و گۆرانی زازاییەکان لە چ ئاستێکدایە؟**

> کەمتەرخەمییەکی گەورەیە کە فێری کوردی نەبووم

> تەمەنم گەورە بووە و فێری کوردی نابم

**مەلیس:** زازایی ئەدەبیاتێکی زۆر تایبەتی هەیە، زازاییەکان سوودیان لە میوزیکی عەلەوییەکان وەرگرتووە. زۆر شەیدای ئامێری باغلەمەن، تەنانەت لە بۆنە ئاینییەکانیش باغلەمە بەکاردەهێنن، بۆیە لە میوزیک و گۆرانی زۆر دەوڵەمەندن.

**ڕووداو: ئەی ئاستی هونەر لە باکووری کوردستان چۆنە؟ سیاسەت کاریگەری لەسەر هەبووە؟**

**مەلیس:** بەداخەوە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە، ساڵانێکی درێژ بەهۆی سیاسەتەوە گۆرانی بە زمانی کوردی قەدەغە کرا، بەڵام ئێستا کەمێک گۆڕانکاری ڕوویداوە، ئەمە کاریگەری لەسەر ئێمەش دروستکردووە. ئەم کێشەیە فێری کردین ئەمە شتێکی هەڵەیە، پێویستە من بتوانم بە هەموو زمانێک گۆرانی بڵێم، چونکە ئێستا سەردەمی میوزیک و گۆرانی جیهانییە. لەم چەند ساڵەی دوایی ڕەوشەکە باشتر بووە، ئێستا دەتوانین بە ئازادی گۆرانیی کوردی بڵێین.

**ڕووداو: لە تورکیا تا چەند گرنگی بە هونەری میللی دەدرێت؟**

**مەلیس:** هونەری میللی تورکی زیاتر بەشێوازی مقامات دەگوترێ کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە دەستپێکردووە، بە ئامێرەکانی جەمبووش و قانوون و عوود و نەی پێشکەش دەکرا، ئێستا لە تورکیا زیاتر گرنگی بە هونەری میللی دەدرێت.

**ڕووداو: دەگوترێ ئیستانبوڵ ناوەندی هونەر و میوزیکی تورکیایە، ئەمە چەند ڕاستە؟**

**مەلیس:** بەڕاستی وایە، ناوەندی میوزیک ئیستەنبووڵە، بۆچی؟ چونکە تەواوی چالاکییە هونەرییەکان لەوێ کۆبوونەتەوە، ژنیارە باشەکان و گرووپە میوزیکییەکان لەوێن، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بووژانەوەی هونەر لەم شارە هەبووە. من ئەگەر هەر لە دیاربەکر بوومایە و نەچووبامە ئیستانبوڵ ئێستا ئەو شارەزاییەم لە میوزیکدا نەدەبوو.

**ڕووداو: چ ئامێرێکی میوزیک دەژەنیت؟**

**مەلیس:** من زۆر لە مێژە ئامێری ساز دەژەنم، دواتریش ئامێری پیانۆ لە کۆنسەرڤاتوا فێری بووم کە زۆر هاوکاریم دەکات بۆ گۆرانیگوتن، بەڵام زیاتر ئامێری ساز لە دڵی من نزیکترە و حەز بە ژەنینی دەکەم.

**ڕووداو: جگە لە میوزیک حەز بە چ بوارێکی دیکە دەکەی؟**

**مەلیس:** زۆر سەرسامی سینەمام، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر حەزم لە سەمایە، خۆم چوومەتە چەند کۆرسێکی فێربوونی سەما، حەزم لە سەمای یۆنانییە، جگە لەوەش زۆر بە وردی لە بواری ئەدەبدا دەخوێنمەوە، چونکە پێموایە ئەوە بناغەی دروستبوونی مرۆڤە، دەبێت هونەرمەند گرنگی بە هەموو بوارەکانی ژیان بدات بۆ ئەوەی بناغەیەکی پتەوی هەبێت.

> ناتوانم لاوک بڵێم

> زۆر حەزم لە سەمای یۆنانییە

> زازاییەکان لە میوزیک و گۆرانی زۆر دەوڵەمەندن

### میریان تاهیر ئاغا بۆ (ڕووداو):

# دەمەوێت لە ڕێگەی "چەینج لایفەوە" هاوکاری زۆرترین کەس بکەم

> میریان پرۆژەی "چەینج لایف" ڕادەگەیەنێت

یەکێک بوو لە بەربژێرەکانی شاجوانی 2018ی کوردستان، چانسی گەورەی لە سۆشیال میدیا هەبوو، بە جۆرێک کە لە هەموو بەربژێرەکانی دیکە زیاتر لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ناوبانگی پەیدا کرد، میریان تاهیر کە ئەندازیارە، ناسناوی هاوەڵی دووەمی شاجوانی کوردستانی پێبەخشرا، ئێستا لە شاری سلێمانی دەستیکردووە بە پڕۆژەکانی، یەکەمین پڕۆژەی بریتییە لە دانانی سندووقی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت و بەساڵاچووان، لیژنەیەکیش سەرپەرشتی کۆکردنەوەی داهاتەکە و دابەشکردنی دەکات.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**



**ڕوودا: پڕۆژەکەت چییە و کەی دەستی پێدەکەیت؟**

**میریان تاهیر:** دەستم بە پڕۆژەکەم کردووە، بریتییە لە دانانی سندووقی کۆمەک و هاوکاری لە چوار شوێن لە شاری سلێمانی، هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەو سندووقەوە ئەوەندی حەزیان لێیە و دەتوانن کۆمەک و هاوکاری دابنێن، ئێستا سندووقەکان دانراون، هەر کەسێک مەبەستیەتی لە ڕێگەی ئەو پڕۆژەیەی منەوە هاوکاری بگەیەنێتە ئەو کەسانەی کە پێویستیانە، دەتوانن پارە بخەنە نێو سندووقەکەوە.

> جگە لە پڕۆژەکانم وەک شاجوان کاری ئەندازیاری دەکەم

**ڕووداو: کێن ئەوانەی کە لە پڕۆژەکەت سوودمەند دەبن؟**

**میریان تاهیر:** منداڵانی بێسەرپەرشت، بەساڵاچووان، هەروەها هەر کەسێکی دیکە کە پێویستی بە کۆمەک و هاوکاری هەبێت لەم پڕۆژەیەی من سوودمەند دەبێ.

**ڕووداو: میکانیزمی کۆکردنەوەی داهاتەکە و دابەشکردنی چۆنە؟**

**میریان تاهیر:** من بۆ ئەم پڕۆژەیە ڕەزامەندی و مۆڵەتم لە پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە، خۆشبەختانە پارێزگاری سلێمانی لە دانانی یەکەم سندووق ئامادەبوو، ئەوان ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو هاوکارییەک دەربڕی، سوپاسیان دەکەم، لیژنەیەکی تایبەت سەرپەرشتی داهاتەکە دەکات، هەر لە ڕێگەی لیژنەیەکیش داهاتەکە دابەش دەکرێت، واتە من وەک هاوەڵی دووەمی شاجوان نزیکی داهاتەکە ناکەوم، بەڵام چاودێریی دابەشکردنەکەی دەکەم.

**ڕووداو: ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن و دەستیان ناگاتە سندووقەکان و ناتوانن پارەی تێبکەن، چۆن بەشداری پڕۆژەکەت بن؟**

**میریان تاهیر:** بۆ ئەو کەسانە بە نیازم حیسابێکی بانکی بکەمەوە کە بەهەمانشێوە لەژێر چاودێریی لیژنەیەک بێت، هەر کەسێک لە دەرەوەی کوردستان بێت لە ڕێگەی ئەم حیساب بانکییەوە ئەو بڕەی کە مەبەستیەتی دایبنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ داهاتی نێو سندووقەکان پێکەوە دابەش بکرێن.

> شانازی بە وشەی "چەینج کەڵەر" دەکەم

**ڕووداو: خەڵکی دەرەوەی کوردستان پەیوەندییان پێوەکردووی بۆ ئەوەی هاوکاری پڕۆژەکەت بکەن؟**

**میریان تاهیر:** بەڵێ پەیوەندییان کردووە.

**ڕووداو: چاوەڕێ دەکەیت چەند داهات کۆبکەیتەوە؟**

**میریان تاهیر:** نازانم، ئەوەی لە دەست من هاتووە ئەوەیە کە پڕۆژەکە ڕابگەیەنم، سوپاس بۆ خوا پێشوازی خەڵکیش پێشوازییەکی باش بووە، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی ناسراویش پشتگیرییان کردووە، ئەوی دیکە دەکەوێتە سەر خەڵک تا چەند بەدەم پڕۆژەکە و هاوکاریکردنی خەڵکییەوە دێن.

**ڕووداو: بۆچی لەگەڵ شاجوانی کوردستان پێکەوە پڕۆژەکەتان ڕانەگەیاند؟**

**میریان تاهیر:** چونکە لەو کاتەدا سانا خان کە شاجوانی کوردستانە لە کوردستان نەبوو، هەروەها هاوەڵی یەکەمی شاجوان لە هەولێرە، منیش لە سلێمانی بووم.

**ڕووداو: ئامادەی لە پڕۆژەیەکدا لەگەڵ شاجوانی کوردستان پێکەوە کار بکەن؟**

**میریان تاهیر:** بەڵێ ئامادەم بۆ هەر پڕۆژەیەکی خێرخوازی و باش لەگەڵ شاجوانی کوردستان پێکەوە کار بکەین.

> سندووقی کۆکردنەوەی هاوکاریم لە چوار شوێنی سلێمانی داناوە

**ڕووداو: بەشێک لە خەڵکی پێیانوابوو تۆ ناسناوی شاجوانی کوردستان دەبەیتەوە، تۆ پێتوایە سانا شایەنی ناسناوەکە بوو؟**

**میریان تاهیر:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، من شانازی بە شاجوانی کوردستانەوە دەکەم.

**ڕووداو: بە بەکارهێنانی وشەی "چێنج کەڵەر" و چەند وشەیەکی دیکە بەناوبانگ بوویت، ئێستاش هەر ئەو وشەیە بەکاردەهێنی؟**

**میریان تاهیر:** بەڵێ، ئەوە نییە پڕۆژەکەم لەژێر ناوی "چەینج لایف" ڕاگەیاندووە، من شانازی بەو وشەیە دەکەم.

**ڕووداو: جگە لە پڕۆژەکانت وەک هاوەڵی دووەمی شاجوان خەریکی چیت؟**

**میریان تاهیر:** من ئەندازیاریم تەواو کردووە، خەریکی کاری ئەندازیاریم.

> ئامادەم بەشداری پڕۆژە خێرخوازییەکانی شاجوان بکەم


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLDING


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب



## رووسیا 27 منداڵی ئافرەتانی رووسی لە عێراقەوە دەباتەوە

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی رووسیا 27 منداڵی ئافرەتانی رووسی تۆمەتبار بەوەی کە داعش بوون لە عێراقەوە گەڕاندەوە وڵاتەکەی. سەرچاوەیەکی دیبلۆماسی لە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا رایگەیاند: "27 منداڵی رووسی لە بەغداوە گەڕێندرانەوە مۆسکۆ". بەپێی هەمان سەرچاوە، ئەو منداڵانەی کە گەڕێندرانەوە مۆسکۆ، باوکیان لە سێ ساڵی جەنگی نێوان هێزە عێراقییەکان و داعشدا کوژراون و هەندێک لەو منداڵانەش دایکیان لە عێراق بە تۆمەتی ئەندامبوون لە داعش دەستبەسەرن. لە سەرەتای مانگی رابردوودا کۆشکی سەرۆکایەتی رووسیا رایگەیاند، 115 منداڵی رووسی کە تەمەنیان لە خوار 10 ساڵە و 8 منداڵ کە تەمەنیان لە نێوان 11 بۆ 17 ساڵە لە عێراق ماون.

# رۆژێک پاش خۆکوشتنی کچەکەی بە جەڵتەی دڵ دەمرێ



باوکی عەیشان نەیهێشت شوو بە خۆشەویستەکەی بکات، بۆیە خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

عەیشان لەوە بێئومێد دەبێ کە باوکی رازی ببێ شوو بە خۆشەویستەکەی بکات، بۆیە بە دەمانچەی باوکی گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ. رۆژێک دواتریش باوکی عەیشان لە خەفەتی کچەکەی، جەڵتە لێی دەدات و دەمرێ.

رۆژی 2019/2/3 کچێکی تەمەن 20 ساڵ، بەناوی عەیشان عەلی دانیشتووی کەمپی کەبەرتوو لە قەزای سێمێلی سەر بە دهۆک، بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشت. عەیشان خەڵکی گوندی بارای باکووری چیای شنگال بوو، لەدوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014، ئاوارە بوون.

کەرەم سلێمان، جێگری بەڕێوەبەری کەمپی کەبەرتوو بە (رووداو)ی گوت: "باوکی کچەکە رازی نەبوو شوو بەو کوڕە بکات کە خۆشیدەویست، بۆیە خۆی کوشت". کەرەم گوتیشی: "رۆژێک دوای رووداوەکە، باوکی کچەکە لە خەفەتی کچەکەی تووشی جەڵتەی دڵ هات و مرد".

عەیشان کەوتبووە داوی خۆشەویستیی کوڕێک. کوڕەکە هاتە خوازبێنی عەیشان، بەڵام کەسوکارەکەی رازی نەبوون، بۆیە بە یەکەوە هەڵدێن. دوای چوار مانگ عەیشان دەگەڕێتەوە، بەڵام دیسان باوکی رازی نابێ عەیشان شوو بەو کوڕە بکات.

(س) کە کەسێکی نزیکی خێزانی عەیشانە، بە (رووداو)ی گوت :"ئەو کچە شەش مانگ لەمەوبەر پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی دەرەوەی کەمپ دانابوو، ئەوان بڕیاریان دا هاوسەرگیری بکەن، بەڵام کەسوکاری عەیشان رازی نەبوون".

بە گوتەی (س)، ئەو کوڕە چەند جارێک هاتبووە خوازبێنی عەیشان، بەڵام دواییнجار باوکی عەیشان پێیگوت "من هیچ کچێکم نییە شوو بکات، جارێکی دیکە نەیەنەوە ماڵەکەم".

عەیشان بێهیوا دەبێ لە رازیکردنی باوکی، بۆیە لەگەڵ خۆشەویستەکەی بڕیار دەدەن هەڵبێن. چوار مانگ لەمەوبەر کە خێزانەکەی لە شیرینی خەودا بوون، عەیشان لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەڵاتن.

(س) گوتی: "دوای ئەوەی عەیشان لە ماڵەوە هەڵات، خێزانەکەی زۆر بەدوایدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە. دواتر ئاشکرا بوو کە لەگەڵ ئەو کوڕە رایکردووە، عەیشان چوار مانگ لەگەڵ خۆشەویستەکەی مایەوە، لە ناکاو رۆژێک گەڕایەوە بۆ کەمپ، خێزانەکەی باوەڕیان نەدەکرد، بۆ رۆیشت و بۆچی گەڕایەوە".

عەیشان کە دەگەڕێتەوە کەمپەکە، بە دایکی و باوکی دەڵێت بۆیە گەڕاوەتەوە، چونکە دەیەوێت ئەوان رازی ببن شوو بەو کوڕە بکات. (س) گوتی: "دوای گەڕانەوەی عەیشان بۆ کەمپەکە. کەسوکاری کوڕەکە دیسان هاتنەوە خوازبێنی عەیشان، بەڵام دیسان باوکی عەیشان رازی نەبوو".

عەیشان و خۆشەویستەکەی زۆر هەوڵ دەدەن دووبارە سەری خۆیان هەڵبگرن، بەڵام ئەمجارەیان وەکو جاری یەکەم ئاسان نابێ، چونکە عەیشان لەژێر چاودێریی باوکیدا بوو، بۆ خولەکێکیش نەیدەهێشت بە تەنیا بێ، ئەگەر خۆی چاوی لەسەر نەبووایە، داوای لە کوڕەکانی یان هاوژینەکەی دەکرد چاویان لەسەربێ، نەوەک دووبارە رابکات.

خۆشەویستەکەی عەیشان، چەند کەس دەنێرێ بۆ لای باوکی عەیشان، بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بهێنن، بەڵام سوودی نابێ و پێیاندەڵێ ئەگەر کچەکەم 10 جاری دیکەش لەگەڵ ئەو کوڕە رابکات، رازی نابم شووی پێبکات.

کاتێک عەیشان بێ ئومێد دەبێ لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، دەیەوێ دوا پەردەی شانۆی ژیانی دابداتەوە. وەک (س) گوتی :"عەیشان هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەمابووەوە دوای ئەوەی زانی باوکی ناهێڵێت شوو بە خۆشەویستەکەی بکات، دەمانچەکەی باوکی دەدۆزێتەوە و بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ".

لە کاتی رووداوەکەدا کەسوکارەکەی عەیشان لە دەرەوەی خێوەتەکە بوون، کاتێک گوێیان لە دەنگی تەقەکە دەبێ دەچنە ژوورەوە، دەبینن عەیشان لەسەر زەوی کەوتووە.

(س) پێیوایە کاتێک باوکی عەیشان ئەو دیمەنەی بینیوە زۆر پەشیمان بووەتەوە کە رێگری لەوە کردووە مرازی کچەکەی حاسڵ ببێ، هەر بۆیە رۆژێک دوای رووداوەکە لە خەفەتان جەڵتەی دڵ لێی دەدات و دەمرێ.

# بووکێکی شەش رۆژە لەسەر ئەوەی خەتەنەکراوە تەڵاق دەدرێ



**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

چرا لە سووچێکی هۆڵەکەدا سەری شۆڕ کردبووەوە، وەک ئەوەی تاوانێکی کردبێ و بە زۆر پەلکێشی دادگا کرابێ، دایکی دەیکێشا بە سینگی خۆیدا و دەیگوت: "ئاخر زەمانە، حەیا نەماوە، ئەگینا مەعقولە بووکی شەش رۆژە تەڵاق بدرێ". کامەرانی تازە زاواش هاواری بەسەر کەسوکارەکەیدا دەکرد "من مافی خۆمە، ژنی خەتەنەکراوم ناوێ".

چرا، تەمەن 24 ساڵ، دوای تەواوکردنی پۆلی سێی ناوەندی، باوکی لە قوتابخانە دەیهێنێتە دەرەوە. چرا خۆی فێری بەرگدروویی دەکات. هەر بەهۆی کارەکەیەوە، یەکێک لە موشتەرییەکانی، خوازبێنی چرا دەکات بۆ براکەی، کە 11 ساڵ بوو لە بەریتانیا دەژیا.

چرا بە شەرمەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "حەزم دەکرد ببم بە مامۆستا، بەڵام لەنێو بنەماڵەی ئێمە ناهێڵن کچ بچێتە زانکۆ و پەیمانگا، پێیانوایە ئەگەر کچ بوو بە مووچەخۆر ناتوانێ خزمەتی مێردەکەی بکات".

چرا لە دیسەمبەری 2018 لە کامەران مارە کرا، سەرەتای مانگی رابردووش گوازرایەوە. تەنیا شەش رۆژ لە مانگی هەنگوینییان بەڕێکردبوو، مێردەکەی لەسەر ئەوەی کە خەتەنەکراوە، یەکسەر داوای جیابوونەوەی کرد.

چرا باسی ئەو شەوە دەکات و دەڵێت: "چەرچەف و سەرینەکەی فڕێدایە سەر زەوی و گوتی تۆ منت هەڵخەڵەتاندووە، چۆن بەمنت نەوتووە خەتەنەکراوی، لەخێزانی مندا ئەم کولتوورە دواکەوتووە نییە، تەنانەت نەنکیشم خەتەنە نەکراوە."

بە گوتەی چرا، خێزانەکەی کامەران زۆر لەبەری پاڕاونەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە و چووەتە دادگا سکاڵای جیابوونەوەی تۆمار کردووە. چرا چاوەڕێی هەفتیانەی کردووە، بەڵام لە شەشەم رۆژدا خەزووری لەبەردەرگای ماڵی باوکی دایدەدەنێ و بە چرا دەڵێت "لەبەر ئەو کارەی کوڕەکەم، رووم نایەت بێمە ژوورەوە".

کاتێک چرا دەچێتە ژوورەوە، خێزانەکەی دەحەپەسێن. چرا دەڵێت: "کە دایکمم بینی، 18 ساڵ لەمەوبەرم هاتەوە یاد، کاتێک لەنێو کانتۆردا خۆم شاردبووەوە، منیان دۆزییەوە و خستمیانە بەردەستی پوورە بەلقیس، منیش هێندە ترسابووم، بەهیچ رانەوەستام و زۆر دەجوڵام، بەو هۆیەوە زیاتر لەو بەشەی بڕی کە دەبوو بیبڕێ. وەک بورکانێک بەڕووی دایکمدا تەقیمەوە و هاوارم کرد ئەوە باجی خەتەنەکردنم دا و تەڵاق درام".

چرا تەواو نائومێد بووە، چاوەڕێی پەشیمانبوونەوەی کامەرانیش ناکات "ئەگەر کامەرانیش پەشیمان بێتەوە من ناگەڕێمەوە لای، چونکە شکۆی شکاندم، هەموو خەڵک پێمدەڵێن لەسەر خەتەنە تەڵاق دراوە".

دایکی چرا بە هاوارەوە دەیگوت: "من نەمبینیوە ژن لەسەر خەتەنە تەڵاق درابێت، ئاخرزەمانە و شەرم و حەیا نەماوە، خۆ تەنیا کچی من خەتەنە نەکراوە، چی بکەین، سەردەمی ئێمە خەتەنە نەکردن عەیب بوو".

کامەران پێیوایە بەو کارەی دەیەوێ بەرەنگاری خەتەنەکردن ببێتەوە. ئەو گوتی "دەبێت بەم جۆرە بەرەنگاری ئەقڵیەتی کۆن ببینەوە تا چیدی پیاویش بەهۆی ساردیی ژنەکانیان حەزەکانیان کپ نەکەن، هیچ پیاوێک داوا لە ژنەکەی ناکات کچەکەی خەتەنە بکات، ئەوە ژنە ئازاری ژن دەدات و کەمئەندامی دەکات".

لە کوردستان چەند رێکخراوێکی ناوخۆیی و بیانی کار لەسەر نەهێشتنی خەتەنە دەکەن، دیارترینیان رێکخراوی وادی ئەڵمانییە. بەرپرسێکی رێکخراوەکە بە (رووداو)ی گوت: "خەریکە دیاردەی خەتەنە لە کوردستان نامێنێ، مەگەر لە شوێنە دوورەدەستەکان، ئەویش بە نهێنی دەکرێ، بەڵام بەداخەوە بە دەیان کچ باجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوەی سەردەمی خەتەنەکردن دەدەن".

ئەو نموونەی بە ئافرەتێکی تەمەن 57 ساڵ هێنایەوە کە بەهۆی خەتەنەکردنییەوە تا ئێستا شووی نەکردووە "ئەو ئافرەتە کە تەمەنی 7 ساڵ بووە، ویستوویانە خەتەنەی بکەن، بەڵام لەبەر دەستی دایکی رایکردووە، پاشان کوڕانی ئاوایی دوای کەوتوون و گرتوویانە، ئیدی لەو کاتەوە رقی لە رەگەزی بەرامبەر دەبێتەوە و ئامادە نییە شوو بکات".

ئاری رەفیق، یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، دەڵێت "لەدوای ساڵی 2011 تا ئێستا یەک ئافرەت لەسەر خەتەنە سکاڵای تۆمار نەکردووە، دەتوانم بڵێم خەتەنە نەماوە، ئەگەریش هەبێ، زۆر بە نهێنی دەکرێ، بەڵام ئەوانەی پێشتر خەتەنەکراون، ئێستا باجەکەی دەدەن، کەیسمان لایە بەهۆی خەتەنەوە جیابوونەتەوە".

# مێردەکەی جێیهێشت و کەوتە ناو باندێکی مادەی هۆشبەر



**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

تەمەنی 19 ساڵە و تا ئێستا دوو جار شووی کردووە، جاری یەکەمیان 12 ساڵان بووە کە شووی کردووە، دوای مردنی دایکی، باوکی بە مێردی داوە، دواتر خۆی لە باوەشی باندێکی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەردا دۆزییەوە.

رۆژی 2019/1/21 پۆلیس باندێکی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەریان دەستگیر کرد، یەکێک لە ئەندامانی باندەکە ئافرەتێک بوو بەناوی (س.م) کە خەڵکی کەرکووکە و ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ خوشک و براکانی لە هەولێر دەژین.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "دوای بەدواداچوونی بنکەی پۆلیسی کەسنەزان، باندێکی بازرگانی بە مادەی هۆشبەریان دەستگیر کرد کە پێکهاتبوون لە ژنێک و دوو پیاو، دەرکەوت ئەو کچە کاری لەشفرۆشی دەکات و لەگەڵ ئەم دوو گەنجە مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن".

(س) لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە کە یەکەمجار بە شوویان داوە "تەمەنم 12 ساڵ بوو نەمزانی شووکردن چییە، رۆژێک مەلایەکیان هێنایە ماڵەوە و لە کوڕێک مارەیان کردم، بەڵام دادگا بەهۆی ئەوەی زۆر منداڵ بووم مارەی نەکردم".

بەڵام تەنیا چوار ساڵ لەلای هاوژینەکەی مایەوە و لێی جیابووەوە "زۆر خراپ بوو لەگەڵم و لێی دەدام، بۆیە لێی جیابوومەوە".

تاوەکو باوکیان لە ژیاندا مابوو، (س) و خوشکەکەی و دوو براکەی هیچ کێشەیان نەبوو، بەڵام دوای مردنی باوکیان، بێکەس بوون. ئەو ژنە دەڵێت "باوکمان حەوت ساڵ لەمەوبەر مرد، گوزەرانمان زۆر خراپ بوو، دوو ساڵ لەمەوبەر هاتینە هەولێر، براکانم بچووک بوون، بەناچاری من و خوشکەکەم دەستمان بە کارکردن کرد".

(س) و خوشکەکەی لە کافتریاکانی هەولێر کاریان دەکرد. ئەو دەڵێت: "رۆژانەی هەریەکمان 25 هەزار دینار بوو، بەڵام دواتر خوشکەکەم شووی کرد، ئیدی بەخێوکردنی دوو براکەم کەوتە ئەستۆی من".

(س) لە تەمەنی 17 ساڵی دووبارە هاوسەرگیری دەکاتەوە "لە کافتریا کوڕێکم ناسی، بە قسەی خۆی وەرگێڕ بوو، ئەو پێشتر ژنێکی ئەورووپی هەبوو، بەڵام کەسێکی مەشروبخۆر بوو، منیشی ئالوودە کرد، زۆربەی شەوان دەچوو بۆ یانە، هەندێکجار منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد".

(س) شەش مانگ لەمەوبەر بوو بە دایک، بەڵام هاوژینەکەی جێیهێشت. دەڵێت: "هاوژینەکەم چوو بۆ ئەورووپا و دیپۆرتکرایەوە، بەڵام نەگەڕایەوە لای ئێمە. ئێستا خۆی ون کردووە و نازانم لە کوێیە".

(س) تێکەڵ بە باندێک دەبێ کە رۆژی 21ی مانگی رابردوو لە ناحیەی کەسنەزان دەستگیرکران. (س) باسی ناسینی ئەو گروپە دەکات و دەڵێت: "لەرێگەی هاوڕێیەکی کچمەوە (ف)م ناسی کە شوفێری تاکسی بوو، ئەو بەیانییە بەدوامدا هات چووین نانی بەیانی بخۆین، دواتر کوڕێک بەناوی (ە) پەیوەندی بە (ف) وە کرد و گوتی وەرە بۆ ماڵەکەم ئیشم پێتە. چووین و دوای نزیکەی 20 خولەک پۆلیس لە دەرگای دا، (ف) دەرگاکەی کردەوە، پۆلیسەکان پرسیاری (ە)یان کرد، ئەویش گوتی لە ماڵ نییە. پۆلیسەکان گوتیان ماڵەکە دەپشکنین، بەڵام (ە) رایکرد کلاشینکۆفێکی هێنا و لە سەربانی ماڵەکەوە تەقەی لە پۆلیسەکان کرد، ئەو هەڵات و ئێمەش دەستگیرکراین".

پۆلیس لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی (ف)دا سێ دەمانچە و هەندێک مادەی هۆشبەری دۆزییەوە. (س) بە (رووداو)ی گوت "نەمزانی (ە) بازرگانی ماددەی هۆشبەرە، دەمانچەکانیش هی هاوڕێکانم بوون".

(د) تەمەن 21 ساڵ، لەگەڵ (ف) و (س) دەستگیرکران. (د) برای (ە)، بە (رووداو)ی گوت :"دایکم لە ژیاندا نەماوە، باوکیشم ژنێکی دیکەی هێناوە و حاشای لە ئێمە کردووە، من لەگەڵ براکەم دەژیام، ئەو تریاکی بەکاردەهێنا و بازرگانی پێوە دەکرد".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکان، ئێستا 30 ئافرەت لەسەر مادەی هۆشبەر لە گرتووخانەکاندان لەوانەش: 10 ژن لە چاکسازیی ئافرەتانی سلێمانی، دوو سزادراو و 14 راگیراو لە چاکسازی ئافرەتانی هەولێر، دوو سزادراو و دوو راگیراویش لە چاکسازیی ئافرەتانی دهۆک.

سەرچاوەیەکی ئەمنی بە (رووداو)ی گوت "بەداخەوە خەریکە مادەی هۆشبەر لە زانکۆ و پەیمانگاکان و تەنانەت ئامادەییەکانیش بڵاودەبێتەوە، بەڵام بەهۆی خەتەری بابەتەکە، کەس باسی ناکات".

گوتیشی: "هەندێک لەو ئێرانیانەی بۆ کارکردن هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرن".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (542) - دووشەممە 2019/2/11



## لە هەولێر پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ کوژرا

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2019/2/9 پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ لە نزیک ماڵەکەی خۆی دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا، بکوژەکەش هێشتا دەستگیرنەکراوە. هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند: "کاژێر 9:30ی شەوی 2019/2/9 پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ بەناوی (بەدران نووری خدر) لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر لە نزیک ماڵەکەی خۆی تەقەی لێکرا و کوژرا". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتیشی: "کوژراوەکە کاری فرۆشتنی نەوت و گازی دەکرد، تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە، بەڵام پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە، بکوژەکە هەڵاتووە و تائێستاش هیچ کەسێک لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە".

# سەوزەفرۆشێک 55 ڕۆژە بێسەروشوێنە



تارق ڕۆستەم

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- سلێمانی**

تارق کاژێر 5:30 خولەکی ئێوارەی ڕۆژی 2018/12/18 دەرگای دووکانەکەی داخست و خواحافیزی لە کاسبکارانی گوزەرەکە کرد، ئیدی لەو ڕۆژەوە بێسەروشوێنە. کەسوکارەکەی دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە و نازانن چی بەسەرهاتووە.

تارق ڕۆستەم، تەمەنی 39 ساڵە و باوکی چوار منداڵە، دانیشتووی شاری سلێمانییە و دووکانی سەوزە فرۆشتنی هەبوو لە شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی. ئێوارە دوای تەواوبوونی کارەکەی سواری ئۆتۆمبێلەکەی دەبێت بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام 55 ڕۆژە ونە و مۆبایلەکەشی داخراوە.

دوای ونبوونی تارق، کەسوکارەکەی پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ سەرەداوێکمان لەبارەی ونبوونی ئەو پیاوە دەستنەکەوتووە".

گوتیشی: "دۆسیەکەمان نارد بۆ دادگا بۆ ئەوەی بڕیاری دادوەر وەربگرین و گوێ لە دوایین پەیوەندییەکانی ئەو پیاوە بگرین، بەڵام لەبەر لێکۆڵینەوە جارێ هیچ زانیارییەک ئاشکرا ناکەین".

سیروان عەبدوڵڵا هاوڕێ و شەریکی تارقە. لەبارەی ونبوونی هاوڕێکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە سەعات 7:30 خولەک هات بۆ دووکان. بەیەکەوە چووین بۆ عەلوەکە و شتمان بۆ دووکان کڕی، نانی نیوەڕۆشمان بە یەکەوە خوارد، تارق زۆر ئاسایی بوو، هەستم بەوە نەکرد هیچ کێشەیەکی هەبێ، ئێوارە دووکانەکەمان داخست، ئەو ڕۆیشت لە گەراجەکە ئۆتۆمبێلەکەی دەرهێنا و پێنج خولەک پێش من ڕۆیشت".

سەعات 9:30 خولەکی شەو کەسوکاری تارق پەیوەندی بە سیروانەوە دەکەن و دەڵێن تارق نەگەڕاوەتەوە، ئەویش سەری سوڕدەمێنێ و پێیاندەڵێ کە تارق پێنج خولەک پێش ئەو ڕۆیشتووە و لەلای ئەو باسی ئەوەی نەکردووە دەچێتەوە ماڵەوە یان شوێنێکی دیکە.

کات درەنگ دەبێ، تارق هیچ هەواڵێکی نییە، هاوژینەکەی ناوبەناو تەلەفۆنێکی بۆ دەکات، بەڵام مۆبایلەکەی داخراوە. هاوژینەکەی ناچار دەبێ کەسوکاری خۆی و هاوژینەکەی ئاگادار بکاتەوە.

بێخاڵ ڕۆستەم کە خوشکی تارقە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە 10 خوشک و دوو براین، براکەی دیکەمان لە دەرەوەیە، بۆیە زۆر سەبووریمان بە تارق دەهات. ئەوە دوو مانگێکە لێمان ونە، نازانین چی بەسەرهاتووە".

بێخاڵ ڕەتیکردەوە براکەی کێشەی لەگەڵ کەس هەبووبێ و گوتی: "ئێمە ئاگاداری ژیانی براکەم بووین، هیچ کێشەیەکی نەبوو. هیچ شتێکی لە دایکم و هاوژینەکەی نەشاردووەتەوە. دوای ونبوونی لە براژنەکەم پرسی ئایا هەستی بە هیچ شتێک نەکردووە، براکەم هیچ شتێکی بۆ باس نەکردووە، نەیگوتووە کێشەم هەیە یان نەخۆشم؟ براژنەکەم گوتی نەخێر هیچ شتێکی بە من نەگوتووە و هەستیشم نەکردووە هیچ کێشەیەکی هەبێ".

بێخاڵ هەر کەسێک لە خزمەکانی لە خەیاڵ بووبێ، هەر ئەو شەوە تەلەفۆنی بۆ کردوون، چاوەڕێ بووە یەکێکیان بڵێ تارق لەلای منە، یان هەواڵێکی لەبارەی چارەنووسی تارقەوە پێ بدات، بەڵام هیچیان هەواڵی دڵخۆشکەریان لەلا نەبووە. دواتر پۆلیس لە ونبوونی تارق ئاگادار دەکەنەوە.

کەسوکاری تارق لەو ڕۆژەوە چاوێکیان لە دەرگایە و چاوێکیشیان لەسەر مۆبایلەکانیانە، بەڵکو تارق لەو دەرگایەی لێی دەرچوو، بگەڕێتەوە، یان کەسێک بە تەلەفۆن هەواڵی مان و نەمانی تارقیان پێبدات. منداڵەکانی تارقیش زوو زوو لە دایکیان دەپرسن: "باوکمان لە کوێیە؟ ئیدی ناگەڕێتەوە لامان!".

## چوار ساڵە لەسەر شەقامەکانی هەولێرە

# دوو برا دەستدرێژی دەکەنە سەر زڕبراکەیان

**ڕووداو – هەولێر**

گەنجێک ماوەی چوار ساڵە لە هەولێر لەسەر شەقام و لەناو کەلاوەدا دەژیت و دەڵێ لەلایەن دوو زڕبرای و هەندێک لە کەسە نزیکەکانیەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. دواتر یەکێک لە براکانی فرۆشتوویەتی و چەندینجاریش ئەشکەنجە دراوە.

ڕێناس ناوی خوازراوی گەنجێکی تەمەن 19 ساڵە، لە خێزانێکی قەرەباڵغدا گەورە بووە، باوکی چوار ژنی هێناوە و 12 برای هەیە، بەڵام هەموویان زڕبراین. ئەو دەڵێت: "منداڵێکی جوان بووم، بۆیە ئەوکاتەی تەمەنم 9 ساڵان بوو، لە قوتابخانە قوتابییەکان تەحەروشیان پێدەکردم، بەڵام لەترسی ماڵەوە نەمدەوێرا هیچ بڵێم".

ڕێناس باس لەوە دەکات کە بەهۆی ئەوەی باوکی ئەشکەنجەی داوە توانای سێکسی لەدەستداوە: "باوکم کە زانی لە قوتابخانە تەحەروشی سێکسیم پێدەکەن، لەجیاتی ئەوەی بەرگریم لێبکا، لە ژوورێکی کردم و کەوتە لێدانم، دواتر منی بە گون هەڵواسی، بۆیە توانای سێکسم نەما".

### "دوو زڕبرام دەستدرێژیان کردە سەرم"

بەگوتەی ڕێناس لەلایەن دوو زڕبرا و چەند خزمێکییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر. ئەو دەڵێ: "تەمەنم 14 ساڵان بوو، خەریک بووم ئالیکم دەدایە ئاژەڵەکانمان. یەکێک لە زڕبراکانم لەدواوە باوەشی لێدام و دەستدرێژی کردە سەرم، زۆر ئازارم پێگەیشت، بەڵام نەموێرا هیچ بڵێم و بێدەنگ بووم".

ڕێناس دەشڵێ: "دوای نزیکەی مانگێک زڕبرایەکی دیکەم کە ژن و منداڵیشی هەیە، لە ماڵەکەی خۆی لەنێو مەلەوانگەیەکی سەفەری دەستدرێژی کردە سەرم و زیاتر لە براکەی دیکەم ئازاری دام، ماوەی دوو ڕۆژ بەدەم ئازاری کۆممەوە خەوم لێنەکەوت و تووشی شڵەژانی دەروونی و خەمۆکی ببووم".

بە قسەی ڕێناس، تەنیا دوو زڕبراکەی نەبوون کە دەستدرێژییان کردووەتە سەری، بەڵکو زۆر لە خزمەکانیشی هەمان کاریان لەگەڵ کردووە: "زۆر لە کەسوکارەکەشم، ئامۆزاکانم و برای براژنەکەم و زۆر کەسی دیکەش دەستدرێژییان کردووەتە سەرم، زۆربەیان دەیانبردمە دەشت و بن بەرد و دار، یان سەر ڕووبار و ناو کابینە".

### لە ڕەفتارەکانی ڕێناس نیگەرانن

بەڵام یەکێک لە زڕبراکانی ڕێناس قسەی جیاواز لەبارەی ڕەفتاری براکەی دەکات و دەڵێ: "کوڕێکی سەرەڕۆ بوو، بە منداڵی دزی دەکرد و حەزی لەنێو ژنان بوو، وەکو ژنیش مامەڵەی دەکرد، کەسێکی بەدڕەوشتیش بوو، چەندینجار کەلەپچەمان کردووە و لێمانداوە بۆ ئەوەی واز لەو کارانە بهێنێ، بەڵام وازی نەهێنا و شەرمەزاری کردبووین، بۆیە نزیکەی دوو هەزار دۆلارمان پێدا بۆ ئەوەی بچێتە تورکیا و لەکۆڵمان بێتەوە، تا ئیستانبوڵیش چوو، بەڵام ئەو هاوڕێی خراپی هەبوو لە بەغدا و چووبووە لای ئەوان".

ڕێناس قسەی براکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "ساڵی 2014 ئێوارەیەک زڕبرایەکم بردمیە

**گەنجەکە:**

- لە بەغدا و هەولێر لەشفرۆشییان پێدەکردم
- ڕۆژانە ماددەی هۆشبەرم بۆ 10 کەس دەبرد
- شەرم لە مرۆڤبوونی خۆم دەکەم، وەکو ئاژەڵ مامەڵەم لەگەڵ دەکەن

چۆڵەوانییەک و بەجێیهێشتم، دەیویست ئاژەڵێکی درندە بمخوات یان کەسێک بمکوژێ، یان هەر شتێکی دیکەم بەسەر بێت بۆ ئەوەی چیدی نەگەڕێمەوە ماڵەوە، شەوم بەسەرداهات، زۆر دەترسام، نەمدەزانی چی بکەم، ماوەیەکی زۆر بە پێ ڕۆیشتم، شەو درەنگ لایتی ئۆتۆمبێلێکم بینی، خۆم گەیاندە ئۆتۆمبێلەکە و شوفێرەکە منی تاوەکو نزیکی ماڵەوە هێنا، کاژێر سێی شەو بوو کە چوومەوە ماڵەوە، باوکم زۆری لێدام، زڕدایکم لێی پاڕایەوە، ئینجا وازی لێهێنام".

### بە 300 هەزار دینار دەیفرۆشن

گەنجە 19 ساڵانەکە باس لەوە دەکات کە لەلایەن زڕبرایەکییەوە بە کەسێک فرۆشراوە، ڕێناس گوتی: "لە ماڵەوە لێیاندەدام بۆ ئەوەی بڕۆم، زۆر بێزار ببووم، بەڵام هەر بەرگەم گرت و مامەوە، زڕبرایەکم کە زانی نارۆم، منی بە 300 هەزار دینار بە کەسێک فرۆشت کە ناوی (ش) بوو، پێیگوت بیبە بۆ بەغدا و لەوێ بەجێیبێڵە، ئەوکاتە داعش هاتبوو دەیویست لەناوبچم یان بکوژرێم".

ڕێناس باسی (ش) دەکات و دەڵێت: "(ش) تەمەنی 31 ساڵ بوو، خۆی هاوڕەگەزخواز بوو، منی برد بۆ بەغدا، لەوێ لەبری ئەوەی بەرەڵام بکات، بردمیە هۆتێلێک کە خاوەنەکەی ناوی عەلی سوودانی بوو، گوتی دەبێ لێرە ئیش بکەی، هۆتێلەکە کچی لەشفرۆشیشی لێبوو، هەر موشتەرییەک دەهات پێیدەگوت کوڕت دەوێ یان کچ؟ ئەگەر کوڕیان بویستبایە منی دەنارد، بۆ شەوێک سێکسکردن لەگەڵم 50 هەزار دیناری لە موشتەرییەکە وەردەگرت".

ڕێناس دوای ساڵێک لە بەغداوە دێتەوە هەولێر، بەڵام وەک خۆی دەڵێ لە هەولێریش هەمان دۆزەخ چاوەڕێی بووە: "نزیکەی ساڵێک لەو هۆتێلەی بەغدا کاری خراپیان پێکردم و پارەیەکی زۆریان پێ پەیداکردم، دواتر (ش) هێنامی بۆ هەولێر، گەنجێکی هاوتەمەنیشمی لەگەڵ بوو، گەنجەکە خەڵکی دهۆک بوو، گوتی پێویستمان بە پارەیە، دەبێ هەردووکتان پارە پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی پێی بچینە ئەورووپا".

(ش) هەریەکەیان لە شوێنێکی جیاواز دادەنێ و کاری لەشفرۆشییان پێدەکات، ڕێناس دەڵێ: "منی لەسەر شەقامی مووسڵ دانابوو، دەیگوت کە لۆری هاتن خۆتیان بۆ بادە، خۆشی لەناو ئۆتۆمبێل

> **باشترە لە کوردستان نەمێنێ، ئەگەرنا دەیکوژین**
>
> زڕبرای گەنجەکە

دادەنیشت، هەر شوفێرێکی لۆری کە دەوەستا و دەیگوت بە چەند؟ دەمگوت لەگەڵ ئەو کەسەی ناو ئۆتۆمبێلەکە مامەڵە بکە، (ش) لەگەڵی ڕێکدەکەوت و پارەکەی لێوەردەگرت، ئەویش لە شوێنی نووستنی نێو لۆرییەکە سێکسی لەگەڵ



خێزانەکەی حاشایان لە ڕێناس کردووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

دەکردم و بەرپێیدەکردم، (ش) پارەکەی بۆ خۆی هەڵدەگرت و تەنیا خواردن و جلوبەرگی بۆ دەکڕیم، شەوانەش لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دەخەوتم".

### ناسنامەکەی دەبەن و دەکەوێتە سەرشەقام

(ش) ڕێناس ناچار دەکات ڤیدیۆیەک تۆمار بکات بۆ ئەوەی پێی بگاتە ئەورووپا، ڕێناس دەڵێ: "(ش) پێیگوتم ڤیدیۆیەک تۆمار دەکەم، تۆ دەبێ بڵێی خۆشمدەوێ و بێ تۆ ناژیم، ئەوەی پێکردم، ڤیدیۆکەی بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەم تووڕە ببن و هەڕەشەم لێبکەن، ئەویش ئەمە بکاتە کەیس و پێی بچێتە ئەورووپا، هەر واشیکرد، ناسنامەکەی بردم و ڕۆیشت بۆ ئەورووپا".

ڕێناس بێکەس و بێ ناسنامەش دەمێنێتەوە، ماوەیەکی زۆر بەتەنیا دەبێت و لەسەر شەقامەکان دەخەوێ، ئەو گوتی: "کەوتمە سەر شەقامەکانی هەولێر، لەنێو کەلاوە، پارک و شوێنە گشتییەکان دەخەوتم، ئەو نانە ڕەقەی خەڵک فڕێی دەدا، من دەمخوارد. حاڵم زۆر خراپ بوو پارەم نەبوو، بڕیارم دا لەشی خۆم بەکاربێنم بۆ دەستکەوتنی بڕە پارەیەک، لە ماڵ و باوەشی خەڵک و هۆتێلەکان دەمامەوە، ئەگەر پارەشم دەستنەکەوتبایە، دووبارە دەچوومەوە نێو کەلاوەکان دەخەوتم، ماوەی سێ مانگ بۆ گیرفانی خۆم ئەو کارەم دەکرد، ئەوانەی سێکسیان لەگەڵ دەکردم، بە چەقۆ و دەمبۆکس و شەق لێیاندەدام، بۆیە زۆر بێزار بووم".

### کەسوکاری قبوڵی ناکەنەوە

ڕێناس پەرێشان بووە، بەڵام کەسوکارەکەی قبوڵی ناکەنەوە، ئەو دەڵێ: "کەوتبوومە سەر جادە، زۆر لە خۆم بێزار بووم، تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد و داوام کرد لەخۆیم بگرێتەوە، بەڵام گوتی هەموو دونیا ببێتە تکاکار لە تۆ نابوورم، دەستیشم پێتبگات بە دەستی خۆم دەتکوژم".

ڤیدیۆکانی ڕێناس لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە، ئەو لەبارەی ڤیدیۆکانەوە دەڵێ: "زۆر جار لەژێر هەڕەشەدا ڤیدیۆی سێکسیم گیراوە، بەڵام سێ جار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە، هەر لەبەرئەوەشە باوک و براکانم هەڕەشەی کوشتنم لێدەکەن، ئێستا کە خەڵکێکیش گرتەکانی بینیوە، دەناسرێمەوە و خەڵک نەفرەتم لێدەکەن، پێمدەڵێن تەنتە، ئەبڵە، ئیمۆ و زۆر قسەی نەشیاوی دیکە، زۆرجار شەرم لە خۆم دەکەم کە مرۆڤم، خەڵک وەکو ئاژەڵ مامەڵەم لەگەڵ دەکەن".

ڕێناس زۆرجار بێزاری گەیاندوویەتی بەوەی هەوڵی خۆکوشتن بدا، ئەو گوتی: "13 جار هەوڵی خۆکوشتنم داوە، لەگەڵ ئەوەش بیرم لە ئامانجەکانم دەکردەوە کە ڕەنگە ڕۆژێک پێیان بگەم، ئێستاش ئەگەر دڵنیا بم لەوەی بە ئامانجەکانم ناگەم، خۆم دەکوژم".

### ماددەی هۆشبەری پێدەفرۆشن

ڕێناس دەکەوێتە دەستی باندێکی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و کاری دەبێتە دابەشکردنی ماددەی هۆشبەر بەسەر ئەو کەسانەی بۆی دەستنیشان دەکەن، ڕێناس گوتی "9 مانگ لەمەوبەر کەسێکم ناسی بەناوی (خ.س) برادەری خاوەن هۆتێلێک بوو، تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگەم بدەن لە هۆتێلەکە بمێنمەوە و خواردنم بدەنێ، هەموو کارێکم بۆ دەکرد، کاری خاوێنکردنەوەی هۆتێلەکەی پێدەکردم و شەوانەش دەهاتە لام و سێکسی لەگەڵ دەکردم".

(خ) فرۆشیاری ماددەی هۆشبەر بووە و ماددەکانی لەڕێگەی ڕێناسەوە دابەشکردووە، ڕێناس دەڵێ: "(خ) پێیگوتم شێوەی تۆ کچانەیە و کەس گومانت لێناکات، بۆیە دەبێت ئەو شتانە بۆ موشتەریەکانم ببەی، چەند ماددەیەک بوو، سپی (کریستاڵ) و گیا (ماددەی هۆشبەری وەکو حەشیش و جۆرەکانی دیکە)ی دەدامێ، منیش دەمبردە ئەو ناونیشانانەی پێیدەگوتم، دەمدایە کەسەکە و پارەکەم بۆ دەهێنایەوە".

لەبارەی سەرچاوەی ئەو ماددە هۆشبەرانەش دەڵێ: "لە تورکیا بۆی دەهات، دەچوومە دهۆک و لەنێو شۆرتەکەم دەمشاردەوە و دەمهێنایە هەولێر و ڕادەستی (خ)م دەکرد".

لەبارەی ئەو کەسانەش کە ماددەکانی بۆ دەبردن، ڕێناس گوتی: "ڕۆژانە بۆ چەند کەسێکم دەبرد، ڕۆژی وا هەبووە بۆ 10 کەسم بردووە، زۆربەیان پیاو بوون، بەڵام ژنیشی تێدا بوو، هەموویان عەرەب و ئێرانی بوون".

ڕێناس دووبارە وازی لەو کارەش هێناوە و گەڕاوەتەوە سەر شەقامەکان، بەهیوای ئەوەی دەرگایەک بەڕوویدا بکرێتەوە و ژیانێک بەسەر ببات کە خۆی دەیەوێت، ئەو دەڵێ: "نازانم چارەنووس ئەو دەرفەتەم پێدەدات یان دووبارە دەبێت بگەڕێمەوە سەر کارەکانی ڕابردوو، بە فرۆشتنی جەستەی خۆم ژیانێک بەسەر ببەم کە خۆم نەمویستووە و نامەوێ".

کەسێکی نزیک لە ڕێناس بە (ڕووداو)ی گوت: "من ئاگاداری ئەوەم کە لە ماڵەوە زۆر لێیاندەدا و هەموو کارێکیان پێدەکرد، ماڵیان پێ خاوێن دەکردەوە و قاپیان پێدەشۆرد و زۆر کاری دیکەشیان پێدەکرد، بۆیە چەند ساڵێکە ماڵەوەی بەجێهێشتووە، نە خۆی و نە کەسوکارەکەشی نایانەوێ بگەڕێتەوە لایان".

ئەو کەسە کە نەیویست ناوی بهێنین، باسی لەوە کرد کە چەند جارێک وێنە و گرتەی سێکسی بڵاوکراوەتەوە، بۆیە ئەگەر بگەڕێتەوە ماڵەوە باوک و زڕبراکانی دەیکوژن".

### "بیبینین دەیکوژین"

کەسوکاری ڕێناس گرتە سێکسییەکانیان بینیوە، بۆیە یەکێک لە زڕبراکانی دەڵێ: "ئێمە 12 براین، خانەوادەکەمان حاشای لە ڕێناس کردووە، ئێمە خاوەن کەسایەتی و ناوبانگین، بۆیە حەیای خۆمان نابەین، دەمانەوێت بڕوات و لە کوردستان نەمێنێ، چونکە لە هەر شوێنێک بیبینین دەیکوژین".

### منداڵێکی ئێزدی دوارۆژەکانی داعش بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە

# کوردێک سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەمدواییەی داعشی دەکرد

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بە باڵا و تەمەنیدا ناتوانی بڕوا بکەیت کە سەختترین مەشقی سەربازی و شەرعیی داعشی بینیوە و بەشداریی شەڕیشی کردووە. بەڵام ئەو، تاوەکو ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکی و دوو خوشکە بچووکەکەی دەرفەتی هەڵاتنی بۆ ڕەخسا، سەروکاری لەگەڵ توندوتیژی و خوێن بووە "یەکەم کەس کە ناچاریان کردم بیکوژم، دیلێک بوو. لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی سەری ببڕم، گوتیان بەردبارانی بکە تاوەکو دەمرێ".

بەناوی سەعد خۆی دەناسێنێ و لە سێی ئابی 2014 لەگەڵ دایک و دوو خوشکی دەکەونە دەست داعش کە ئەوکات تەمەنی 9 ساڵ بووە. کاتێک دەگوازرێنەوە بۆ سووریا، دایکی دەکرێ بە کەنیزەک و دەدرێتە چەکدارێکی میسری. سەعد، دەرفەتی ئەوەی پێنادرێ لەگەڵ دایکی بژی "تەمەنم بووە 10 ساڵ لە دایکم جیاکرامەوە، ڕەوانەی سەربازگەیەک کرام لە نزیک دێرەزوور، سەرەتا بۆ هەر ڕۆژێک 3 دەنک خورمایان پێدەداین، دوای مانگێک خولە شەرعییەکە تەواو بوو، ئینجا ڕاهێنانی سەربازییان پێدەکرین".

چەکدارێکی داعشی تونسی بەناوی (بەتتار) لێپرسراوی خولەکە بووە. دەبوو بە زوویی سەعد و 79 کەسی دیکە ئامادە بکات بۆ بەرەکانی شەڕ. سەعد تەنیا ئێزدی بووە لە نێویاندا و بچووکترینیشیان بووە. لە کاژێر شەشی بەیانییەوە ڕاهێنانیان پێکراوە تاوەکو ئێوارە. بەهۆی ئەوە چەند جارێک نەخۆش کەوتووە، بەڵام هەر دوای چاکبوونەوەی ڕەوانەی سەربازگەکە دەکرایەوە.

سەعد لە نێوان ژیانی خۆی و هەڵگرتنی چەک بۆ داعش دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ. لە تەمەنی 11 ساڵیدا، بۆ یەکەمجار لە بەرەیەکی شەڕ لە دژی هێزەکانی بەشار ئەسەد خۆی دەبینێتەوە.

"ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان، ئەو دیلانەم دەبینی کە سەریان دەبڕین. لەم دواییانەدا خەڵکیان زۆر سەردەبڕی، وای لێهاتبوو تەنیا وێنەی سەربڕینی پلەدارەکانیان دەگرت، تاقەتی وێنەگرتنی سەربڕینی هەموو سەربازەکانیان نەمابوو".


سەعد و دایک و دوو خوشکەکەی دوو هەفتەیە لە چنگی داعش ڕزگاریان بووە

سەعد کاتی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی هەستێتەوە و تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی ببێتەوە. منداڵێک، ڕووخانی ناوەوەی بە ئاسانی لە ڕوخسارە شپرزەکەیدا دەبینرێ. گورزی کوشندەی داعش کاتێک بەر ڕۆحی سەعد دەکەوێ کە داوای لێدەکەن چەقۆیەک بگرێت بە دەستییەوە "بەڵام نەمتوانی، دواتر پێیانگوتم باشە بە بەرد بیکوژە، ئیدی بەردبارانم کرد تاوەکو مرد".

لەو دوو ساڵەی دواییدا، داعش بەدوای یەکدا شارۆچکە و گوندەکانی لەدەستدەدا. گەیشتە ئەوەی هیچ شارۆچکەیەکی بەدەستەوە نەمێنێ. سەعد، پەلەقاژەی داعش لە دوارۆژەکانیدا بۆ (ڕووداو) باسدەکات و دەڵێ "زۆربەی کوشتن و سەربڕین و دەست و قاچ بڕینەوەکانیان هێنابووە نێو ئێمە، بۆ ئەوەی هیچ چەکدارێک بیر لەوە نەکاتەوە هەڵبێت یان شوێنی داعش ئاشکرا بکات یان زانیاریی بدات لەسەر داعش، تەنانەت ئەو ژنانەش بەشداریی شەڕیان دەکرد کە لە وڵاتانی دیکەوە بۆ جیهادی نیکاح هاتبوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕکەریان پێویست دەبوو، بۆیە گوێیان بە تەمەن نەدەدا و ئێمەیان ناچار دەکرد شەڕ بکەین".

لە سەعد دەپرسم، ژمارەی ئەوانە چەند بوو کە داعش لەبەرچاوی تۆ سەری بڕیون، یان بینیوتە کە سەربڕدرێن؟ ئەو دەڵێ ژمارەکە زۆر زۆرە "ئەوەندە زۆرە پێم ناژمێردرێ، ئەوان وایان لێهاتبوو چەکداری خۆشیان سەردەبڕی". وەک ئەو باسی دەکات، خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانەی سەربڕدراون ئەوە بووە کە لەبەر حەپەسان و شڵەژانێکی بێئەندازە، توانای قسەکردن و تەنانەت پاڕانەوەشیان نەبووە، تەنیا یەکێک نەبێت "زۆر پاڕایەوە، گوتی منداڵەکانم بچووکن و چاوەڕێن بچمەوە بۆ لایان، لەبەر خاتری خودا مەمکوژن. کەچی سەربڕەکە گوتی ئاخر ئێمەش لەبەر خاتری خودا سەرتدەبڕین".

بۆ دووەمینجار کە سەعد بەشداریی شەڕ دەکات، ناچاری دەکەن دەستگیرکراوێکی دیکە بکوژێت "پێیانگوتم بە تفەنگەکەی دەستت گوللەیەکی لێدە، هەمان ڕۆژ کەسێکی دیکەیان هێنا و گوتیان دەبێ دەستی ببڕیتەوە، هەر لەسەر شەقامەکە ناچاریان کردم دەستی ببڕمەوە".

## داعش ناچاری کردم دیلێک بە بەرد بکوژم

## دەستی دزێکیان پێ بڕیمەوە

لەو چوار ساڵەی لە نێو چەکدارانی داعشدا بووە، مێشکی پێنەگەیشتووی سەعد بووەتە کۆگای هەڵگرتنی دەیان دیمەنی خوێناوی و ترسناک. کاتێ زۆر پێویست نییە تێبگەی لەوەی، سەعد مرۆڤێکی ئاسایی نییە و پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و پسپۆڕە بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیان ئاشت بکرێتەوە "چەند مانگێک بەرلەوەی ڕزگارم بێت، لەناو چەکدارانی داعش چەند کەسێک دەستگیرکران بە تۆمەتی دزەپێکردنی هەواڵ و چالاکییەکانی ناو داعش، هەموویان هێنان و لەبەرچاوی ئێمە سەریانبڕین، دواتر یەکێک لە سەربڕەکان گوتی، هەموو جاسوسەکانی دیکە دەدۆزینەوە و هەرئاوا و لێرە سەریاندەبڕین".

ساڵی زێڕینی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، سەرەتای 2015 بوو. ئەوکاتەی بەشێکی زۆری خاکی سووریا و زۆربەی ناوچەی سوننەنشینی عێراقی کۆنترۆڵ کرد و ئەبوبەکر بەغدادی خەلافەتەکەی خۆی بە فەرمی ڕاگەیاند. بەڵام سەعد، دیمەنی ڕۆژانێک دەگێڕێتەوە کە خەلافەتەکەی داعش لە چەند گوند و شارۆچکەیەکی بچووکی سووریادا قەتیس مابوو.

بە لەدەستدانی خاکی زۆرتر، سزا نێوخۆییەکانی توندتر دەکردەوە و تەنانەت پەنای بردووە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەش کە ئاین نەک ڕەتیاندەکاتەوە، بگرە وەک هێڵی سوور مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

لە سەعد دەپرسم، کە باڵات هێندەی تفەنگەکەی دەستت دەبوو، چۆن دەتتوانی شەڕ بکەیت؟ زەردەخەنەیەک دەکات و شانەکانی هەڵدەتەکێنێ: "جا ئەوە کەی بەدەست من بوو؟".

ئەو منداڵە ئێزدییە، ئێستا تەمەنی 14 ساڵە و دوو هەفتە لەمەوبەر لەدەست چەکدارانی داعش ڕزگاری بووە و گەڕاوەتەوە نێو کەسوکاری خۆی. باسی چەکدارێکی داعش دەکات بە ناوی ئەبوو ئیسلام کوردی "تەمەنی 30 ساڵ بوو، خەڵکی سلێمانی بوو. زۆر حەزی لە کوشتن و بڕین بوو. برایەکی خۆی لەگەڵ بوو بەناوی ئەبوو موسلیم، سەرپەرشتی زۆربەی شەڕەکانی ئەمدواییەی دەکرد و خۆی و براکەی دەیانزانی من کوردم".

ئەوەی بەلای سەعدەوە سەیر بووە، هیچ کەس نەیویستووە ناوی هاوژینە داعشەکەی ئەبوو ئیسلام ئاشکرا بکات "ناوی ژنی هەموو چەکدارێکیان دەهێنا، بەڵام بەردەوام دەیانگوت ژنی ئەبوو ئیسلام، دوو مانگێک بەر لەوەی من ڕزگارم ببێ، ئەبوو ئیسلامم نەبینییەوە، وابزانم کوژرا بوو". ئەو هەواڵی منداڵانی دیکەی ئێزدی

### ڕاپۆرتێکی سوپای ئەمریکا:

# ئەگەری ئەوە هەیە شەش مانگی دیکە داعش سەرهەڵبداتەوە

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 10ی شوبات، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ئۆپەراسیۆنێکیان لەدژی دوایین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستپێکرد، بەرپرسێکی هەسەدە چاوەڕێ دەکات ئۆپەراسیۆنەکە هەتا کۆتایی مانگی شوبات بخایەنێ. حکومەتی ئەمریکا بە نیازە لە مانگی نیسانی داهاتوو هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەرپرسان و دیپلۆماتەکانیش دەڵێن هیچ ڕێوشوێنێک نەگیراوەتەبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی کشانەوەی ئەمریکییەکانەوە دروست دەبێ.

شەڕەکە لە دەوروبەری گوندی باغۆزە لە پارێزگای دێرەزوور. مستەفا بالی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی هەسەدە لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی (ڕۆیتەرز) ڕایگەیاند: "ماوەی 10 ڕۆژە دانمان بەخۆماندا گرتووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی مەدەنی لە ناوچەکە دەربچن" بالی شەڕی باغۆزی بە "دوایین شەڕ" ناوبرد.

ڕێدور خەلیل، بەرپرسێکی باڵای هەسەدە مەزەندە دەکات شەڕەکە هەتا کۆتایی شوبات بخایەنێ، هەرچەند سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنی دابوو ئەم هەفتەیە ڕزگارکردنی هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دەستی داعش ڕابگەیەنن.

### داعش سەرهەڵدەداتەوە

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا (ناسراو بە هێزی ئۆپەراسیۆنی عەزمی پتەو OIR ) ڕاپۆرتی چارەکی کۆتایی 2018یان بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی توانای داعش لە عێراق و سووریا، توانای هێزەکانی عێراق و سووریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێکخراوە و کاریگەریی بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لەسەر دۆخی ئەمنی ناوچەکە دەکرێ.

کۆتایی ساڵی ڕابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بڕیاری لە ناکاوی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریا ڕاگەیاند، هۆکاری بڕیارەکەشی بۆ "تێکشکانی داعش" گەڕاندەوە. بەڵام فەرماندەیی ناوەندی و هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا

## هەڵسانەوەی داعش لە عێراق خێراترە تاوەکو لە سووریا

## هەسەدە بێ پشتیوانی ئاسمانی ناتوانێ شەڕی داعش بکات

جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەڵسانەوەی داعش لە عێراق خێراترە تاوەکو لە سووریا، بەڵام "ئەگەر گوشارێکی بەردەوام لە سووریا نەبێ، ئەوە ڕەنگە داعش لە شەش بۆ 12 مانگی دیکەدا دەست بە هێرش بکاتەوە و هەندێک ناوچەی سنووردداریش لە دۆڵی ڕووباری فورات کۆنترۆڵ بکات".

ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکی هەفتەی ڕابردوویدا ئاشکرای کردووە هێزەکانی ئەمریکا مانگی نیسانیان وەکو دواوادەی کشانەوەی خۆیان لە سووریا دیاریکردووە. تاوەکو ئێستاش دیار نییە دوای کشانەوەی ئەو هێزانە پاڵپشتی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ هەسەدە چییان بەسەر دێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR)هەسەدە پشت بە پاڵپشتی ئاسمانیی هاوپەیمانان دەبەستێ بۆ پاراستنی (ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی) خۆیان و ئۆپەراسیۆن لە دژی داعش. بۆیەش ئەگەر


هێزەکانی ئەمریکا مانگی نیسانیان وەکو دواوادەی کشانەوەی خۆیان لە سووریا دیاریکردووە

هاوپەیمانان هێرشی ئاسمانیان بۆ دابین نەکەن "ئەوە هەسەدە ناتوانێ ئۆپەراسیۆنی ئەوتۆ هێرشکردنی لەدژی داعش بکات"، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات "دەشێ هێزە عەرەبییەکانی ناو هەسەدە نەتوانن بێ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەرەنگاری داعش ببنەوە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR) ئۆفیسی پشکنینی وەزارەتی بەرگری لە دوای بڕیارەکەی ترەمپ کۆمەڵێک پرسیاری ئاراستەی دامەزراوە سەرەکییەکانی پێنتاگۆن کردووە، لەوانەش فەرماندەیی ناوەندی و هەواڵگری وەزارەتی بەرگری. ئۆفیسی پشکنین دەیەوێ بزانێ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئامانجی تێکشکاندنی درێژخایەنی داعش لە سووریا، لادانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران و چارەسەری شەڕی نێوخۆی سووریا چییان بەسەر دێ.

فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا (CENTCOM) و بەشی کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتیی هێزەکانی هاوپەیمانان (ISA) ڕایانگەیاندووە "ناتوانین وەڵامێکی دیاریکراو بەو پرسیارانە بدەینەوە".

لە کاتی ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ترەمپ لە کانوونی یەکەمی پارساڵ، کۆشکی سپی ڕایگەیاند تورکیا قایل بووە بەوەی لەناوبردنی پاشماوەی چەکدارانی داعش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بگرێتە ئەستۆ. ئۆفیسی پشکنین لەو بارەیەوە کۆمەڵێک پرسیاری ئاراستەی وەزارەتی بەرگری کردووە.

لە دوو مانگی ڕابردوودا گومانی ئەوە هەبووە تورکیا ناتوانێ بێ پاڵپشتی ئەمریکا هێز ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی سووریا بکات، پرسیارەکانی ئۆفیسی پشکنین ئەو گومانە پشتڕاست دەکەنەوە. بەشێک لە پرسیارەکان بریتین لەوەی "تورکیا هەتا چەندە لە سووریا شەڕی داعشی کردووە؟ هەوڵەکانی چەندە گرنگ بوون؟ ئایا هەوڵەکانیان لە ژێرخایەندا لە تێکشکاندنی داعشدا کاریگەر بوون؟ ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، تورکیا چ توانا و ویستێکی هەیە بۆ ئەوەی داعش تووشی شکستێکی درێژخایەن بکات و لە چ ڕوویەکەوە کەموکوڕی هەیە؟".

ڕاپۆرتی هێزە ئەمریکییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە بچووکبوونەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش گوشارێکی زۆریشی لەسەر سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە دروستکردووە، بۆیەش لە چەند مانگی ڕابردوودا "ئەندامانی پلە باڵای داعش کوژراون و دەستگیرکراون، بەڵام ئەندامە هەرە باڵاکانی تاوەکو ئێستاش خۆیان لە گیران یان کوژران دزیوەتەوە".

دوو بەرپرسی ئەمنی ئەمریکی بە (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاندووە "شارەزا ئەمنییە باڵاکانی ئەمریکا بڕوایەکی بەهێزیان هەیە کە ئەبوبەکر بەغدادی زیندووە و دەکرێ لە عێراق خۆی شاردبێتەوە". هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی لەسەر زاری سەرچاوەی ئەمنی ئاشکرای کرد کە لە ڕۆژی 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ژمارەیەک چەکداری داعش هەوڵی کودێتا بەسەر بەغدادییان داوە.

داعش خەڵاتی بۆ سەری ئەبو موعاز ئەلجەزائیری داناوە کە گومان دەکرێ چەکدارێکی بیانیی پلەبەرزی داعش بووبێ و لە پلانی کودێتاکەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووبێ. کاربەدەستێکی هەواڵگریی ناوچەکە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاند "شەڕێک ڕوویدا و دوو کەس تێیدا کوژران". ڕووداوەکە چەکداری بیانی داعشی تێدا بوو کە بە بڕواپێکراوەکانی سەرکردایەتی دەزانرێن و بەپێی مەزندەکانی سوپای ئەمریکا تاوەکو ئێستاش مانگانە 50 کەس لەو جۆرە چەکدارانە دێنە ناو داعشەوە.

### داعش لە گوندەکان بەهێزتر دەبێ

ڕاپۆرتەکەی سوپای ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە دۆخی ئەمنی لە ناوچە شارییەکانی عێراق باشتر بووە، بەڵام دۆخەکە لە ناوچە گوندییەکان بەرەو خراپی چووە. هەر ئەمەش وایکردووە چالاکییەکانی داعش لەو جۆرە ناوچانە درێژەیان هەبێ، بە جۆرێک هێزەکانی ئەمریکا لە ڕاپۆرتەکانی نۆ مانگی ڕابردوویاندا جەختیان لەوە کردووەتەوە چالاکییەکانی داعش لە پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە، سەلاحەدین، دهۆک، هەولێر، ئەنبار و بەغدا زیادیان کردووەتەوە.

لە دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017، هاوکاری و هاوئاهەنگییەکانی نێوان هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە بەکردەوە وەستاون، ئەمەش بۆشاییەکی ئەمنی لەو ناوچانە دروستکردووە کە دەکەونە سەر سنووری هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان. لە چارەکی کۆتایی 2018ش هیچ ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا بەڕێوەنەچووە، هەرچەند پۆلیسی فیدراڵی بە "هاوئاهەنگی" لەگەڵ پێشمەرگە لەسەر سنووری پارێزگای کەرکووک و هەرێمی کوردستان ئۆپەراسیۆنی هەبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی OIRلە چارەکی کۆتایی 2018 هیچ پێکدادانێک لە نێوان پێشمەرگە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا ڕوویندداوە، بەڵام هەندێک لە هێزەکانی حەشد لە کەرکووک، نەینەوا و دیالە کێشەیان لەگەڵ پێشمەرگەدا دروستکردووە.

# ئایا نانی سپی "ژەهرە"؟

ئاراس برادۆستی
ڕووداو- سلێمانی

ئەمجارە لاپەڕەی تەندروستیی (ڕووداو) لە خۆراکێکی دیکە دەکۆڵێتەوە، خۆراکێک بەلای هەندێک کەسەوە نابێ لەسەر سفرە نەبێ و سێ ژەمە دەیخۆن، بەڵام نازانن ئەگەر خۆراکە سپییەکە بە ڕێگەیەکی دروست ئامادە نەکرابێ، دەبێتە ژەهر.

شیرین نییە و پڕ لە شەکر نییە، ژەهرێکی کوشندەیە و تاڵ نییە، ڕەنگی سپییە و پاک نییە، ئەمەی باسی دەکەین ئاردە، ئاشنا دێرینەکەی مرۆڤ، ئارد تەنیا خۆی نییە، بەرهەمەکانیشی بەربڵاون، بەڵام نان گرنگترینیانە.

چوومە یەکێک لە ئاشەکانی سلێمانی، گەنمەکە لە جووتیاران دەکڕن و دەیهێننە ئەوێ. بارهەڵگری گەورە، پڕ لە گەنمی خۆماڵی ئامادەبوو بۆ ئەوەی گەنمەکە هەڵڕێژێ، هەڵڕشتنی گەنمەکە خەیاڵی منی بۆ لای کواڵیتی و پێکهاتەکەی برد، بە بەرچاوی ئێمەوە گەنمەکە ڕۆدەچووە خوارەوە.

ئامێرەکانی ئاشەکە لەودیو وەریاندەگرت و دەیانخستە نێو هەناوی خۆیان. ئامێرەکانی ئەوێ گەنمەکە بە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێنن، لەوێ کەسێکم لەگەڵ بوو کە ئەندازیاری خۆراکە و لەگەڵ هاوکارانی لێژنەی تەندروستی چاودێریی بەرهەمەکانی بازاڕ دەکات.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنەی چاودێریی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت چاودێریی وردی ئاشەکان دەکەن، بەڵام کواڵیتی گەنمی خۆماڵی بەدڵ نەبوو، بەڕای ئەو ئەمە وایکردووە کە کواڵیتی ئاردەکەش دابەزێت.

گەنمەکە دوای تێپەڕینی بە پرۆسەی هاڕین و بوون بە ئارد، دەبرێتە نێو ئەو بارهەڵگرەی کە دەیگوازێتەوە، بارهەڵگرەکە پڕ کرا لە فەردە ئاردی خۆماڵی، بەڕێکەوت بۆ ئەوەی پاشان لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت.

زانیم کە ئاردی خۆماڵی دەچێت بۆ بەشە خۆراکی هاووڵاتیان، بەڵام کەمیان بەکاری دەهێنن. زۆربەیان ئاردەکە دەفرۆشنەوە و لە جیاتی ئەوە ئاردی هاوردەکراو دەکڕن، یان تێکەڵی دەکەن لەگەڵ ئاردی هاوردەکراو، یان دەیکەنە ئالیکی ئاژەڵ و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاردی هاوردەکراو دەبەستن. ئەم پرسە منی بردە بازاڕی کانی ئاسکانی سلێمانی کە دانیشتووانی سلێمانی بۆ کڕینی ئارد ڕوو لەوێ دەکەن.

مام حوسێن کە دەمێکە کاری کڕین و فرۆشتنی ئارد دەکات، پێیگوتم ئاردی خۆماڵی کە دەدرێتە بریکارەکانی خۆراک، ئەوانیش دەیدەنە هاووڵاتیان "بەڵام کواڵیتییەکەی زۆر خراپە، بە کەڵک نایەت و کەس بەکاری ناهێنێ".

بەپێی ئەزموونی کاری مام حوسێن، ئاردی خۆماڵی ناکرێتە نان، بەڵکو دەکرێتە ئالیکی ئاژەڵ، بۆ مرۆڤ هاتووە و بە کەڵکی ئاژەڵ دێت، ئەم ماستە موویەکی تێدایە. کانی ئاسکانی سلێمانی تژییە لە ئارد، ئەو ئاردە هاوردەیەی کە دوور لە چاو و کۆنترۆڵی تەندروستی کوردستان بەرهەمدێ و دەگاتە ئێرە.

بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئارد یەکێکە لەو سێ ژەهرە سپییە کە دوژمنی سەرسەختی تەندروستی مرۆڤن. بەپێی ڕاپرسییەکی پەیجی (ڕووداوی تەندروستی) کە 675 کەس بەشدارییان تێدا کردووە، ئێستاش 55%ی خەڵکی لە کوردستان هەر خۆیان نان دروست دەکەن و تەنیا 45%ی خەڵک نان لە بازاڕ دەکڕن.

وا باشە ئارد زۆر نەبێژینەوە و سۆس و کەپەکەکەی لەگەڵ بمێنێ، چونکە زۆربەی ڕیشاڵە خۆراکییەکان و ڤیتامین و کانزاکان لە توێکڵی دانەوێڵەکەدان، نەک ناوە سپییەکەی، کەچی نانەواکان بۆ ئەوەی نانەکەیان سپی بێ، ئاردەکە بە وردترین هێڵەک دەبێژنەوە و هیچ سۆس و کەپەکی پێوە ناهێڵن.

پسپۆڕان هۆشداری دەدەن کە ئاردی سفر، جگە لەوەی سۆسەکەی لێکراوەتەوە، بە پۆڵیشێکی تایبەت زۆرتر سپی دەکرێتەوە و ئێستا دەرکەوتووە ئەو پۆڵیشە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

ئاردی سفر هاوشێوەی شیرینییە دەستکردەکان شەکری خوێن بەرز دەکاتەوە و ڕێگە خۆش دەکات بۆ قەڵەوبوون، بەڵام ئاردی بۆر جگە لە پێکهاتە بە سوودە خۆراکییەکەی، بەهۆی ڕیشاڵە خۆراکییەکانەوە بە هێواشی هەڵدەمژرێ، هەروەک دەرکەوتووە ئەو ڕیشاڵە خۆراکییە دژی بەرزبوونەوەی چەوری و شەکری خوێنە.

پسپۆڕان داوا دەکەن ئەوانەی خۆیان نان دەکەن، بڕی خوێیەکەی کەم بکەنەوە چونکە مرۆڤێک لە شەو و ڕۆژێک و لە هەموو ژەمەکانیدا تەنیا 3-4 گرام "1.5-2.3 گرام سۆدیۆم" خوێی پێویستە کە دەکاتە کەوچکەچایەک خوێ، خۆ ئەگەر نەخۆشی درێژخایەنی هەبێ، ئەوە دەبێ لەوە کەمتریش بخوات.

## ئایا واز لە خواردنی نان بهێنین؟

د.جوان سابیر، پسپۆڕی خۆراک دەڵێت خۆی و هاوسەرەکەی نان دەخۆن، وازهێنان لە نانیش بە کارێکی زیرەکانە نازانێت بۆ دابەزاندنی کێش یان کۆنترۆڵکردنی شەکری خوێن. پسپۆڕە گەنجەکەی خۆراک دەڵێت هەندێک کەس نان ناخۆن و ساوەرێکی زیاتر دەخۆن، لە کاتێکدا کوپێک ساوەر 300 کالۆری وزە دەدات! یان بە ماستەکەوە نان ناخوات، دوای کاتژێرێک دووبارە برسی دەبێتەوە و خواردنی دیکە دەخوات کە ڕەنگە وزەکەی لە نانەکە زیاتر بێ.



سەروەر سالار



## هیوای درۆینە وەکو بێهیوایی خراپە

بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەبارەی شێرپەنجەوە، نابێت هیوای درۆ بدەین بە خەڵک، بۆ نموونە بڵێین شێرپەنجە نەخۆشییەکی سادەیە، یان چیدی کوشندە نییە، یان پشکنینی پێشوەخت هەموو شێرپەنجەیەک دەستنیشان دەکات..

هاوکات نابێت وا لە خەڵک بگەیەنین کە ئەوەی شێرپەنجەی گرت حەتمەن بەو نەخۆشییە دەمرێت، لە ڕاستیدا جۆری شێرپەنجە هەن کە چاکدەبنەوە، یان کۆنترۆڵ دەکرێن و کەسەکە بۆ ماوەیەکی بەرچاو لەگەڵی دەژی.

ئەمانە هەندێک زانیارین کە لە سەرچاوەی بڕواپێکراوی جیهانییەوە بۆم هەڵبژاردوون، تاوەکو شێرپەنجە وەکو خۆی ببینن، نە لە خۆی گەورەتری بکەین و بێئومێدبین بەرامبەری، نە لە قەبارەی خۆی بچووکتری بکەینەوە و ئومێدێکی درۆینە بۆ خۆمان و خەڵک دروستبکەین.

1 خۆپارێزی و پەیڕەوکردنی شێوازی تەندروستانەی ژیان ڕێگە لە هەموو شێرپەنجەیەک ناگرێ: هۆکاری بەشێکی زۆر لە شێرپەنجەکان نە بەهۆی فاکتەری بۆماوەن و نە نەریتی نادروست، بەڵکو بەهۆی ڕێکەوتێکی نەخوازراوە (ئەمانەش کەم نین، بەڵکو بەپێی توێژینەوەی بەرفراوان زۆرینەی شێرپەنجەکان لەم جۆرەن و دەگەنە 65%ی شێرپەنجەکان).

لە هەمان کاتدا نابێ لە بایەخی خۆپارێزی کەمبکەینەوە کە ڕێگا دەگرێ لە چەند جۆرێکی دیاری شێرپەنجە، بە کورتی خۆپارێزی زۆر گرنگە، بەڵام ڕێگە لە هەموو شێرپەنجەیەکیش ناگرێت.

2 خواردنی شەکر نە دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە و نە گەشەی شێرپەنجە خێرا دەکات، نە وازهێنان لە خواردنی شەکر وادەکات تووشی شێرپەنجە نەبیت یاخود شێرپەنجەکەت بچووکێنێتەوە. دەکرێ بڵێین ئەگەر کەسێک هێندە شەکری خوارد قەڵەو بوو، ئەگەری زیاترە تووشی ئەو شێرپەنجانە ببێت کە لە قەڵەوەکاندا زۆرترن.

3 وەبەرزی و وەرنزمی پەیوەندییان بە تووشبوون بە شێرپەنجە و چاکبوونەوە لە شێرپەنجە نییە. بەڵام ڕەنگە وەبەرزەکان زیاتر پابەندی خووی تەندروستانە بن کە ڕێگە لە بەشێکی شێرپەنجە دەگرن، یان زیاتر پابەندی دەرمان و چارەسەرەکانی شێرپەنجە بن و بەوەش چارەنووسیان باشتر بێ لە ڕەشبینەکان.

4 ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت شێرپەنجەی هەبوو مەرج نییە تۆش تووش ببی. ئەگەر کەسیشتان نەیبوو مەرج نییە تۆ تووش نەبی.

5 لە وڵاتێکی وەکوو بەریتانیا و بە جێبەجێکردنی تەواوی ڕێنوێنەکان ئینجا دەکرێت ڕێگە لە ڕوودانی 40%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجە بگیرێت.

6 تووشبوون بە شێرپەنجە مانای مردن نییە، لە وڵاتێکی وەکوو ئەمریکا کەسێک کە تووشی شێرپەنجە دەبێت، ئەگەری ئەوەی کە بۆ پێنج ساڵی دیکە بژی دەگاتە 67% ، ئەمە تێکڕایە، بۆ هەندێک جۆر دەگاتە 90% و بۆ هەندێکی دیکە ئێجگار کەمە.

7 تەواو ئەستەمە هەموو پشکنینەکان بۆ هەموو خەڵک بکرێن بۆ دەستنیشانکردنی هەموو شێرپەنجەکان، ئەمە هەم کات و هەم تێچوویەکی زۆری دەوێ، تەنانەت ئەگەر لەڕووی تیۆریشەوە هەموویان بکرێن، هەر ناکرێت هەموو شێرپەنجەکان زوو دەستنیشان بکرێن، چونکە ڕێژەیەک لە پشکنینەکان (فۆڵس پۆزەتیڤ)ن، واتە تۆ شێرپەنجەت نییە و پشکنینەکە دەڵێ هەتە، یان (فۆڵس نێگەتیڤ)ن، واتە تۆ شێرپەنجەت هەیە و پشکنینەکە دەڵێ نیتە.

8 ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە ڕێنماییەکانی پزیشک جێبەجێ بکەی بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە هەندێک جۆری شێرپەنجە کە خوو و نەریتی ناتەندروستیان لەپشتە وەکو (جگەرەکێشان، مەیخواردنەوە، خواردنی نادروست، وەرزشنەکردن، ژینگەی پیس)، هەروەها هەندێک پشکنین کە دەکرێت هەندێک جۆری شێرپەنجە دەستنیشان بکەن، ئەوەش بەپێی تەمەن و مێژووی خێزان و ڕەگەز و هۆکارەکانی دیکە دەستنیشان دەکرێن، نەک هەموو پشکنینێک بۆ هەموو کەسێک. ئەو پشکنینانەی پزیشک وەکوو سکرینینگ بۆت دیاری دەکات گەلێک گرنگن بۆ هەندێک جۆر کە لە تۆدا ئەگەری دەرکەوتنیان زیاترە بەراورد بە خەڵکی دیکە، بەڵام خۆ جۆری دیکە هەن تۆش وەکوو هەر مرۆڤێک ئەگەری هەیە تووش ببی و لە بەرنامەی پشکنینی پێشوەختەشدا نین.

9 هەموو زیادبوونێکی ژمارەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە (بۆ نموونە وەکوو لەکوردستان) مەرج نییە ئاماژەی خراپ بێ، بەڵکو هەندێکجار نیشانەی ئەوەیە ئێستا لە کوردستان کەرەستەی پشکنین زیاترە و زیاتر لە جاران بە نەخۆشییەکە دەزانرێ و تۆماردەکرێ، دەکرێ پێشتریش ئەم ڕێژەیە هەبووبێ، بەڵام نەناسرابێتەوە و تۆمارنەکرابێ.

# لە کوردستان ئاماری جیاواز لە بارەی شێرپەنجە بڵاودەکرێنەوە

ڕووداو- هەولێر

بەگوێرەی قسەی گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، حاڵەتە دەستنیشانکراو و تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە لە کوردستان 13% زیادیان کردووە، بەڵام ئەنجومەنی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە دەڵێت "داتاکە ورد نییە".

داتاکانی شێرپەنجە کە بە فەرمی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ڕاگەیێندران، پەردەی لەسەر ڕاستییەکی ترسناک هەڵدایەوە، د.خاڵس قادر بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دوو ئاماری ساڵەکانی 2017 و 2018ی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد. لێکدانەوەی ژمارەکان دەریانخست حاڵەتە دەستنیشانکراو و تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە لە کوردستان 13% بەرزبووەتەوە، بەڵام ئەنجومەنی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە لە هەمان وەزارەت ئەو داتایانەی ڕەتکردنەوە. د.دارا ڕەشید، سەرۆکی ئەنجومەنی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە لە کاتی بەشداریی لە ڕوومالی (ڕووداو) بۆ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجە گوتی: "ئەو داتایە ورد نییە، چونکە ئێستا بەشێکی زۆری نەخۆشەکانمان هی نێوەڕاست و باشووری عێراقن".

د. خاڵس دەڵێت، ساڵی 2017 ژمارەی حاڵەتە دەستنیشانکراو و تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان 4808 حاڵەت بووە، بەڵام ژمارەکە لە ساڵی 2018 بۆ 5650 بەرزبووەتەوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی 13%.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ساڵی 2017 بەراورد بە 2016، ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە کەمیان کردووە.

دکتۆر خاڵس دەڵێت ساڵی 2017 شێرپەنجە لەکوردستان کەمی کردووە "ساڵی 2016 ژمارەی حاڵەتە نوێیەکانی شێرپەنجە 5019 کەس بوو، کەچی ساڵی ڕابردوو ژمارەکە دابەزی بۆ 4715 کەس".

بەرپرسەکەی وەزارەتی تەندروستی ساڵی 2017 لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە ئەم کەمبوونەوەیە بەهۆی لاوازبوونی سیستمی چاودێری و دەستنیشانی نەخۆشییەکە، یان ونبوونی بەشێک لە حاڵەتەکان بێ لە چاوی وەزارەتی تەندروستی. دکتۆر خاڵس گوتی: "هەموو تووشبووانی شێرپەنجە هەر دەچنە سەنتەرە حکومییەکان، چونکە چارەسەری شێرپەنجە گرانە و ئەستەمە هاووڵاتیی ئاسایی بتوانێ تێچوونی نەخۆشییەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێ".

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ بەپێی ئامارەکانیان ساڵانە زیاتر لە 14 ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجە دەبن و زیاتر لە هەشت ملیۆن کەسیش بە شێرپەنجە دەمرن. تاوەکو ئێستا شێرپەنجە دووەم هۆکاری مردنە لەسەر ئاستی جیهان. لە هەر شەش کەس کە دەمرن، یەکێکیان هۆکاری مردنەکەی شێرپەنجەیە.

باوترین ئەو جۆرانەی شێرپەنجە کە لە پیاواندا هەن بریتین لە شێرپەنجەی سییەکان، گەدە، جگەر، کۆڵۆن، ڕێکە و سورێنچک. ئەو جۆرانەی شێرپەنجەش کە لە خانماندا زۆرن، بریتین لە شێرپەنجەی مەمک، سییەکان، گەدە، کۆڵۆن و ملی منداڵدان.

بەپێی خەمڵاندنە جیهانییەکانیش، تێچووی ساڵانەی شێرپەنجە لەسەر ئاستی جیهان تریلیۆنێک و 600 ملیار دۆلارە.

شێرپەنجە گرووپێکە لە نەخۆشیی کە بەهۆیەوە گەشەی خانەکان تێکدەچێت و لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. خانە شێرپەنجەییەکان بەوە ناسراون کە بەبێ کۆنترۆڵ دابەشدەبن و زۆردەبن، هەندێکیان ماددەگەلی شێوەی هۆرمۆنی دەردەدەن و پێکهاتە و فرمانی جەستە تێکدەدەن، هەندێکیشیان کاتێک لە شوێنێکی جەستە دروستدەبن، خانەکانی نزیکی خۆیان داگیر دەکەن و بڵاودەبنەوە.

### نیشانەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە

زۆرجار تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە هیچ نیشانەیەکیان نابێت و تەنانەت نەخۆش هەست بە ئازار ناکات، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ درەنگ دەستنیشانکردنی زۆربەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە. زۆرجار پزیشک لەکاتی پشکنینێکی ڕۆتینی یان گەڕان بەدوای نەخۆشییەکی دیکەدا شێرپەنجە دەستنیشان دەکات.

ئەو نیشانانەی کە لە زۆربەی تووشبووەکاندا دەردەکەون بریتین لە: سەرئێشە، ڕشانەوە، بێهێزی، دابەزینی کێش، خوێن بینین لە پیسایی یان لە میزدا، لە هەندێ حاڵەتدا نەخۆش هەست بە دروستبوونی گرێ دەکات و هەندێکجاریش گرێ لیمفاوییەکانی جەستە گەورە دەبن.

### هۆکارەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە

1 **جگەرە:** جگەرەکێشان گەورەترین هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجەیە، حەوت هەزار ماددەی کیمیایی لە جگەرەدا هەن، کە 70یان ڕێگە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە خۆشدەکەن.

2 **نەخۆشیيە ڤایرۆسییەکان:** ڤایرۆسەکانی وەک HPV کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان، هەروەها ڤایرۆسی جگەر HBV وHCV کە تووشی جگەر دەبن، دەبنە هۆی بەشەمێبوون و شێرپەنجەی جگەر.

3 **قەڵەوی و شێوازی ژیان:** کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکی دەڵێت 33%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجە بەهۆی خۆراکی نادروست، ناچالاکی جەستەیی و قەڵەوین.

4 **پیسبوونی ژینگە:** زۆربوونی کارگەکان، دووکەڵ و هەندێک ماددەی دیکەی وەکو بەنزین هۆکارن بۆ پیسبوونی ژینگە و مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان و میزەڵدان زیاد دەکەن.

5 **بەرکەوتنی تیشک:** تیشکە زیانبەخشەکانی وەک تیشکی سەروو وەنەوشەیی، تیشکی گاما و ڕادیۆ، دەبنە هۆی شێرپەنجە. زۆربەی خەڵکی نیگەرانن سەبارەت بە شەپۆلی مۆبایل و تاوەرەکانی، بەڵام هێشتا بەڵگەی ڕوون لەبەردەست نین بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مۆبایل و تاوەرەکانی ئینتەرنێت دەبنە هۆی شێرپەنجە.

6 **بۆماوەیی:** تەنیا لە 5-10%ی جۆرە جیاوازەکانی شێرپەنجە بۆماوەیین و لە هەندێک خێزاندا بڵاون.

### چارەسەری شێرپەنجە:

1 چارەسەر بە دەرمان
2 چارەسەری کیمیایی.
3 چارەسەری تیشک.
4 چارەسەری بایۆلۆژی و هۆرمۆنی.
5 نەشتەرگەری
6 چاندنی مۆخ



### خۆپاراستن لە شێرپەنجە:

1 ڕۆژانە سەوزە و میوە بخۆ
2 دووربکەوە لە خۆراکی لە قوتوونراو.
3 گۆشتی سوور کەم بکەوە
4 هەفتانە 150 خولەک وەرزش بکە
5 واز لە جگەرە و مەی بێنە

## ڕووسیا مەنبجی بۆ ئەسەد دەوێ

# خێڵە عەرەبەکان چارەنووسی منبج یەکلادەک


تەنیا 15%ی دانیشتووانی مەنبج کوردن

**ڕووداو- هەولێر**

مەنبج دەرگای ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فوراتە کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و ئەمریکادایە. شارەزایەکی پەیمانگەی واشنتنۆن پێیوایە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ڕووسیا و هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە پشتگیری لە گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێم بۆ ئەو ناوچەیە دەکەن.

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو، تەقینەوەیەک لە بەردەم ڕێستورانتێکی مەنبج جارێکی دیکە چاوی میدیاکانی جیهانی بۆ لای شارەکە ڕاکێشا. لە زیاتر لە سێ ساڵی ڕابردوودا مەنبج لە ژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی مەدەنی و سەربازیی هەسەدە دایە و هێزەکانی ئەمریکا و فەرەنساش لە ناوچەکە هەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشی تورکیا بگرن. بەڵام لە کۆتایی مانگی ڕابردوو هێزەکانی هەسەدە و ڕووسیا پێکەوە لەو ناوچانە جەولەیان دەکرد کە پێشتر هێزەکانی هاوپەیمانان بەکاریان دەهێنا.

ئەم گۆڕانکارییە لەدوای بڕیارەکەی ساڵی ڕابردووی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا هاتووەتە ئاراوە. مشتومڕێکی زۆر لەسەر چارەنووسی ئەو شارە لە نێوان تورکیا، ڕووسیا و ئێران هاتووەتە ئاراوە. ئەنقەرە لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی مەنبجی دەوێ، بەڵام مۆسکۆ دژی ئەو بیرۆکەیەیە. فابریس بلانش، شارەزای کاروبار و سیاسەتی سووریا لە پەیمانگەی واشنتن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات جوگرافیا و داینامۆی دەوروبەری مەنبج دەریدەخات لە داهاتوودا چارەنووسی ئەو ناوچەیە چی دەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە رووبەری مەنبج و ناوچەکانی دەوروبەری نزیک 500 میل چوارگۆشەیە، 450 هەزار کەسیش لەو ناوچەیە نیشتەجێن، کە 80%یان عەرەبی سوننەن، 15%یان کوردن و 5%کەی دیکەش تورکمان و چەرکەسن. ئەم دیموگرافییە لە شاری مەنبجیش بە هەمانشێوەیە، کە "لە سەرەتای 2011 ژمارەی دانیشتووانەکەی 120 هەزار کەس بووە، بەڵام لێشاوی ئاوارەکان، بە تایبەتیش لە حەلەبەوە، ئەو ژمارەیەیان بۆ 200 هەزار کەس بەرزکردووەتەوە".

بلانش دەڵێت کوردی مەنبج لەگەڵ عەرەبەکاندا تێکەڵاون، بە جۆرێک تەنیا لە گوندی ئەسالییە لە باکووری ڕۆژئاوای مەنبج ناوچەیەکی تەواو کوردی هەیە، لەکاتێکدا لە زۆربەی بەشەکاندا کورد لە ناوچەی بچووک بچووکی ناو جەرگەی ناوچە زۆرینە عەرەبەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

مەنبج لە ئابی 2016 و دوای شەڕێکی سێ مانگەی سەخت لە لایەن هەسەدەوە لە دەستی داعش ڕزگارکرا و کۆتایی بە نزیک سێ ساڵ دەسەڵاتی داعش بەسەر ئەو شارە هێنرا. ئازادکردنی مەنبج یەکەم دەستکەوتی سەربازیی گەورەی هەسەدە بوو کە هێزە کوردییەکان بڕبڕەی پشتی پێکدەهێنن. بەو حاڵەشەوە بلانش پێیوایە "مەنبج بە پێچەوانەی کۆبانێ و ناوچەکانی دیکەی باکووری سووریا سەنگەرێکی کوردی نییە بۆ یەپەگە، چونکە نیزامی خێڵەکی لە مەنبج و دەوروبەری بەهێزە".

> **لێکۆڵەرێکی فەرەنسی:**
>
> عەرەبەکانی هەسەدە وەلائیان بۆ عەشیرەت هەیە و لەسەر مەنبج شەڕ بۆ یەپەگە ناکەن

> عەرەبەکانی مەنبج لەگەڵ گەڕانەوەی ڕژێمی سووریان بۆ شارەکەیان

بەپێی ڕاپۆرتەکە چوار خێڵی هەرە گەورەی ناوچەکە بریتین لە ئەلبوبەنا، غەنایم، ئەلبوسوڵتان و حەنادە، کە هەر یەکێکیان لە کۆمەڵێک هۆز پێکهاتوون و دەیان هەزار ئەندامیان هەیە. گەورەترین هۆزی ئەو ناوچەیەش هۆزی ئەلماشییە، کە دەسەڵاتداری خێڵی ئەلبوبەنان.

محەممەد خەیر ئەلماشی، سەرۆکی خێڵی ئەلبوبەنایە، ئەندامی پەرلەمانی سووریا و ئەندامی کۆمیتەی خێڵەکانی مەنبجە کە بۆ ململانێ لەگەڵ ئەنجوومەنی مەدەنی مەنبج دامەزراوە، بەڵام فاروق ئەلماشی هاوسەرۆکی دەستەی یاسادانانی ئەنجوومەنی مەدەنیی مەنبجە. بلانش دەڵێت "ئەم جیاوازیی ڕوانگەیە بەشێک لە سیاسەتی خێڵەکییە لە هەموو سووریا". لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی هۆزی ئەلماشی لەگەڵ حکومەت لە هەشت ساڵی ڕابردوودا بەردەوام گۆڕانی بەسەر هاتووە. سەرۆکی ئەلماشی لە کۆبوونەوەی سۆچی لە سەرەتای 2018 وەک نوێنەری حکومەت بەشدار بوو.

کێشەی زەوی و زار و موڵک هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەندێک لە خێڵ و هۆزەکان دژایەتی هێزە کوردییەکان بکەن. ڕاپۆرتەکە نموونەی خێڵی ئەلبوسوڵتان دەهێنێتەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات کێشەی زەوییان لەگەڵ کورد هەیە و ئەمەش بیانوویەکی دیکەیان دەداتێ بۆ ئەوەی دژایەتی ئەنجوومەنی مەدەنی مەنبج بکەن.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە فەرەنسییەکە، ململانێ خێڵ و هۆزەکان هۆکارێکی دیکەیە بۆ نزیکبوونەوەیان لە دیمەشق. نموونەی ئەمەش هۆزی بانی سەعیدە کە دەیەوێ خۆی لە ژێر دەسەڵاتی خێڵی غەنایم دەربکات و خۆی وەک خێڵ بناسێنێ.

عەرەبەکان داوای کشانەوەی یەپەگە دەکەن

بلانش لە یەک ساڵی ڕابردوودا دیدار و

## چەکدارە بیانییەکانی گەڕاندووەتەوە ئەوروپا

# داعش لە ئەوروپا خەریک


زۆربەی ئەو چەکدارانەی خولی دەزگای "ئەمنی"ـی داعشیان بینیوە، گەڕاونەتەوە ئەوروپا

**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعش لە بەندیخانەکانی ئەوروپا دەرچوون، ژمارەیەکی زۆریش لە چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە گەڕاونەتەوە ئەوروپا، لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر ئەو چەکدارانەی داعشن کە پۆلیسی وڵاتانی ئەوروپی هیچ زانیارییەکی لەسەریان نییە و چاوەڕێی فەرمانی داعشن. قاچاخچییەک ئەوەی ئاشکرا کردووە کە شانەی نوستووی داعش و خۆکوژ دزەیان کردووەتە ئەوروپا.

ناوەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە توندئاژۆیی (ICSVE) لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە چەند گرتووخانەیەکی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەگەڵ 18 چەکدار و کادری پێشووی داعش قسەی کرد کە دوویان پێشتر لە دەزگای زانیاریی داعش (ناسراو بە ئەمنیەت) کاریان کردووە. ڕاپۆرت و دیمانەکانی ئەو ناوەندە لەگەڵ چەکدارانی داعش لە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە.

یەکێک لەوانە کەسێکی بە ڕەچەڵەک تونسیە بەناوی عەبدولقادر کە تەمەنی 35 ساڵە و لە ساڵی 2008 بە ڕێگەی قاچاغ خۆی گەیاندووەتەوە ئەوروپا. دواتر بەهۆی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی ئەڵمانی توانیویەتی مافی نیشتەجێبوون و کارکردن وەربگرێ.

ئەویش وەکو زۆربەی چەکدارە بیانییەکانی داعش کوشتاری سوننەکان لەسەر دەستی ڕژێمی سووریا بە هۆکاری هاتنی بۆ سووریا دادەنێ. عەبدولقادر لە 2014 بە ئامبولانسێکی پڕ لە هاریکاریی مرۆیی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی دۆمینیک لە ئەڵمانیاوە هاتبوونە سووریا، دواجاریش چووبووە ڕیزەکانی داعش، هەتا پارساڵ لەلایەن هەسەدەوە دەستگیرکرا.

داعشە تونسییەکە لەبارەی دەزگای هەواڵگریی داعش بە (ICSVE) دەڵێ: "ئەوان پۆلیس نین، بەڵام ستافی هەواڵگرین 24 کاژێر ڕووپێچ بەکاردەهێنن، ئەوان بە تایبەتی بۆ ئەو کارە هەڵبژێردراون، بۆیەش لە خانووی تایبەتدا دەژین. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە ڕەوانەی ئەوروپا کراونەتەوە، خەڵکانێکی زۆر هەن کە داعش ڕاهێنانی پێکردوون و چوونەتە ئەوروپا".

یەکێک لەوانەی ڕاهێنانی بە ستافی "ئەمنی"ی داعش کردووە کەسێکی بە ڕەچەڵەک نەمساوی بەناوی ئەبوو مووسا ئەڵمانی بووە. وەک عەبدولقادر باسی دەکات "ئەو لە خێزانێکی دەوڵەمەندی نەمساوی بووە، بەڵام ئایینی خۆی بۆ ئیسلام گۆڕیبوو، حەوت زمانی دەزانی و یەکێک لە ئەرکەکانی قایلکردنی چەکداران بوو تاوەکو بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و لەوێ شانەی نهێنی دروست بکەن". عەبدولقادریش یەکێک لەوانە بووە کە داوای لێکراوە بگەڕێتەوە.

بەڵام ئەو دەیویست خۆی لەو ئەرکە بدزێتەوە، بۆیەش کۆمەڵێک بیانووی هێنابووەوە، لەوانەش ئەو حەوت ساچمەیەی لەناو لەشیدا بوون کە بە گوتەی خۆی ئەگەر بەناو ئامێری پشکنینی فڕۆکەخانەکاندا ڕۆیشتبا، یەکسەر گومانی دروستدەکرد، جیا لەمەش ڕوخساری ئەو ڕوخسارێکی عەرەبی بوو، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی داعش وازی لێبهێنن، چونکە زیاتر بەدوای کەسی شێوە ئەوروپیدا دەگەڕان.

عەبدولقادر پێش هاتنە ناو داعش لە نێوان تورکیا و ئەڵمانیا کاری قاچاخی مرۆڤ و کەلوپەلی دەکرد، ئەو دەڵێت "داعش دەیزانی من کاری قاچاخی مرۆڤم کردووە، هەموو هاوڕێ ئەڵمانەکانم ئەوەیان دەزانی". بەهۆی ئەمەشەوە ئەبوو مووسا ئەرکێکی دیکەی خستە بەردەمی کە دەربازکردنی چەکدارانی داعش بوو لە تورکیاوە بۆ یۆنان.

ئەبوو مووسای ئەڵمانی بە عەبدولقادری گوتبوو "دەولە پێویستی پێتە، هەموو ئوممەی ئیسلامی پێویستیان بە تۆیە". بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (دەیلی بیست)، چەکدارە ئەفریقییەکە ئەمجارەشیان برینەکانی لەشی کردبووە بیانوو، ئەو کات عەبدولقادر خەریکی بازرگانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش بووە و بە گوتەی خۆی ویستوویەتی لەسەر ئەو بازرگانییە پڕقازانجە بەردەوام بێ.

> **1000**
> **پارتیزانی داعش لە ئەوروپان**
>
> کۆنە چەکدارێکی داعش

### بەناو مردووەکان

بەپێی بەدواداچوونەکەی (ICSVE) پرۆسەی ناردنەوەی داعشەکان بۆ ئەوروپا لە چەندین قۆناغ پێکدێ. یەکێک لە قۆناغەکانیش بریتییە لەوەیە ناوی چەکدارەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیاندا بە کوژراو بڵاودەکەنەوە، نموونەی ئەوەش لە حاڵەتەکەی دۆمێنیکی هاوڕێی عەبدولقادردا دەبینرێ کە ماوەیەکی زۆر بووە حەزی لەوە بووە وەکو شانەی نوستووی داعش بگەڕێتەوە ئەڵمانیا.

عەبدولقادر لەو بارەوە بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی گوتووە "داعش ڕایگەیاند دۆمینیک کوژراوە، بەڵام ئەم ڕاگەیەندراوە ڕاست نەبوو.

# ئەمریکا بۆچی شەڕ بە هواوی دەفرۆشێ؟

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، دەزگا ئەمنییەکانی کەنەدا لەسەر داوای ئەمریکا مێنگ وانژوو، سەرۆکی کاروباری بازرگانیی کۆمپانیای هواوییان دەستگیر کرد. حکومەتی واشنتن مێنگ وانژوو و کۆمپانیا چینییەکە بە پێشێلکردنی سزاکانی سەر ئێران و دزینی زانیاریی تەکنەلۆژی لە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی تۆمەتبار دەکات، بەڵام چاودێران پێیانوایە شەڕەکە لە ململانێیەکی یاسایی قووڵترە.

حکومەتی چین لە ساڵی 2018 پلانێکی بەرفراوانی بەناوی پلانی (Made in China 2025) ڕاگەیاند، بەگوێرەی پلانەکە بەیجینگ دەبێ ببێتە ئەکتەری سەرەکی لە بوارەکانی ڕۆبۆت، کەرەستەی وردی کۆمپیوتەری، تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی. ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە ئەو پلانەی چین "هەڕەشەی مان و نەمان لە هەژموونی ئەمریکا بەسەر تەکنەلۆژیای جیهاندا دەکات".

ئەو ڕۆژەی وانژوو لە فڕۆکەخانەی ڤانکۆڤەر دەستبەسەر کرا، سەرۆکی هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکا خەریکی تاوتوێکردنی ڕێوشوێنەکانی سووککردنی شەڕی بازرگانیی نێوانیان بوون. کۆشکی سپی هەمان ڕۆژ ڕایگەیاند کە بۆ ماوەی 90 ڕۆژ باجە گومرگییەکان لەسەر کەلوپەلە چینییەکان بەرز ناکاتەوە و هەر لە 10% ڕایاندەگرێ. بڕیار بوو لە ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە ئەمریکا ڕێژەی باجی گومرگی سەر کاڵا چینییەکان بۆ 25% بەرز بکاتەوە.

خاڵێکی دیکە کە ئەمریکا و ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیگەران کردووە، پەیوەندیی نێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی چین لەگەڵ حکومەتی پارتی دەسەڵاتداری چینە، بە جۆرێک لەو وڵاتە جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی زۆر ئەستەمە.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە ڕێگە نادەن کۆمپانیای هواوی کار لەسەر پڕۆژە تەکنەلۆژییە هەستیارەکانیان بکات، بە تایبەتیش ئەو پڕۆژانەی پەیوەندییان بە ژێرخانی حکومەتەوە هەیە. بەریتانیا یەکێکە لە گەورەترین بازاڕەکانی هواوی لە ئەوروپا. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئەڵمانیاش ڕایگەیاندووە کە لێکۆڵینەوە لە مەترسییە ئەمنییەکانی کارکردنی کۆمپانیا چینییەکان دەکات.

حکومەتی بەریتانیا داوای گەرەنتی لە کۆمپانیا چینییەکە کردووە کە زانیاریی بەکارهێنەرەکان (واتە حکومەت، کۆمپانیاکان و بەکارهێنەرە ئاساییەکان) ڕادەستی حکومەتی چین نەکرێ. هواوی لە نامەیەکدا بۆ پەرلەمانی بەریتانیا جەختی لەوە کردووەتەوە کە: "ئێمە هیچکات کەرەستە و تەکنەلۆژیای خۆمان نەخستووەتە خزمەت چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە سیخوڕییەوە و ناشیخەین، ئێمە کۆمپانیایەکین زۆر چاومان لەسەرە، بۆیەش ئەگەر ڕەفتارێکی خراپ بکەین، پێمان دەزانن و ئەمەش بزنسەکەمان لێ تێکدەدات".

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا (FBI) لە ڕاگەیاندنی تۆمەتەکانی وانژوودا جەختی لەوە کردەوە کە هیچ بەڵگەیەک نییە هواوی زانیاری ڕادەستی پارتی دەسەڵاتدار کردبێ، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یاسای ئاسایشی سایبری و ئاسایشی نیشتمانیی چین وەها دەخوازێ هواوی و کۆمپانیا دیجیتاڵییەکانی دیکە ڕێگە بە حکومەت بدەن دەستیان بە زانیارییەکانیان ڕابگات، ئەمەش هەڕەشە لەسەر بەکارهێنەرە ئەمریکی و ئەوروپییەکان دروست دەکات.

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ململانێی ئەمریکا لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکان لە بنەڕەتدا شەڕێکە کە ڕەهەندێکی درێژخایەنتری هەیە و پەیوەندی بە گەشەی خێرای تەکنەلۆژیای چین لە بوارە دیجیتاڵییەکانەوە هەیە، نموونەی ئەوەش ململانێکانە لە بواری ژێرخانی تۆڕەکانی نەوەی پێنجەم (5G)ی مۆبایل.

کۆمپانیاکانی پەیوەندی بۆ ئەوەی بتوانن کەڵک لە نەوەی پێنجەم وەربگرن، دەبێ پارەیەکی زۆر خەرج بکەن و تۆڕی نوێ دابمەزرێنن. کۆمپانیاکانی هواوی، ئەریکسۆنی سویدی و نۆکیای فینلەندی دەیانەوێ لەو بوارەدا پێشەنگ بن، بەڵام زۆربەی شارەزایان پێیانوایە کۆمپانیا چینییەکە زۆر لە پێش ڕکابەرە

# ـەنەوە



گفتوگۆی لەگەڵ عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە هەبووە هەندێکیان ڕووبەڕوو بوون و هەندێکیشیان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە. لە دوای ئەو یەک ساڵەش گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی "بۆچوونی عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر بە لای ئەوەدا دەشکێتەوە کە یەپەگە بکشێتەوە و هێزەکانی ڕژێم بگەڕێنەوە".

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئەو ئەنجامگیرییە یەکلاکەرەوە نییە، چونکە هیچ ڕاپرسییەکی جیدی لە باکووری سووریا نەکراوە، بەو حاڵەشەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەتا ئەم دواییەش کەمینەیەک لەوانەی قسەیان بۆی کردووە "چاوەڕێی دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم بە پاڵپشتی هێزە ڕۆژئاواییەکان لە ناوچەکەیان دەکرد، بەڵام دوای بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەو هیوایەیان نەماوە و لەگەڵ ئەو زۆرینەیە کەوتوون کە دەیانەوێ ڕژێم بگەڕێتەوە ناوچەکە".

خەڵکی ناوچەکە ئەزموونی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئازادی سووریا هەیە، هۆزی ئەلماشی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕژێمی سووریا لە مەنبج چووە ناو ئەو هێزانەوە. بەڵام زۆربەی ئەوانەی قسەیان بۆ ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن کردووە دەڵێن ئەزموونی ژیانی ژێر دەسەڵاتی سوپای ئازادی سووریا کارەسات بووە، بۆیەش نایانەوێ تورکیا لەگەڵ ئەو هێزانە بێتە ناو شارەکەیانەوە.

چەند ڕۆژێک دوای بڕیارەکەی کۆشکی سپی، ئاڵای ڕژێمی سووریا لە مەنبج هەڵکرا، سەرەتا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ڕژێم گەڕاوەتەوە ناو مەنبج، بەڵام هەر زوو دەنگۆکە ڕەتکرایەوە. بلانش پێیوایە هەڵکردنی ئاڵای سووریا ڕەنگدانەوەی وجوودی بەهێزی گروپە چەکدارییەکانی نزیک لە ڕژێمە لەو ناوچەیە. هەروەها دەڵێت "چەکدارە عەرەبەکانی هەسەدە وەلایان بۆ خێڵەکانی خۆیان هەیە نەک بۆ یەپەگە یان ئەنجوومەنی مەدەنی مەنبج، بۆیەش ئامادە نابن شەڕی سوپای سووریا و تورکیا بکەن، تاوەکو مەنبج لەدەست هێزەکانی یەپەگەدا بمێنێتەوە".

بلانش دەڵێت جەولە سەربازییەکانی ئەمدواییەی هەسەدە و ڕووسیا لەنزیک مەنبج بەو مانایەیە کە ڕووسیا دەیەوێ مەنبج بۆ سووریا بێ نەک تورکیا.

# ـی خۆبەهێزکردنە

شوێنەکەی ئەو لە تەنیشت من بوو. کاتێکیش لە تەبقە چاوم بە هاوژین و منداڵەکانی کەوت، ئەوانیش دەیانگوت دۆمینیک نەکوژراوە، بەڵام ناشزانن لە کوێیە". چەکدارە تونسییەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپای لە "دیارنەمان"ی هاوڕێکەی ئاگادار کردووە، چونکە ئەو دڵنیایە "دۆمینیک زیندووە" و لە شوێنێک خۆی حەشار داوە.

لە ساڵی 2015، دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی ئەوروپی هۆشدارییان دا داعش لێشاوی کۆچبەران بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی ئەندامانی خۆی بە پاسپۆرت و بەڵگەی ساختەوە ڕەوانەی ئەوروپا بکاتەوە. لە هێرشەکەی تشرینی دووەمی 2015شدا بەلایەنی کەم دوو لە هێرشکەرەکان بە دۆکۆمێنتی ساختە هاتبوونە ناو سنوورەکانی یەکێتیی ئەوروپا. چەکدارە توونسییەکە ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "نزیک هەزار پارتیزانی داعش لە ئەوروپان" کە بەشی زۆریان لە تورکیا قژیان چاندووەتەوە و ڕەنگی چاویان گۆڕیوە، لە کاتێکدا پێشتریش لە سووریا مەشقی سەربازییان کردووە.

هاری سافۆ، کۆنە چەکداری داعش، لە 2015 بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی و (دێر شپیگڵ)ی ئەڵمانی ڕاگەیاند داعش بەنیازە هێرشی هاوکات لە چەندین وڵاتی ئەوروپی بکات. سافۆ، هاووڵاتی ئەڵمانیی بە ڕەچەڵەک غانی، یەکێک لەوانە بوو کە ڕاهێنانەکانی دەزگای ئەمنیی داعشی کردبوو، بە گوتەی خۆیشی داعش داوای لەو و ژمارەیەک داعشی ئەوروپی دیکە کردبوو بگەڕێنەوە ئەوروپا و هێرشی تیرۆریستی ڕێکبخەن.

عەبدولقادر ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "ئەوان دەتوانن خەڵکانی گەنج بهێننە ناو خۆیان، بێ ئەوەی خێزانەکەیان هەر ئاگاشی لێبێ. هەندێک خەڵک بە ڕوخساری ئەوروپییەکان دەهاتن، بۆ ماوەیەکی کەم دەمانەوە و لە ڕێگەی تورکیاوە دەگەڕانەوە، یەکێک لەوانە دۆمینیکی هاوڕێم بوو کە پێموایە ئێستا لە ئەوروپا دەژی". بەڵام ئەو ئەوروپییانە دەبووایە یەکەمجار لە تورکیا لابدەن، لە کەنارئاوەکانی باشووری ئەو وڵاتە بە لێشاو وێنە بگرن، بۆ ئەوەی دوای گەڕانەوەیان لە سووریا، لە وڵاتە ئەوروپییەکەی خۆیان گیریان پێ نەدەن.

کۆنە چەکدارە تونسییەکە یەکێک لەو 3500 چەکدارە بیانییەیە کە بە گوتەی فەرماندەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ژێر دەستی ئەوان دان و زۆربەشیان ئەوروپین. یەپەگە لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەوڵیداوە وڵاتانی ئەوروپی ڕازی بکات بەندکراوەکانی خۆیان وەربگرنەوە. کۆتایی مانگی ڕابردوو، فەرەنسا ڕایگەیاند چەکدارە فەرەنسییەکانی داعش و خێزانەکانیان وەردەگرێتەوە کە ژمارەیان لە نێوان 120 بۆ 130 کەسە.



# ترەمپ؛ نیگەرانییە سەرەکییەکەی ئەوروپا

ترەمپ بووەتە مایەی هەرەشە لەسەر ڕێککەوتنە ستراتیژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەوروپا

"ئەمریکا ئەگەر بیەوێ یەکێتیی ئەوروپا پارچە پارچە بکات، دەتوانێ، چونکە یەکێتیی ئەوروپا پرۆژەیەکی لەرزۆک بوو بە گەرەنتییەکانی ئەمریکا دامەزرا"

ڕووداو - هەولێر

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هیچ هاوپەیمانێکی ئەمریکا نەبووە بە ترسەوە چاوەڕێی وتار یان تویتێکی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا نەکات. ئەوروپییەکان کە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا گەورەترین هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، دڵنیا نین لەوەی ترەمپ ئەوان بە دۆست دەزانێ یان نەیار، یان لە دوو ساڵی داهاتووی دەسەڵاتی خۆیدا چ زیانێکی دیکە بە پەیوەندییە مێژووییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەگەیەنێ.

زیگمار گابریەل، وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەڵمانیا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێت: "ئەو زیانەی ئەو بە پەیوەندییەکانی گەیاندووە، ڕێک ئەوەیە کە ڕووسیا خەونی پێوە دەبینی". ئەمەش ئەوروپییەکانی تووشی پارادۆکسێک کردووە. ئەو گوتی: "لەلایەکەوە ناتوانین لەگەڵ ترەمپ هەڵبکەین و لەلایەکی دیکەوە بێ ئەمریکاش هەڵناکەین".

وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا هەوڵدەدەن خۆیان بۆ ئەو حاڵەتە ئامادە بکەن کە پێویست دەکات پەیوەندییە ستراتیژییەکانیان لە بوارەکانی سەربازی و ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئەمریکا بپچڕێنن. دامەزراندنی سوپای ئەوروپا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێی بازرگانی لە دەرەوەی دۆلار نموونەی ئەو هەوڵانەن.

بەرپرسێکی ئەوروپی بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوەکەی، بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند "جارێ لەگەڵ دۆخەکەدا هەڵدەکەین، حوکمڕانی بە تویت جیاوازە لە حوکمڕانی لە ڕێگەی هەوڵ و پەیوەندیی دیپلۆماتیکەوە. بەڵام چی بکەین، دەبێ ئەمەش قەبووڵ بکەین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین. وابزانم ستافە ئیدارییەکەی کۆشکی سپیش هێندەی ئێمە سەریان لە دۆخەکە سوڕماوە".

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دۆناڵد ترەمپ هەوڵی جێبەجێکردنی زۆربەی ئەو شتانەی داوە کە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە 2016 زۆربەی شارەزایان تەنیا وەکو بەڵێنی بەتاڵی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن سەیریان دەکرد، لەوانەش دەرچوون لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کۆنترۆڵکردنی گەرمبوونی کەشی زەوی، هەڵپەساردنی پەیماننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ڕووسیا، دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و کۆمەڵەی 5+1 و بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا.

گابریەل لەمبارەوە دەڵێ: "سەرەتا دەمانگوت ئەوە خەریکی کەمپینکردنە و دوای هەڵبژاردنەکان هەڵوێستی دەگۆڕێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو هەڵوێست و پێگەی کۆی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی ئەمریکای گۆڕی. سەیرە کەسێک بتوانێ لە ماوەیەکی ئەوەندە کورتدا پەیوەندییەک لەبەریەک هەڵوەشێنێ کە دروستکردنەکەی چەندین دەیە کاتی ویستووە".

لە مانگی تەمووزی پارساڵ ترەمپ یەکێتیی ئەوروپای بە گەورەترین نەیاری ئەمریکا لەقەڵەم دا، واتە پێش چین و ڕووسیا. بەرپرسێکی باڵای فەرەنسیش بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "لە زۆر پرسدا هەوڵدەدەین بڕوای پێ بهێنین کە ئەوروپا هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکایە، بەڵام ئەو دەڵێ من پێویستم بە ئێوە نییە و ئەوروپا لە چین خراپترە".

ملململانێی ئەوروپا و ئەمریکا شتێکی نوێ نییە، بەتایبەتیش لە بوارەکانی سیاسەتی بازرگانی و بودجەی سەربازیدا، بەڵام ئەوە یەکەمجارە سەرۆکێکی ئەمریکی دژی دامەزراوەی یەکێتیی ئەوروپا بێ، لەوانەش پشتگیریکردن لە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا و هاندانی فەرەنسییەکان بۆ ئەوەی هەمان ڕێچکە بگرنەبەر، ئەمەش وایکردووە ئەمریکا چیدی بەشێک لە چارەسەری کێشەکانی یەکێتیی ئەوروپا نەبێ، بەڵکو کێشەیەکی دیکە بێ سەرباری هەموو کێشەکانی دیکەی یەکێتییەکە.

نیلس ئانین، بریکاری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەڵێت: "شتی وامان نەبینیبوو کە لە ئەمریکاوە هەڕەشە لەسەر پرۆژەی ئەوروپی دروست بکرێ". پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەوروپییەکان دەتوانن بێ پشتگیری ئەمریکا یەکێتییەکە و ئەو ئاشتییە درێژخایەنەی کیشوەرەکەیان بپارێزن. تۆماس کلاین بڕۆکۆف، بەڕێوەبەری سندوقی مارشاڵی ئەڵمانی لە بەرلین گومانی هەیە ئەوروپا بتوانێ بێ پشتگیری ئەمریکا بەرگری لە یەکێتییەکەی بکات و دەڵێ: "ئەمریکا ئەگەر بیەوێ یەکێتیی ئەوروپا پارچە پارچە بکات، دەتوانێ. چونکە یەکێتیی ئەوروپا پرۆژەیەکی لەرزۆک بوو بە گەرەنتییەکانی ئەمریکا دامەزرا".

بیرکردنەوەی سیاسیی ترەمپ و ئەو هەنگاوانەی لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا هاویشتوونی درێژکراوەی ئەجێندایەکی بەرفراوانترن کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا وەکو دژبەری جیهانگیری، کۆچبەران و نایەکسانیی ئابووری هاتووەتە ئاراوە. هەر بۆیەش کەم نین ئەو بەرپرسە ئەمریکی و ئەوروپییانەی پێیانوایە ترەمپ دەرگای لە کۆمەڵێک پرس کردووەتەوە کە پێشتر ئەوروپییەکان و لیبراڵەکانی ئەمریکا نەیاندەویست بیری لێبکەنەوە، هەرچەند تاوەکو ئێستاش وێنەی زاڵی ئەوروپییەکان بۆ ترەمپ وێنەیەکی کاریکاتەریی کەسێکە کە هیچ لە سیاسەت و دیپلۆماسی نازانێ.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی بەریتانیا دەڵێت "سەرکردەکانی ئەوروپا هەڵەدەکەن ئەگەر ئاستی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاریکاتەرێک دابەزێنن، ئەم هەڵوێستە بە مانای کەمکردنەوەیە لە بایەخ و جیدییەتی ئەو پیاوە، بە کەم سەیرکردنی ئەو شیکارییانەیە کە سەرۆکی ئەمریکا و تیمەکەی لەبارەی کێشە جیاجیاکانەوە دەیهێننە ئاراوە".

### ترەمپ و سێ میمەکەی ئەوروپا

لە دوو ساڵی ڕابردوو ئانگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا و تێریزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕێگەی جیاوازیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترەمپ گرتووەتەبەر، هەمووشیان شکستیان هێناوە. مێرکڵ بە نەخشە و ژمارە و چارت ویستی بایەخی پەیوەندییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە ترەمپ بسەلمێنێ، بەڵام دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی پاریس، مێرکڵی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی ترەمپ کەیفی بە زانست نایەت. لەو کاتەوە مامەڵەی مێرکڵ لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی بڕیارەکانی بووە.

ئەزموونی ماکرۆنیش لە هی مێرکڵ سەرکەوتووتر نەبووە. ترەمپ دووجار سەردانی فەرەنسای کردووە، ماکرۆنیش یەک جار سەردانی کۆشکی سپی کردووە. یەکەم گەشتی ترەمپ بۆ فەرەنسا لە تەمووزی 2017 و بۆ نمایشە سەربازییەکەی ڕۆژی نیشتمانیی بوو. لە نیسانی 2018ش ماکرۆن و بریگیتی هاوژینی سەردانی واشنتنیان کرد. ئەو کات ماکرۆن سەرکردایەتی هەوڵێکی نێودەوڵەتی دەکرد بۆ قایلکردنی ترەمپ بەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەرنەچێ.

ماکرۆن بە دەستی بەتاڵ لە کۆشکی سپی دەرچوو، مانگێک دوای سەردانەکەی ماکرۆن ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کشایەوە. هاوڕێیەکی نزیکی ماکرۆن بە (پۆست)ی ڕاگەیاندووە :"لە ماکرۆنم پرسی گەشتەکە چۆن بوو، ئەویش گوتی زۆر زۆر سەخت بوو".

لە تشرینی دووەمی ڕابردوو، ترەمپ جارێکی دیکە بۆ 100 ساڵەی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم سەردانی فەرەنسای کرد. پێش گەشتەکە ترەمپ خۆی بە "ناسیۆنالیست" لە قەڵەم دابوو و هێرشی کردبووە سەر پرۆژەکەی ماکرۆن بۆ دامەزراندنی سوپای سەربەخۆی ئەوروپا. ماکرۆنیش لە گوتارەکەی خۆیدا ناسیۆنالیزمی بە "خیانەت لە نیشتمانپارێزی" لە قەڵەم دا. خۆپیشاندانەکانی هێڵەک زەردەکان ماکرۆنی وا لێکردووە وەکو جاران نەتوانێ خەم لە کێشە ئەوروپییەکان و کۆنترۆڵکردنی ترەمپ و ئاسەواری کردەوەکانی بخوات.

مەی هاوشێوەی هەردوو هاوتا ئەوروپییەکەی خۆی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا بەدەستنەهێناوە، ترەمپ لایەنگرێکی سەرسەختی لایەنگرە توندڕەوەکانی برێکزتە، لەوانەش بۆریس جۆنسن کە لە کابینەکەی مەیدا وەزیری دەرەوە بوو. ترەمپ ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەی لەگەڵ مەی گوتبووی "بۆریس سەرۆکوەزیرانێکی باشی لێدەردەچوو".

ڕۆژی دواتر ترەمپ لە کۆنفرانسێکی هاوبەشدا بە شان و باڵی مەیدا هەڵدا، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش هاوشێوەی ماکرۆن بەهۆی کێشەی نێوخۆییەوە دەرفەت و توانای کۆنترۆڵکردنی سەرۆکی ئەمریکای نەماوە.



کۆمپانیای هواوی لە ئەمریکا دەستی بەسەر تەکنەلۆژیای وایەرلێسدا گرتووە
(فۆتۆ: AFP)

ئەوروپییەکانیەتی.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گروپی لێکۆڵینەوە و ڕاوێژی بازرگانی دیلۆیت، لە ساڵی 2015 وە چین بەشێوەیەکی بەرچاو لە بواری تەکنەلۆژیای وایەرلێسدا لە ئەمریکا پێشکەوتووە. لەو ماوەیەدا چین 350 هەزار بنکەی نوێی وایەرلێسی دامەزراندووە، لە کاتێکدا ئەمریکا کەمتر لە 30 هەزار بنکەی دروستکردووە. جیا لەمە لە پلانی پێنج ساڵەی ئابووریی چیندا 400 ملیار دۆلار بۆ وەبەرهێنانەکانی تایبەت بە نەوەی پێنجەم تەرخانکراون.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت، ئەمریکا بۆ هەر 10 هەزار کەس تەنیا 4.7 بورجی وایەرلەسی هەیە، لەکاتێکدا چین بۆ هەمان ژمارە 14.1 بورجی هەیە. لە ساڵی 2017 چین ڕۆژانە 460 بورجی وایەرلەسی دروستکردووە کە لە داهاتوودا بەپێی پێویستییەکانی نەوەی پێنجەم نوێ دەکرێنەوە. ئەم ژمارانەش بەو مانایەن چین بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر پێشی ڕۆژئاواییەکان دەداتەوە.

نەوەی پێنجەم زەڕوورەتێکی نوێیە کە نەک هەر خۆی بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵییە، بەڵکو زۆر پێشکەوتنی دیکەی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی و پەیوەندییەکان لەسەر دەستبەرکاربوونی نەوەی پێنجەم وەستاون، لەوانەش پێشکەوتنی نوێ لەبواری ڕۆبۆت، سێنسۆر، یان ئۆتۆمبێلی خودکار کە توانای دروستکردنی پەیوەندی خێرای لەگەڵ ئۆتۆمبێڵە خودکارەکانی دیکەدا هەبێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# چارەسەرێکی ناوەندی بۆ کێشەی پارتی و یەکێتی

ئەم بژارە و بیرۆکانەی لێرەدا باس دەکرێن، پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە دیموکراسییەکانە، ئەگەر ئەم وتارە بمێنێتەوە بۆ مێژوو، کوردستان گەشە بکات و ببێتە وڵاتێکی ئازاد و دیموکراسی، ڕەنگە زۆر لۆمە بکرێم لەسەر ئەوەی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دوو حیزبی سیاسی، لەبری ئەوەی هاندەر بم بۆ چارەیەکی دیموکراسیانە و گرتنەبەری ڕێکارەکانی رای گەل، پەنام بردووە بۆ هاندانی هەردوو تەرەفی کێشەکە، بۆ بەشکردنی میراتی دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا.

بەڵام واقیعی ئێستای کوردستان بەجۆرێکە نە ڕێسا باوەکانی سەردەم و نە یاسا کارپێکراوەکان و نە ئەو مۆدێلانەی لە دونیادا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پەیڕەو دەکرێن، دادی دەردی ئێمە نادەن. مەحکومین بەوەی بەدوای چارەیەکدا بگەڕێین لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەی کورد لە باشووری کوردستان بگونجێ، تەنانەت ئەگەر ڕێگەیەکی خراپیش بێت، بەمەرجێ ئەوەی لە قەیران دوورمانبخاتەوە، بژارەیەکی باشترە لە پەیڕەوکردنی ڕێکارێک کە ببێتە هۆکاری قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان و ئاڵۆزتر بوونی ئەو دۆخەی کە تێیکەوتووین.

پارتی و یەکێتی بەحوکمی ئەو پاشخانە درێژەی ململانێ و ناکۆکیی نێوانیان، هەروەها سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوە و کولاندنەوەی برینەکانی ڕابردوویان لە 16ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک و پرسی سەرۆککۆمار، هیچ متمانەیەکیان بەیەکتری نەماوە. لە کاتێکدا مەحکومیشن بەوەی دەبێت پێکەوە حوکمی کوردستان بکەن. وا پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕیوە و ئەنجامەکانی قبوڵکراون، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کرداریی یاسایی نەنراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت لە کوردستان. خەریکە هەرێم دەکەوێتە بەر ڕەخنە و گوشاری دۆستەکانی بەوەی نابێت لەوە زیاتر پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت. بەڵام لە واقیعدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەمینەی پێکهێنانی حکومەت سەختتر دەبێت.

هەرچەندە لە دوا کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و بەپێی لێدوانی گوتەبێژی هەردوو حیزبەکە، جۆرێک لە دڵنیایی ئەوە درا کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و وەک ڕایانگەیاند لە 18ی شوبات کۆبوونەوەی پەرلەمان ساز دەکرێت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری دەکرێ. بەدوای ئەم کۆبوونەوەیەشدا دیداری لووتکەی هەردوو حیزب لە سێ ڕۆژی ڕابردوو لە نێوان بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ بەڕێوەچوو، وەک هەردوولاش تەئکید دەکەنەوە، خەریکی نووسینەوەی پرۆژەی ڕێککەوتنێکی سیاسی درێژمەودای هەمەلایەنەن کە ڕێگەچارەی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوانیان لەخۆدەگرێت.

بەڵام بەندە بەگومانم لەوەی هیچکام لەو هەوڵانە سەربگرن و پێموانییە لە 18ی شوبات کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیش بکرێت. هەروەها بەدووری دەزانم کە بە ئاسانی بتوانرێت بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبن، ئەمەش بەپلەی یەکەم لەبەر ئەوەی متمانە لە نێوان ئەم دوو هێزە نەماوە. بەو هۆیەوە ئیرادەی چارەکردنی کێشەکانیان نییە. هەروەها بەشێکی تر لە ئاڵۆزبوونی کێشەکان بەهۆی تێکەڵکردنی کێشەکانە بەیەکتری. لەسەرووی ئەم دوو هۆکارە سەرەکییەشەوە، دەستی جۆراوجۆری دەرەوەی پارتی و یەکێتییە لەناو کێشەکاندا.

ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینە هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، بە دوو ڕێگە دەکرێت: یان کێشەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، هەر کێشەیەک بەجیا و لە شوێنی خۆی ببینرێت تا ئاسانتر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و هەمووشیان پێکەوە چارە بکرێن. یان وەک میرات و دوور لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن و ڕێکاری دیموکراسی لەنێوان خۆیاندا بەشی بکەن. بەڵام تێکەڵکردنی هەموو کارتەکان پێکەوە گومان دەکرێت کە بۆ ئاڵۆزکردن بێت، ئامانجەکەش هێشتنەوەی ئەم دۆخەی نێوان پارتی و یەکێتییە وەک خۆی کە لێکەوتەی مانەوەی ئەم دۆخەش بە دڵنیاییەوە کوردستان دەباتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.

زۆر جاری تر ئەوەم گوتووە کە مەترسی لەدەستدانی دەرفەتێک تەنها ئەوە نییە دەرفەتەکە لەدەست بچێت، بەڵکوو مەترسییەکە ئەو لێکەوتە خراپانەیە کە بە لەدەستچوونی دەرفەتەکە دەکەونەوە. ساڵی پار دەرفەت هەبوو کە پارتی و یەکێتی لەسەر هەردوو پۆستی سەرۆک کۆمار و پارێزگاری کەرکووک ڕێککەون و هەریەکەیان یەکێک لەو دوو پۆستە وەرگرێت، لەلایەک بۆ ئەوەی ناکۆکی نەکەوێتە نێوانیانەوە و لەلایەکیشەوە تا جۆرێک لە هاوسەنگی ئەم دوو هێزە لە نێوان پشک و دەسەڵاتەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم دروست بێت. گرووپی کەرکووکیەکانی ناو یەکێتی لە پێناوی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ئارەزووی ئەو ڕێککەوتنەیان هەبوو. بەڵام هەندێکی تر لەناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی لەدژی هەر سازانێک بوون و پارتیش تووشی غرورێک بوو بوو، پێیوابوو دەتوانێ ئەو دوو پۆستە لە دەست یەکێتی دەربهێنێ، بەو هۆیانەوە ڕێککەوتن نەکرا، ئەو کێشە و ناکۆکییانەی لێکەوتەوە کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بینیمان و ئەم ململانێیەی ئێستاش کە لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکووک هەیە.

ئێستاش تێکەڵکردنی کێشە و لێکەوتەی ناکۆکییەکانی ئەم دوو پرسە بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نە یارمەتیدەر دەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ خودی کێشەکان و نە یارمەتیدەریش دەبێت لە ئاسانکاری بۆ پێکهێنانی حکومەت. بۆیە ئەگەر نیەتەکە دۆزینەوەی چارەسەرە، کەواتا نابێت بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشەیەک، ئاستەنگی زیاتر بخرێتە پێش پرۆسەیەکی تر. بابەتی ئاساییکردنەوەی نێوانی پارتی و سەرۆک کۆمار بەوە ئاسایی نابێتەوە کە گرفت بۆ پێکهێنانی حکومەت دروستبکرێت لە کوردستان. بەپێچەوانەوە ڕێککەوتنی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی و زەمینەی دروستکردنەوەی متمانە لەنێوانیان و هاوبەشیی ڕاستەقینە لەپێکەوە کارکردنیان، زەمینە بۆ ئاساییبوونەوەی ئەو پەیوەندییە دەڕەخسێنێ.

ئەوەشی پەیوەندی بە کەرکووکەوە هەیە، دەبێت هەردوولایان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە وەک چۆن دەگوترێت هەرێم بە هاوبەشی نەبێت بەڕێوەناچێت، دەبێ جۆرێک لە سازان لەسەر کەرکووکیش بێتە ئاراوە کە هەردوولا هەست بەو هاوبەشییە بکەن. یەکێتی هەموو ڕێگاکانی تاقیکردەوە بۆ دانانی پارێزگار، نەیتوانی و بە ناچاری ڕووی کردووەتەوە پارتی، ئەو سازشانەی بۆ تورکمان و عەرەب، بۆ بەغدا و بۆ تورکیای کرد و بێ ئاکام بوو، بە نیوەی ئەوە دەتوانێت لەگەڵ پارتی ڕێککەوێت. دەکرێت لەیەک ڕۆژدا کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دەدرێت بە یەکێتی، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش لە کەرکووک بکرێت و پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بدرێت بە پارتی، هەمان ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردستان متمانە دەدات بە سەرۆکی حکومەت وەک پشکی پارتی، ئەو ڕۆژەش ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک متمانە بدات بە پارێزگارێک لە پشکی یەکێتی. دەکرێت تورکمان بە پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیس و پەروەردە قەرەبوو بکرێنەوە.

بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە بەجۆرێک تێپەڕێنین کە میللەتەکەمان زەرەرمەند نەبێت، بۆئەوەی لە ساڵانی داهاتووش ئەم کێشانە سەرهەڵنەدەنەوە و نەبنە مەترسی بەریەککەوتنی پارتی و یەکێتی، هەرچەندە لەسەر حسابی دیموکراسی و فەرامۆشکردنی هێزەکانی تر و ڕێگرییە لە دەستاودەستی دەسەڵات، ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەی دەیانەوێ ئیمزای بکەن، وەک میرات ئەم پۆستانە بۆ داهاتوو بەم شێوەیە بچەسپێنن. پۆستەکانی سەرۆک کۆمار و پارێزگاری کەرکووک و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکێتی بێت. سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ پارتی بێت.



ئازاد وەلەدبەگی

# قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلوولی 2018 ئەنجامدرا و پاش پەسەندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم لە 2018/10/20 ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند. پاش تێپەڕبوونی پتر لە چوار مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەتا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و کابینەی نوێ پێکنەهاتووە و پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان لە جێی خۆیدا چەقیوە. دەتوانین ئەم شێوازەی پێکهێنانی حکومەت بە جۆرێک لە قەیران ناو ببەین کە بەرۆکی پرۆسەی سیاسیی کوردستانی گرتووە.

لە وڵاتانی دیموکراتی، کۆمەڵێک بنەما و پێوەری یاسایی و گشتی هەن کە پێویستە لایەنە سیاسییەکان لە کاتی هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردنیش لە قۆناغی پێکهێنانی حکومەتدا لەبەرچاوی بگرن، بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن واتا و ناوەڕۆک و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی لە دەست نەدات و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوازی ئاشتیانە ئەنجام بدرێت. چونکە دەسەڵات شەرعیەتی سیاسی خۆی لە خەڵکەوە وەردەگرێ و گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە و ئەم بنەما دەستوورییە لە بەندی (5)ی دەستووری عێراقیش جەختی لەسەر کراوەتەوە. یەک لەو پێوەرانە پێکهێنانی کابینەیە بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن، واتە ئەو لایەن یا لایەنانەی کە دەتوانن زۆرینەی ڕەها پێکبهێنن، هەڵدەستن بە پێکهێنانی کابینە و لایەنەکانی دیکە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن و ئیدی پێوەر یا بنەمای نالۆژیکیی دیکە ڕۆڵیان نییە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا. بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێ، ئەوەیە کە بەرکەوتەی هەڵبژاردن پێوەری سەرەکی نییە لە پێکهێنانی کابینەدا، بەڵکوو دوو لایەنی سیاسی دیار کە خاوەن زۆنی دەسترۆیی و هێزی سەربازی و ئەمنیی تایبەت بە خۆیانن، بێ گوێدانە بەرکەوتەی هەڵبژاردن، بەشداریکردن لە دەسەڵات بە مافێکی هەمیشەیی خۆیان دەزانن و هەردووکیان بە هیچ جۆرێک ئامادە نین ببنە ئۆپۆزیسیۆن و بەشداریی لە حکومەت واقعێکی چەسپاوە لەلایان کە مشتومڕ هەڵناگرێت. ئەمەش وایکردووە کە پارتی وەک براوەی هەڵبژاردن نەتوانێ بەسەر واقعی سیاسی — سەربازیی چەسپاو لە هەرێمدا باز بدات و حکومەتی زۆرینە پێکبهێنێ.

هەروەک توێژەرێکی سیاسیی ئەمەریکی بە ناوی (کینت کارتزمەن) دەڵێت: "سیاسەتوانە عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە پێگەیشتوویی دیموکراسی لەسەر بنەمای حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن، بەڵکوو ئەوەی کە هەیە، ئەوەی دەگاتە دەسەڵات هەموو شتێک بەدەست دەهێنێ و ئەوەشی لە دەرەوەی دەسەڵات بێت لە هەموو شتێک بێبەش دەبێت". ئەم ڕاستییە هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق دەگرێتەوە و کولتووری بە ئۆپۆزیسیۆنبوون لە نێوان پدک و ینک بە واتای بێبەشبوون دێت لە هەموو دەستکەوت و بەرژەوەندییەک، هەربۆیە هەردوو لایەنی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان ئامادەیی بە ئۆپۆزیسیۆنبوونیان تێدا نییە.

لەلایەکی ترەوە، نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان و هەروا نەبوونی هیچ یاسایەک کە ماوەکانی پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت بە ڕوونی دیاری بکات و لایەنە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت ناچار بکات بەوەی پێوەی پابەند بن، وایکردووە کە لایەنە سیاسییەکان پاش هەر هەڵبژاردنێکی نوێ، بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سستی بنوێنن لە پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و کابینەی حکومەت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دواکەوتنی پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت خەریکە وەک نەریتێکی نیگەتیڤ خۆی دەچەسپێنێ، کە ئەمەش نیشانەی لاوازیی پرۆسەی سیاسی، بێمتمانەیی لایەنە سیاسییەکان بە یەکتر، هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی و دەستتێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا.

قەیرانی پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەو شێوازەی کە لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، جگە لەوەی کە فەلسەفەی هەڵبژاردن و حوکمڕانیی گەل لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە دەباتە ژێر پرسیار، لە هەمان کاتدا ناڕەزاییەکی قووڵ لە ناو خەڵکدا دروست دەکات و بڕوایان بە پرۆسەی سیاسی، حیزبە دەسەڵاتدارەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن بە تەواوی لەق دەکات، بێگومان ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ڕەفتاری سیاسیی هاووڵاتیان دادەنێت. هەربۆیە پێویستە لەم دۆخەی ئێستادا و بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم قەیرانە، لایەنە سیاسییەکان بە ئیرادەیەکی نیشتمانیی ڕاستەقینە و یەکخستنی گوتاری سیاسیی خۆیان لە وێستگە ستراتیجییەکاندا و پەیڕەوکردنی بنەما ڕاستەقینەکانی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە هەر ئاخاوتنێکی وروژێنەر کە دۆخەکە ئاڵۆز بکات، پلان و سیاسەتێکی گشتیی نیشتمانی دابڕێژن و پەلە بکەن لە پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت، بە جۆرێک کە لە خزمەت هاووڵاتیاندا بێت و بەرژەوەندییە گشتییەکان بپارێزێت.



هێڤیدار ئەحمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# 18ی مانگ پارتی ئامادەیە، ئەی یەکێتی؟

ڕۆژی 2014/10/2 گەرمەی شەڕی دژی داعش بوو، من لەو ڕۆژەدا لەسەر (کەشتیی بوش) بووم لە کەنداو، فڕۆکەکانی ئەمریکا بو لێدانی داعش لەسەر ئەو کەشتییە دەفڕین. تاوەکو گەیشتمە سەر کەشتییەکە، ئەدمیراڵ ئادەم میللەر، فەرماندەی یەکەمی کەشتیگەلی پێنجەمی دەریاوانی ئەمریکا کە لەسەر کەشتییەکە بوو، پێیگوتم "پێش ئەوەی بڕیار بدەین بەشدار بین لە لێدانی داعش، ڕاپۆرتێک لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە بۆ ئێمە هات، تێیدا باسی ئەوەی کرد کە لە هەرێمی کوردستان، دیموکراسی هەیە و هەر چوار ساڵ جارێ هەڵبژاردن دەکرێ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەیە و..." ئەدمیراڵەکە بە منی گوت "لەسەر ئەم بنەمایە هاتین و بەرگریمان لە کوردستان کرد".

## بایەخی پەرلەمانی کوردستان

هەموو ڕێگەکانی دیموکراسی بە پەرلەماندا تێدەپەڕن، شەرعییەتدان بە دەسەڵات، گۆڕینی یاساکان، وەرگرتنی بڕیاری نیشتیمانی هەموویان دەبێ مۆری پەرلەمانیان لەسەربێت. پێویستە لەسەر هەموو حیزبە کوردستانییەکان، بەتایبەت پارتی و یەکێتی کە دوو حیزبی دەسەڵاتدارن لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی پەرلەمان کارابکەنەوە، هاوپەیمانەکانیش لە ڕێگەی دیموکراسییەوە، ئینجاش لە ڕوانگەی نەوت و جیوپۆلیتیکەوە سەیری کوردستان دەکەن، بۆیە حکومەتی ئەمریکا سەربازانی خۆی بەوە ڕازیکرد کە پشتی کورد بگرن، چونکە لە هەرێمی کوردستان، دیموکراسی هەیە!.

2019/2/5 پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە و بڕیاریاندا دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم، ڕۆژی 18ی ئەو مانگە پەرلەمان کۆببێتەوە. خەڵک ئەمجارە زۆر بە ئومێدەوە دەنگیاندا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ، بەڵام خەریکە نائومێدی دروستدەبێ. ئێستا نیازی باش پەیدابوونە و بڕیارە ڕۆژی 2019/2/18 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە، ئەمجارە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، پێش کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتیش بە ڕۆژێک، پارتی و بزووتنەوەی گۆڕانیش دوور لە چاوی میدیا لەسەر هەمان پرس کۆبوونەوە.

## کێبڕکێی دوو باڵەکە

بەربژێری یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هێشتا لەنێوان بەڕێزان بێگەرد تاڵەبانی و د.ڕێواس فایق کە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەیانن و ئەندامی خولی پێشوو و ئێستای پەرلەمانی کوردستانن، ساخنەبووەتەوە، هەردووکیان و هەردوو باڵە پشتیوانەکەشیان تاوەکو سەر ئێسقان کێبڕکێی یەکتر دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ چوار ساڵی دیکە. بەڵام پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت 100% بو بەڕێز قوباد تاڵەبانی یەکلابووەتەوە، هەرچەندە باڵەکەی بەرامبەر باڵیماڵی تاڵەبانی هێشتا ملی بۆ نادات .

زۆر گرنگە یەکێتی لەسەر کاندیدی سەرۆکی پەرلەمان ، خۆی و پارتی ئیحراج نەکات و بەیەک بەربژێر بێتە نێو پەرلەمان. پارتیش مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوە دەکات کە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی وەک بەربژێری خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پێشکێشی دەکات .

ئایا پێش 2019/2/18 پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەنێو یەکێتیدا یەکلایی دەبێتەوە! گومانێک هەیە کە ئەم کێشمەکێشە درێژە بکێشێ و ببێتە ئەگەری دواخستنی کۆبوونەوەی پەرلەمان. بەڵام خۆ ئەو گومانەم نییە یەکێتی کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخات، چونکە پێکەوە لەگەڵ پارتی ئەو بڕیارەیان داوەو هەر خۆشی تەحەمولی هەموو بڕیارێکی پێچەوانەی ئەو بڕیارە دەکات .

## پارتی و گۆڕان: چوار ساڵ

پارتی هەر زوو لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتە ڕێککەوتن. پارتی ڕێکە لەگەڵ سەرکردایەتی گۆڕان بۆ پێکەوە کارکردنێکی چوار ساڵە کە لە بەرژەوەندی کوردستان بێت و لە دژی یەکێتی نەبێت. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، پارتی و گۆڕان و هەموو خەڵکی کوردستان زیاتر لە سێ مانگە چاوەڕوانی یەکێتی دەکەن کە خۆی ساخ بکاتەوە .

ڕۆژی 2019/2/7 بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دوور لە چاوی ڕاگەیاندن، لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی کۆبووەوە. بەپێی قسەی برادەرانی یەکێتی " کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو" بوو .

ڕۆژی 18ی شوباتی 2019 جگە لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەکرێت، مەبەستی سەرەکی لەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە داوا لە بەغدا بکرێت ، کەرکووک لە شارێکی سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ شارێکی خاوەن دەسەڵاتێکی مەدەنی ، هەروەک گوتەبێژی یەکێتیش لە دوایین پرێسکۆنفرانسدا گوتی .

## هەگبەی چارەسەرکار لە بەغدا

یەکێتی ساڵێک و چوار مانگ دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر هەولێدا بەتەنیا لەگەڵ بەغدا و بەبێ پارتی دۆسیەی کەرکووک لەگەڵ بەغدا یەکلاییبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی . بەغداش ئەم دۆسیەیە زیاتر لەگەڵ پارتی چارەسەر دەکات . دۆسیەی کەرکووک بەشێکی سەرەکی بوو لە مژارەکانی سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا . ئەو کەسەی بەوە ناسراوە کە هەمیشە گرێیە ئاڵۆزەکان دەکاتەوە. نێچیرڤان بارزانی لە ڕۆژی 2019/2/7 لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبووەوە ، بەرەو چارەسەر ڕۆیشتن لە سیمای کۆبوونەوەکە و لە قسەکانی دوای کۆبوونەوەکەش بۆ ئێمە ئاشکرا بوو.

بڕیارە دوای کۆبوونەوەی یەکەمی (هەولێر)، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە پردێ یان شارۆچکەیەکی دیکەی سەر بە کەرکووک کۆببێتەوە و تورکمان و عەرەبیش تێیدا بەشدار بن. پارتی نایشارێتەوە کە پۆستی پارێزگاری کەرکووک پشکی کوردە و نایەوێت لەسەر ئەو پۆستەش لەگەڵ یەکێتی بیکاتە کێشە، بەڵام دەبێ یەکێتیش تەفەهومی ئەوە بکات کە دەبێ کەسێک بۆ ئەو پۆستە دابنێت پارتیش پێی ڕازیبێت .

وەرگرتنی پۆستی پارێزگار و وەزیری داد لە بەغدا ، خواستی یەکێتین بۆ کۆبوونەوەی 18ی ئەم مانگەی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە یەکێتی دەیەوێ پێش ئەو وادەیە پارتی ڕازی بکات بە پێدانی هەردوو پۆستەکە. ئەمەش "جەوهەر" و "بناغەیەکی" ئەو ڕێککەوتنە سیاسییە دەبێ کە یەکێتی دەیەوێ بۆ چوار ساڵی دیکەی حوکمڕانی لەگەڵ پارتی دایبنێت .

## بارزانی بڕیار دەدات

یەکێتی داوای شەش وەزارەت دەکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، بزووتنەوەی گۆڕان داوای چوار وەزارەت دەکات، ئەگەر بە داوای یەکێتی و گۆڕان بێت، بەهەردووکیان لە پارتی زیاتر پۆستەکانی حکومەتیان بەردەکەوێت. یەکێتی 21 کورسی لە پەرلەمان هەیە، بزووتنەوەی گۆڕانیش 12، بەڵام پارتی بەتەنیا 45 کورسی هەیە . واتە یەکێتی و گۆڕان 12 کورسییان لە پارتی کەمترە . ئەگەر بە جوگرافیاش بێت وەک یەکێتی دەڵێت، مەعقول نییە، پشکی ئیدارەی یەکێتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک زیاتر بێت .

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ماوەی 27 ساڵە قەت لە هیچ حکومەتێکدا پارتی داوای لە هیچ حیزبێک نەکردووە لە پشکی خۆی پۆستێک بداتە پارتی ، ئەوە هەمیشە حیزبەکانی دیکەن، بەتایبەت یەکێتی لە هەولێر و بەغدا جگە لە مافی خۆیان داوای پۆستی پارتیش دەکەن، پارتی هەمیشە مەرد بووە و پۆستی بەخشیوە، نەک بۆ ئەوەی بڵێن پارتی بەخشندەیە، بەڵکو لەپێناو سەقامگیری دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان بووە. هەرچەندە ئەمجارە لەسەر ئاستی قاعیدە ناڕەزاییەک هەیە کە نابێ ئەمجارە سەرکردایەتی پارتی لە پشکی خۆی پۆست ببەخشێتە لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت یەکێتی، بەڵام قسەی کۆتایی لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لای جەنابی سەرۆک بارزانییە.

چونکە ئەگەر بە دیموکراسی بێ، وەک ئەو ئەفسەرەی لەسەر کەشتیی بووش کە پشتگیری کوردستان دەکات، پارتی و هاوپەیمانەکانی دەتوانن بەبێ یەکێتی حکومەت و پەرلەمان پێکبێنن، بەڵام حکومەتێک بەبێ یەکێتی ئاسان نییە، بگرە هیچ کەسێک لەم هەرێمەدا ئیسراحەت ناکات. ئەم جۆرە وێنەیە لەسەر یەکێتی (باش نییە و بگرە زۆر خراپیشە) بەڵام پێویستە برادەرانی یەکێتی هەست بەوە بکەن کە پارتی بەبێ یەکێتی حکومەت پێکناهێنێ، ئەوانیش چیدی باش نییە یاری بە کات بکەن.

من وێنەیەکی نێو پەرلەمان پێشانی ئێوەی بەڕێز دەدەم. وەک فراکسیۆنەکان بەردەوام لەگەڵ یەکدی دادەنیشین، باسی پێکهێنانی حکومەت دەکەین و نایشارینەوە کە دڵگرانین لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، بێگومان ئەمە لەلای برادەرانی یەکێتی، گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش بەدیدەکرێت . هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەک دووبارە نەکەینەوە، کێشەکان چەندە گەورەبن، لەنێو پەرلەمان بچووکیان بکەینەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پارتی دەبێ خۆی لەو داوە رزگار بکات

## 1

ئێستاش درەنگ نییە بۆ پارتی ئەگەر بیەوێ خۆی لەو داوەی تێیکەوتووە رزگار بکات. ڕێککەوتنی هەفتەی رابردووی پارتی و یەکێتی لەسەر وادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە 18ی شوبات، هەر لەسەرەتاوە ناعەمەلی هاتە پێش چاو، چونکە یەکێتی دەیەوێ هەر هەمان کۆبوونەوە پارێزگارێکی (ئۆکتۆبەرچی) بۆ کەرکووک دابنرێت و لەبەرامبەریشدا پارتی هیچ پشکێکی لە ئیدارەدانی کەرکووک بەرنەکەوێت! پارتی ئەوە قەبوڵ ناکات.

هەڵەی کوشندەی پارتی ئەو ئاڵوگۆڕە ناوخۆییە بوو کە کردی، لێرە بەدواوە ئەگەر پارتی نەتوانێ لەگەڵ لایەنەکانی وەکو گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم ڕێکبکەوێت و، بەبێ یەکێتی بچێتە پەرلەمان، ئەوا ناچارە بچێتە ژێر باری بەشی هەرە زۆری داواکاریی باڵە جیاجیاکانی ناو یەکێتی.

لە رۆژانی رابردوودا هەموو ئەوانەی پارتی لە رابردوودا بە خیانەتکار ناوی دەبردن، لەسەر یەک مێز لەگەڵ پارتی دانیشتن و مەرجەکانی خۆشیان بە ئاسانی فەرز کرد. ئەو مەرجانە کۆتاییان نایەت، چونکە پێیانوایە پارتی کەوتووەتە هەڵوێستێکەوە کە ئیتر بۆ پاراستنی سومعەی ئەزموونی کوردستان هەموو سازشێک دەکات، کە لەڕاستیدا نەدەبوو حیزبی یەکەمی کوردستان و تەنانەت وڵاتی بەناو عێراقیش خۆی بەدەستی خۆی وا لە خۆی بکات.

ئەوەی باڵی خیانەتکاری ناو یەکێتی لە پێش شانزدەی ئۆکتۆبەریشەوە پلان و پیلانیان بۆ دانابوو، ئەمڕۆ لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەی پارتی دروستی کردووە، هەمووی دەبێ بە هاوکاریی پارتی شەرعییەتی پێ بدرێت و خیانەتکارەکان ببنەوە شەریک و برابەشی خەبات!

ئەگەر یەکێتی بەو شێوەیە بەردەوام بێت، بۆ پارتی دەبێ گەڕانەوە لە بڕیاری 3ی کانوونی یەکەمی پارساڵ کارێکی ئاسان بێت. جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت کاندید بکاتەوە و دۆسیەی سەرۆکایەتی هەرێمیش بۆ کاتێکی گونجاو هەڵگرێت. ئەوکاتە ئیتر نەک پارتی مەجبوور نییە لەوە زیاتر ناز و فیزی یەکێتی هەڵگرێ، بگرە ناچێتە ژێر باری هیچ داوایەکی ناڕەوای خیانەتکارانیشەوە. حکومەت پێکدێت و دوو ئیدارەییش دروست نابێت. یەکێتییەک نەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ، چۆن ئیدارەیەکی پێ بەڕێوەدەچێت!؟

## ڕێککەوتن لەگەڵ بەشێکی یەکێتی

## 2

ئەگەر پارتی هەر سووربێت لەسەرئەوەی لەگەڵ تێکڕای یەکێتی ڕێکبکەوێ و پێداگر بێت لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت وەکو یەک پاکێجی ڕێککەوتن موناقەشە بکات، یەکێتیش بە هەموو باڵەکانیانەوە هەموو مەتڵەبەکانی خۆیان دەکەنە یەک پاکێج. لە حاڵەتێکی وەهادا پارتی هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی لەگەڵ بەشێکی یەکێتی ڕێکبکەوێت نەک هەمووی. ئەوەش نەک وەکو ڕێککەوتنی حزبی، بگرە لەسەر بنەمای قورسایی ئەو باڵانە لەناو پەرلەماندا. پارتی بەنیازە رۆژی 18ی شوبات، هەر چۆنێک بێت پەرلەمان کۆبکاتەوە و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دیاری بکات.

ئەگەر تا ئەوکاتە نەگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی یان بەشێکی یەکێتی، ئەوا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە وەکالەت دادەنێت.

هەنگاوی دوای ئەوە پەیوەستە بەوەی چەند حزبەکانی دیکە بەدەم کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پێکهێنانی کابینەوە دێن؟ لەوەشیاندا پارتی پێی باشترە پشکی زیاتر بداتە ئەو حزبانەی کە لە پەرلەمان و لە پڕۆسەکەدا لەگەڵی دەبن، تا ئیمتیازاتی نابەجێ بە باڵەکانی ناو یەکێتی. پارتی و گۆڕان لە پەرلەماندا، بە یەک دانیشتن یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیان سڕ کرد و بە یەک دانیشتنیش دەسەڵاتەکانیان دابەش کرد، ئێستاش دەتوانن بە هەمان میکانیزم و بە یەک دانیشتن یاساکە کارا بکەنەوە و بە یەک دانیشتنیش سەرۆکی هەرێم دیاری بکەن و دواتریش سەرۆکی حکومەت، وەک عادل عەبدولمەهدی بە نیوە زیاتری کابینەکەی بێتە بەردەم پەرلەمان.

لە غیابی تێکڕای یەکێتی لە پڕۆسەی سیاسیدا، گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن و یەکێتیش هێدی هێدی لە ئاستی داواکارییەکانی دادەبەزێت، چونکە جگە لە بەشداریکردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێ. ئەوە تەنها ڕێگەیەکە کە ئەگەر پارتی پێیوابێت دەبێ بە هەر نرخێک بێت سەرۆکایەتیی هەرێم کارا بکرێتەوە و حکومەتیش بە خێرایی پێکبێت.

## مشکخۆرەکان

## 3

دەڵێن کاتێک لە یەکێک لە شارەکانی ئەمریکا ڕێژەی زاوزێی مشکەکان هێندە زیادی کرد کە بە هیچ شێوەیەک کۆنترۆڵ نەدەکران و شارەکەیان هەراسان کردبوو، زاناکان جۆرێک مشکیان پەروەردە کرد کە مشکەکانی دیکە بخوات. ئینجا ئەو مشکە گەورانەیان بەردایە گیانی مشکە بچووکەکان و، ئەوانیش لە ماوەیەکی کەمدا هەموو مشکەکانی دیکەیان خوارد و قەڵاچۆیان کردن. دواییش مشکە گەورەکانیان لەناو برد و بەو شێوەیە کێشەکە چارە کرا.

لەم رۆژانە لە سلێمانی گوایە دەستەیەک دروست کراوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و قەڵاچۆکردنی مافیاکان! جارێ کە سەیری ناوەکانیان دەکەی کەسەکان هەمووی خەڵکی حزبی و ئەوانەن کە خەڵکی شار لەدەستیان زیرەیان کردووە و ئەگەر لە خەڵی سلێمانی بپرسن کێ دەبێ لەم شارە بڕوات تا ئارامی بەخۆیەوە ببینێ، یەک دوو ناوی دیکەش بۆ لیژنەکە زیاد دەکەن و دەڵێن ئەوانە.

خودی دروستکردنی لیژنەی لەو شێوەیە تەجاوەزی کاری حکومەت و دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی کوردستانە، تەنانەت سووکایەتیشە بە دەسەڵاتی پارێزگار کە سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی شارەکەیە. ئینجا سووکایەتییە بە دەسەڵاتی قانوون و حکومەتیش.

خوردەمافیا، دز و چەقۆکێشی لابەلا ئەوە ناهێنن لیژنەی بۆ دروست بکەن، بەڵام پێدەچێ ئەو لیژنەیە بۆ راوی یەکێکی قەڵەو دروست کرابێت کە بەودواییە تەنگی بەوانیش هەڵچنیوە!



رابەر تەڵعەت

# حزبەکانی باشوور لەبەردەم وەرچەرخانی نەوەکاندا

بۆ زۆر لە توێژەر و سۆسیۆلۆگەکان؛ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستای حزبە کوردییەکانی باشوور کارێکی ئاسان نییە. حزبەکانی باشوور، بەتایبەتیش حزبە گەورە و دەسەڵاتدارەکان، لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا؛ بریتین لە کۆمەڵێک کیانی ئاڵۆز و هەبوویەکی سیاسی سەخت بۆ تێگەیشتن و ناڕوون لە شیکارکردندا.

سەرچاوەی ئەو ئاڵۆزییە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی دیاردەی حزبایەتی لە ئێستای باشووری کوردستاندا بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم حزبانە لە گەلێک لەم ڕووانەوە وەک هەیکەلی ڕێکخستنیان، شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن تیایاندا و سەرچاوەی شەرعیەتیان، ئایدۆلۆژیا و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیان، ڕەفتار و هەڵوێستی سیاسییان، ئامانج و خواستەکانیان، سەرچاوە داراییەکانیان و ڕێگاکانی گۆشکردن و هاندانی جەماوەری و شێوازی ئەندامگیری و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندام و لایەنگرەکانیان، ئاڵۆز و پێچیدەن، شەفاف نین و ناتوانین لێی تێبگەین و لە چوارچێوەی تێگەیشتنمان بۆ دیاردەی حزبایەتی وەک ئەوەی لەهەموو جیهاندا باوە، خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

پەیوەندی حزب بە دەوڵەتەوە، یان حکومەت وەک کۆمەڵگای سیاسی و پەیوەندییان بە کۆمەڵگای باشوورەوە وەک خەڵک و هاووڵاتی و کۆمەڵگای مەدەنی، دیوێکی تری ئاڵۆزییەکانی دیاردەی حزبی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیەش، پێویستە لە سێ ڕەهەندەوە بۆی بڕوانین، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم؛ حزبەکان لەناوەوەی خۆیاندا (حزب وەک هەیکەلێکی سیاسی و تەنزیمی)، دووەم؛ حزب لە پەیوەندیدا لەگەڵ کۆمەڵگا (حزبەکان و هاووڵاتی)، سێیەم؛ حزب لە پەیوەندیدا لەگەڵ دەوڵەت (حزبەکان و حکومەت و ئیدارەی هەرێم). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئاڵۆزیی تێگەیشتن لە حزب کۆتایی نایەت، چونکە نابێت ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ئیداری و کولتوورییەش لەبیر بکەین کە ئەم حزبانە تیایدا گەشەیان کردووە و تیایدا بەردەوامن لە ژیان و چالاکییەکانی خۆیان، هەروەک چۆن ناتوانین ئەو بارودۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیانەش نادیدە بگرین کە جوگرافیای سیاسی ناوچەکە بەسەر هەرێمی کوردستانیدا سەپاندووە.

لەڕووی مێژووییەوە، گەشەکردنی دیاردەی حزبایەتی لەناو کورددا، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان، هاوشان بووە لەگەڵ قۆناغی شۆڕش و بەرەنگاریی شاخ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ نەیارەکانیدا، بۆیە لە بنەڕەتدا، گەشەکردنی حزبی کوردی لەم بەشەدا، پەیوەندی بە شارەکانەوە نییە و لە دۆخێکی سیاسی سەقامگیر و لەسایەی دەوڵەت و دامەزراوە و کۆمەڵگای مەدەنییەوە نەهاتووەتە ئاراوە. حزبی کوردی لە شارەکاندا بە نهێنی کاری کردووە و لە شاخیش چەکدار بووە، بۆیە لە ستراکتۆر و پێکهاتەی ئەو حزبانەدا، بەتایبەت ئەوانەی دوای ڕاپەڕین دابەزینە ناو شارەکان و دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەمیشە گرفتی دامەزراوەیی هەیە و ناتوانن لە هەیکەلی سیاسی نهێنی و چەکدارییەوە بگۆڕدرێن بۆ دامەزراوەی سیاسی خاوەن دامودەزگا و دەستوور و پێڕەوی ڕوون لە پەیوەندییاندا لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگا و تەنانەت لە پەیوەندیدا لەنێوان خۆیان.

لە باشووری کوردستان، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دوای ڕاپەڕین، دابەشبوونی شارەکان لەڕووی ئیداری و سیاسییەوە، کۆمەڵگا و حکومەتی دووچاری لێکترازان و لەرزۆکی کرد، سەرجەم دیاردەی حزبایەتی و دەسەڵات کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوانەوە و بۆ ساڵانێکی درێژ بە ئێستاشەوە، شوێنپەنجەی ئەو ڕووداوانە بەسەر هەرێمەوە دیارە. ئەم بونیادە مێژووییە زیاتر لە چارەکە سەدەیەک دەبێت بەرۆکی سیاسەت و کۆمەڵگای باشووری گرتووە، حزبەکان ئاکتەر و داینەمۆی ئەو قۆناغە بوون بە ئێستاشەوە. ناونیشانی ئەم پرۆسەیەش ئەگەر ناچاربین ناوێکی بۆ بدۆزینەوە، بریتییە لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی دەسەڵات، تیایدا حزبەکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مانەوە و هێزی خۆیان بکەن، دەبێت خاوەنی دەسەڵات و سامان بن.

پرۆسەی کەڵەکەکردنی دەسەڵات لە ژیانی حزبایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستاندا کۆتایی نەهاتووە، کەچی پرۆسەیەکی تری بەدوای خۆیدا هێناوە، ئێستا حزبەکان بەگشتی لەبەردەم گواستنەوە و وەرچەرخان و سەختییەکی تردا وەستاون کە چاوەڕوان دەکرێت سەرجەم ژیانی سیاسی و ئیداری و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا پێی کاریگەر ببن، ئەویش بریتییە لە پرۆسەی وەرچەرخانی نەوەکان Generational Shift لە سەرکردایەتی سیاسی حزبەکاندا، بەتایبەتیش حزبە کاریگەر و دەسەڵاتدارەکان.

وەک ئاشکرایە، سیستەم و هەیکەلی تەنزیمی حزبەکانی باشوور، خاوەن مۆدێلێکی کاریزمییە، سەرکردەی حزب خاوەن پێگە و دەسەڵاتێکی کاریزمییە و لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا ئەندامان و سەرکردایەتی حزبەکان گومانیان لە پێگە و شەرعیەتی سەرکردەکانی خۆیان نەبووە. ئەمەش وایکردووە سەرۆک و ڕابەری حزب بە درێژایی تەمەنی لە پۆستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو سەرکردانەش هەڵگری تایبەتمەندی و خەسڵەتی مێژووییین و لە شاخ و شاردا وەک سەرکردە و ڕابەری نەتەوەیی چاویان لێکراوە. بەڵام فاکتەری تەمەن، هەڵکشانی تەمەن و پیربوون و مردن، وەک هێزێکی سەرووی توانای مرۆڤەکان دواجار حوکمی خۆی دەکات و گۆڕانکاریی تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێت، وەک پرۆسەیەکی حەتمی دەهێڵێتەوە.

پێگەی مێژوویی سەرکردەی ئەو حزبانە، بارودۆخی دروستبوون و بەهێزبوونی حزبەکان، پەیوەندیی حزبەکان لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا، سروشتی کاریزمایی سەرکردەکان و ئەو پرۆسە مێژووییەی کە حزبی وەک ئاکتەرێکی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ئیداریی هەرێمی کوردستاندا هێشتووەتەوە، وا دەکات گواستنەوەی نەوە لە سەرکردایەتی ئەو حزبانەدا پرۆسەیەکی ناوخۆیی و ڕوو لە ناوخۆی حزبەکان بێت و لە بازنەیەکی بچوکدا ڕووبدات و هیچ پەیوەندییەکی بە هێنانە پێشەوە و دروستبوون و دەرکەوتنی سەرکردەی گەنج و نەوەیەکی تازەی سیاسییەوە نەبێت کە کۆمەڵگا متمانەی پێ دەبەخشێت، وەک ئەوەی ئێستا لە وڵاتانی ئەورووپادا ڕوودەدات.

گواستنەوەی نەوە، لە سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستاندا، لە سیاسەتی باشووری کوردستاندا پرۆسەیەکی ناوەکی و بنەماڵەییە و بریتییە لە گواستنەوەی دەسەڵاتی باوک وەک سەرکردە و کاریزمای مێژوویی ئەو حزبە بۆ کوڕەکانی وەک جێنشین و درێژەپێدەر و پارێزەری میراتی سیاسی و حزبایەتی باوکیان. ئەم پرۆسەیەش هەروا بە ئاسانی شکڵ و شێوەی نەگرتووە و پەیوەندی بە بونیادی مێژوویی و سیاسی و کولتووریی کوردستانەوە هەیە و بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە حزبەکان لە بازنەی کەڵەکەکردن و هێشتنەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیاندا هەوڵی بۆ دەدەن، لەبەرامبەر ئەوانیشدا هیچ پرۆسەیەکی دژ یان جیاواز لەوەی کە ڕوودەدات نییە، یان هێزی وەستانەوەی نییە.

ئەوەی ئێستا لە چوارچێوەی گواستنەوەی نەوەکاندا ڕوودەدات لەنێوان باوک و کوڕەکانیان، سەرکردەکانی دوێنێ و سەرکردەکانی ئەمڕۆ، پرۆسەیەکی سروشتییە لەو کۆمەڵگایانەدا کە دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان لە ئێمە دەچێت، بەگشتیش هیچ دژایەتی و ناکۆکییەک لەگەڵ خواست و سەلیقەی کۆمەڵگاکە دروست ناکات، ئەوەندە نەبێت خەڵک ئاستی پشتگیرییان یان خۆشەویستییان یاخود چاوەڕوانییەکانیان بۆ سەرکردە تازەکان جیاوازە و تێکەڵەیەکە لە هیوا و چاوەڕوانی، ناڕەزاییەکی لاواز، ئومێد و نیگەرانی.

ئەوەی دەمێنێتەوە، خودی پرۆسەکە بە گشتی کاریگەری بۆ سەر ژیانی سیاسی و ئیداریی هەرێمی کوردستان دەبێت، سەرکردە تازەکان، جێگرەوەی باوکەکان، پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی کۆدەکانی یەکتر بخوێننەوە و لە یەکتری تێبگەن، چونکە ئەوان هەر بە تەنها دەسەڵاتیان بۆ بە میرات نەماوەتەوە، بەڵکو ناکۆکی و ناتەبایی دەیان ساڵەی باوکەکانیشیان لەگەڵ دەسەڵاتەکەدا وەرگرتووە و بەرپرسیارن لە ئیدارەدان و پێشخستنی ئەوەی تا ئێستا هەیە. سیاسەت و دیاردەی حزبایەتی لە باشووری کوردستان تەواو دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، خەڵکیش بەشێکیان بە ئومێدەوە و بەشێکیان بە نیگەرانییەوە دەڕواننە ئەوەی کە ڕوودەدات. بەڵام هیچیەک لەمانە ناتوانن ئەو ڕاستییە ڕەتبکەنەوە کە ناونیشانی دیاردەی حزبایەتی لە ئێستای باشووری کوردستاندا بریتییە لە گواستنەوەی نەوەکان (Generational Shift).



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# وەزیری ناوخۆ پەشیمان نەبێتەوە

یەکێک لە خۆشییەکانی سەردانی شاری هەولێر سواربوونی تەکسییە. نازانم لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش وایە یان نا، بەڵام شۆفێری تاکسی لە هەولێر مرۆڤی زۆر تایبەتن. هەم هۆشیارن و هەم سادە و راستگۆن. دانیشتووی شارن، بەڵام گەرموگوڕیی خەڵکی لادێیان تێدایە. بۆیە هەمیشە کە لە هەولێرم، هیچ دەرفەتێک لەدەستنادەم بۆ سواربوونی تاکسی.

هەفتەی رابردوو لە هەولێر بووم. بەپێچەوانەی جارەکانی رابردووەوە ئەمجارە شۆفێری تاکسییەکان زۆرتر باسی کێشەکانی کوردستانیان نەدەکرد و باس باسی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بوو بۆ ڕێکخستنەوەی ئیشی تاکسی. من سەرەتا هەواڵەکەم لە رووداوەوە بینی و وایتێگەیشتم کە هەمووان پێی دڵخۆشن. بۆیە کە کاردانەوەی کۆنە دادوەرێک و پەرلەمانتاری پێشووی گۆڕانم بینی ڕێگەی یاسایی دەدۆزییەوە بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە، هەستمکرد دیسان بەزمە چەندین ساڵەکەیە و دووبارە دەبێتەوە: "پارتی بڵێن ماست رەشە، ئێمە دەبێ بڵێین سپییە". بەڵام لە سلێمانیش گردبوونەوە کران و تایە سووتێنران و تەنانەت هەندێک کەس داواشیان لە وەزیری ناوخۆ دەکرد واز لە ئیشەکەی بهێنێت.

لەوکاتانەدا مرۆڤ لەخۆی دەپرسێت کە تۆبڵێی ئەوانەی ناڕازین هەقیان نەبێ و ئەو بڕیارەی دراوە هەڵە نەبێ؟ من وەڵامی ئەو پرسیارەم لە دوو شۆفێری تاکسی وەرگرت کە کارمەندی هێزە ئەمنییەکانن و دەبێ دەستبەرداری ئیشی تاکسی بن. ئەوان نیگەرانییەکەیان بەوشێوەیە بوو: "مانگانە هەشتسەد هەزار دینار وەک مووچە وەردەگرین. رۆژانە دەوامێکی چەند کاژێریمان هەیە و هەرکاتێک حەزبکەین و تاقەتمان هەبێ بۆخۆمان ئیشی تاکسی دەکەین و پارەی زیاترمان دێتە باخەڵ. کرێچین و مووچە بەتەنیا بەشمان ناکات. حەزیش ناکەین دوای دەوام ئیشی دیکەی قورس بکەین و ئیشی تاکسی لە هەمووی ئاسانترە". لەبەرامبەر ئەو راحەتتەڵەبییەی ئەو برادەرانەدا، ئەو کەسانەی سەرچاوەی بژێوییان تەنیا ئیشی تاکسییە و هیچ داهاتێکی دیکەیان نییە، لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژین و تاکسی هێندە زۆرن کە رۆژی وا هەیە تەنیا بیست هەزار دینار ئیش دەکەن. لەکۆتایی مانگیشدا ئەو ئیشە کەمە بەشی خەرجییە سەرەکییەکانیشیان ناکات. واتە چیرۆکەکە دروست ئەوەیە کە جەماعەتێک هەن لە میوانییەکدا ژەمێک نانیان خواردووە، کەچی هاتوون و بوونەتە شەریکی جەماعەتێکی دیکە کە نانیان نەخواردووە و خواردنێکی کەمیش لەسەر سفرەکەیە. کێشەکە ئەوەیە کە یەک ژەم خۆرەکان پێیان ئاساییە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە بەنگلادیشی و فلیپینی و عەرەب ئیشی قورس بکەن، بەڵام ئەوان خۆیان ماندوو نەکەن و نانی خەڵکی دیکە بخۆن یانیش ئەگەر ئیشی تاکسی هێندە باشە، واز لە دەوام و مووچە مانگانەکانیان بهێنن و تەنیا ئیشی تاکسی بکەن.

دەزانم هەندێک کەس دەڵێن لە وڵاتان کارمەندی دەوڵەت پێویستی بە ئیشی دیکە نییە، بەڵام ئەمە راست نییە. چونکە لە وڵاتان لە ماڵێکی گەورەدا ژن و پیاو ئیش دەکەن و دوو سەرچاوەی داهات هەن و باجی داهاتیش دەدەنە دەوڵەت. کەسیش بەتەمای مووچەیەکی پۆلیسی پێنج منداڵ بەسەرەوە دروست ناکات. بۆیە بەو دیوەدا رەخنەگرتن لە بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆ راست نییە، بەڵام نیگەرانبوون لەوەی کە ئەو بڕیارە دەرگا دەکاتەوە بۆئەوەی هەندێک کۆمپانیا نرخی تاکسی ببەنە سەرەوە و بەرپرسانیش لەپشتیان بن لەجێی خۆیدایە. بۆنموونە من لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بۆ دوو شوێنی دیکە کە تەنیا سێ کیلۆمەتر دوورن لە فڕۆکەخانەوە پەنجا دۆلاریان لێسەندم و دەشمزانی قۆڵیان بڕیوم، بەڵام هیچم پێنەدەکرا.

ئێمە هەمیشە سەری زمان و بنی زمانمان باسی چاکسازییە، بەڵام دروست وەک قسەکەی عەلی وەردی ئەوەی بە دەم دەمانەوێ بەکردەوە ئیشی پێناکەین. بۆیە پێمباشە وەزیری ناوخۆ لەژێر هیچ گوشارێکدا لەو بڕیارە پەشیمان نەبێتەوە و با یەکەم هەنگاوی نوێ بێت بۆ چاکسازی. بڕینی چەندین مایلەکەش هەر لەو هەنگاوی یەکەمەوە دەستپێکردووە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

## مەلیس: بە ناچاری بە زمانی تورکی قسە دەکەم



10

خاوەنی ئیمتیاز: تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحمود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی: بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | TEl: 07518110011 - 07518110013 | rudaw@rudaw.net

# کێشەی کەرێک دەگەیەنرێتە کونسوڵخانەی ئەمریکا

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

نوێنەری زەردەشتییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف داوا لە کونسوڵخانەی ئەمریکا دەکات کەرێکی بریندار لە کوردستان ببەنە ئەمریکا، کونسوڵخانەکەش داوای زانیاری لەسەر کەرە بریندارەکە دەکات.

ئاوات حوسامەدین، نوێنەری زەردەشتییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "چەند رۆژێک لەمەوبەر لە هەولێر ژنێک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی کەرێکی بریندار خاوەنەکەی دەریکردووە و منداڵ بەردی تێدەگرن و ئازاری دەدەن، داوای لێکردم بەهانایەوە بچم و چارەسەری بکەم، کە چوومە شوێنەکە بینیم لەسەر زەوی کەوتبوو منداڵ بەردیان تێدەگرت، پیکابێکم هێنا و لەگەڵ هاوڕێکانم لە رێکخراوی یەسنا بردمانە ڤێتەرنەری سلێمانی و چەند ڤێتەرنەریەکی دیکە، بەڵام گوتیان وەریناگرین".

سەبارەت بە نەخۆشیی کەرەکە، ئاوات گوتی: "بردمان بۆ لای پزیشکێکی ڤێتەرنەری لە تاسلوجە، ئەو گوتی پەلی نەشکاوە بەڵکو ئەوەندەیان لێداوە دەمارەکانی سینگی تەقیون و دەبێت چارەسەر وەربگرێ، ئەو پزیشکە هەموو شەوێک دەرزییەکی لێدەدات کە نرخەکەی 45 هەزار دینارە، بێجگە لە خەرجییەکانی دیکەش کە لە توانای مندا نییە، بۆیە ئێستا پزیشکەکە داوای پارەی دەرزی و چارەسەرەکانی دیکە دەکات".



> **ئاوات حوسامەددین:**
> **کونسوڵخانەی ئەمریکا داوای وێنەی کەرەکەی کردووە**

نوێنەری زەردەشتییەکان بێهیوا نەبووە لە بەدەستهێنانی سپۆنسەر و داوا دەکات کەرەکە ببەنە ئەمریکا، ئەو گوتی: "نامەیەکم بۆ کونسوڵی ئەمریکا نارد بۆ ئەوەی کەرەکە ببەنە ئەمریکا، خۆشبەختانە رۆژی 2019/2/10 پەیوەندیان پێوەکردم و داوایانکرد وێنەی کەرەکە و زانیارییەکانیان بۆ بنێرم، منیش بۆم ناردوون و چاوەڕێم وەڵامم بدەنەوە بیبەن بۆ ئەمریکا".

ئاوات حوسامەدین هانای بۆ سەرمایەدارانیش بردووە تاوەکو خەرجی چارەسەری کەرەکە لەئەستۆ بگرن، بەڵام وەکو ئەو دەڵێ، بلۆکیان کردووە: "بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم تاوەکو سپۆنسەرێکی بۆ پەیدا دەکەم یان کونسوڵخانەی ئەمریکا وەڵامم دەدەنەوە، کەرەکە ببەنە شوێنێکی پارێزراو و چارەسەری بکەن".

نوێنەرەکەی زەردەشتییان داوا دەکات ڤێتەرنەری سلێمانی دابخرێ، چونکە وەک خۆی دەڵێ: "ئەو شوێنە تەنیا بۆ پۆست و مووچە وەرگرتن دانراوە و هیچ ئاژەڵێک وەرناگرن".

# میریان خەریکی "چەینج لایف"ـە



**رووداو- هەولێر**

میریان تاهیر ئاغا، هاوەڵی دووەمی شاجوانی کوردستان، پرۆژەیەک بەناوی "چەینج لایف" رادەگەیەنێ بۆ یارمەتیدانی کەسانی بە تەمەن و منداڵانی بێسەرپەرشت.

میریان کە یەکێک بوو لە بەربژێرەکانی شاجوانی 2018ی کوردستان، چانسی گەورەی لە سۆشیال میدیا هەبوو، بە جۆرێک کە لە هەموو بەربژێرەکانی دیکە زیاتر لە رێگەی سۆشیال میدیاوە ناوبانگی پەیدا کرد. ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی "چەینج کەلەر" و "ئەلەرم".

میریان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی پرۆژەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: "دەستم بە پرۆژەیەک کردووە، بریتییە لە دانانی سندووقی کۆمەک و هاوکاری لە چوار شوێن لە شاری سلێمانی، هاووڵاتیان دەتوانن لە رێگەی ئەو سندووقەوە ئەوەندی حەزیان لێیە و دەتوانن کۆمەک و هاوکاری دابنێن".

گوتیشی: "منداڵانی بێسەرپەرشت، بەساڵاچووان، هەروەها هەر کەسێکی دیکە کە پێویستی بە کۆمەک و هاوکاری هەبێت، لەم پرۆژەیەی من سوودمەند دەبێ".

میریان کە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "چەینج کەڵەر" و "ئەلەرم" لە سۆشیالمیدیا بەناوبانگ بوو، دەڵێت ئێستاش ئەو وشەیە بەکاردێنێ "ئەوە نییە پرۆژەکەم لەژێر ناوی چەنیج لایف راگەیاندووە؟ من شانازی بەو وشەیە دەکەم".

10

# قوتابیان لە رواندز بە زەوق و رەشیق دەکرێن

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو – رواندز**

مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەیەکی رواندز رۆژانە وەرزشی بە کۆمەڵ دەکەن، ئینجا دەچنە هۆڵەکانی خوێندن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێت دەمانەوێ قوتابییەکان زەوقی خوێندنیان هەبێ و قەڵەویش نەبن.

گەیلان قادر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئامادەیی رواندزی زانستی کوڕان دەڵێت، تێبینییان کردبوو قوتابیەکانیان زۆر حەز و زەوقی خوێندنیان نییە، بۆیە بیریان لە وەرزشی بە کۆمەڵ کردەوە، رۆژانە بەر لە خوێندن لەگەڵ قوتابییەکان بۆ ماوەی 15 خولەک وەرزش دەکەن.



مامۆستا گەیلان بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە زۆربەی قوتابخانەکان تەنیا لایەنی دەروونی و پەروەردەیی لەبەرچاو گیراوە و زۆر بایەخ بە لایەنی جەستەیی نەدراوە، لە کاتێکدا دەبێ قوتابی لەڕووی جەستەشەوە ئامادە بکرێت بۆ خوێندن".

بێزەوقی و ساردوسڕیی قوتابیان بۆ خوێندن و قوتابخانە، بیرۆکەی وەرزشی بە کۆمەڵی لێکەوتەوە. مامۆستا گەیلان دەڵێ: "قوتابییەکان جگە لەوەی بەهۆی قەیرانەکانەوە دەروونێکی ئارامیان نییە، لە رووی جەستەشەوە بەرەو قەڵەوبوون و تەمبەڵی دەچن، جگە لەوەش ئێستا زۆربەی زۆری قوتابیان شەو بێدارن و هەشیانە تا بەیانی ناخەوێت، بۆیە کە دێنە قوتابخانە بێ زەوقن و تاقەتی قسەکردنیشیان نییە، کاتێ قوتابی بێ زەوق بوو، چۆن تاقەتی خوێندن و گوێگرتنی دەبێ؟ بۆیە بیرمان لە چارەسەرێک کردەوە کە قوتابیان لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادە بکرێن بەر لەچوونیان بۆ هۆڵەکانی خوێندن، ئەویش وەرزشکردنی بە کۆمەڵ بوو".

قوتابی و مامۆستاکان رۆژانە 15 خولەک لەگەڵ دەنگی مۆسیقا وەرزش دەکەن. هاوکار نەسرەدین مامۆستای وەرزشی قوتابخانەکە رۆژانە مەشق بە 164 قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەری قوتابخانەکە دەکات، ئەو لەبارەی وەرزشی بە کۆمەڵ دەڵێ "ئەم بیرۆکەیە زۆر لەجێگای خۆیدا بوو، کاتێ بینیم پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و تەواوی قوتابیان بە حەزەوە وەرزشەکە دەکەن و دەخوازن ئەو وەرزشکردنە بەردەوام بێ، ئێستا هەست دەکەم قوتابیەکانمان زۆر جیاوازن لەوەی پێشوو، ئەوەش ئێمەی دڵخۆش کردووە کە بیرۆکەکە بەرهەمی هەبوو".

